کەمال میراودەلی

# گۆران
# رۆمانسیزمی سروشت و جوانی

ناوی کتێب: گۆران– رۆمانسیزمی سروشت و جوانی

نوسینی: د. کەمال میراودەلی

وێنەی بەرگ:

# (1)
# سەرەتا ئیستاتیکییەکانی

# ئەزموونی لەدایکبوونی شیعری گۆران

مەسەلەی داهێنان لەمەسەلەی زمان جیاناکرێتەوە. بەبێ زمان داهێنان نیەو نابێ ونەدە بوو، زمانیش بەبێ ژیانی کۆمەڵایەتی (مرۆڤایەتی) ومەبەستی دەربڕین وگەیاندن وداڕشتنەوەو دروستکردنەوە، نەدەشیا بەوجۆرەی ئێستا لێی حاڵی بووین هەبێ و هەبوونەکەی بەردەوام بێ و هەمیشە لە پەرەسەندنیشدابێ.
زمانە مرۆڤی کردۆتە خاوەن پەیام، بۆی لواندوە (خواش) بدۆزێتەوەو بەناوو خەسڵەتی هەمەجۆر، بیکاتە حەقیقەتێکی ئایدیالی. زمانە بۆ مرۆڤی لواندووە دنیایەکی تایبەت بەخۆشی : دنیای دەنگ و سایکۆلۆژی وزانست وبیربنەخشێنێ. زمانیش، بەوخەسڵەتەی ئایدیالییەی هەیەتی ، بەو هەموو ئیحتیمالاتی بوون و دروستبوون وداڕشتنەی کە پێ بە پێی پێداویستیەکانی جیهانی بابەتی و پێوەندیە بێکۆتاییەکانی نێوان شت و دیاردەکان دەری دەخا زیاترخۆی بەدەست شاعیران و فەیلەسوفانەوە دەدا _ یان وردتر بڵێین ، شاعیران بۆیە شاعیرن و فەیەلسوفان بۆیە فەیلەسوفن و ڕۆماننووساون بۆیە ڕۆمان نووسن_ هتد، چونکە دەتوانن هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ زماندا بکەن و بیکەنە بۆتەیەکی لەباری ئەو هەموو خەون و خولیاو پرس و پڕاوانەی لە دونیای پڕ جوانی و خۆشی و خۆشەویستی و جەنگ و تاسەو ئازارو ئاواتدا– هتد، لەناو بیرو مێشکیاندا پەنگ دەخۆنەوە.

گۆرانی ئێمەش ، گۆرانی پەروەردەی کوردستانێکە ، کە هێشتا شوێنەواری یەکەم منداڵدانی کۆمەڵگەی مرۆڤی پێوەماوە ، کە هێشتا گوڵە کێویلە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆنی لە دایکبوونی یەکەمیان لێ دێت ، کە هێشتا گوڵە هێرۆکانی لەسەر بەردی ڕەق دەڕوێن ، ناودڵی دارەبەن و داربەڕووەکانی دەبنە هەناوی شانە هەنگوینی بەرەبەیانی مێژوو– بە کورتی وڵاتێک کە لە باڵەفڕێی باڵندەکانیدا، لە باعەباعی مێگەلەکانیدا ، لە پشکوتنی گوڵە بیبیلەی چاوی کۆرپەکانیدا، لە کشانی زەردەخۆری ئێوارە بەسەر لوتکە و یاڵە بەفرینەکانیدا ، لە هەڵڕژانی تاڤگە و قەڵبەزە سارد و سپیەکانیدا ، لە ئاوێتە بوونی ئاوازی سرووشت و دەنگ و سەدای پڕ ئاوازی کوردیدا ، هەموو بەرەبەیانییەک ، هەموو دەمە ئێوارەیەک ، هەموو کەژێک ، هەموو وەرزێک: دنیای جوانی، بێ سەرەتاو کۆتایی، بێ بن و بێ سنوور ، لەسەر هەر بستەخاکێکەوە تا دەگاتە ئاسمان ، لەهەر گۆشەیەکی ئاسمانەوە تادەگاتە زەوی، لەهەر لوتکەشاخێکەوە تا قوڵایی دۆڵەکان – بەخوڕ ، بەگوڕ ، بەگەرمی ، بەنەرمی، بەهێمنی، بەشێنەیی، بەسادەیی، بەژان و ژۆوە، یان بەسەما و هەڵپەرکێی سیحرییەوە، دەزێ و دەڕژێ، هەبوونی جادووگەرانەی خۆی بە مرۆڤی هەستدار پێشکەش دەکات، دەیکاتە شەیدایەکی سەوداسەری خۆی؛ بەتایبەتی ئەو مرۆڤەی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ، گوێ و دیدە و دڵ و دەروون بە تریفەی گەرمی ئەو جوانییە تەسەل دەبێ و لەناو مێشک و زەینیدا ، بانگەوازێک دەزێ، داوای دەربڕین دەکا ، شاییەک ڕیز دەبەستێ، داوای هەڵپەڕین دەکا!

پێوەندیی رۆحی گۆران، بە کوردستانەکەیەوە و دارشتنی ناوەوەی گۆران، گەشەی هەستی و رۆحیی ئەو، بە شنەبا و نمەباران و قەڵبەزەو پەلکەزێڕینەی ئەو جوانییە کوردستانییە ، بە ڕوونی و ڕەوانی ، لە هۆنراوەی کوردستان– دا خۆی دەنوێنێ؛

کوردستان؛ جێگامی جێی هەزارساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ وسەر لوتکە و یاڵەم!

هەناسەم تێر بۆنی بای کوێستانتە
دوو لێوم پاراوی بە فراوانتە

سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە
بە زەردی سەر بەفری ئێوارە وەختە.

گوێم فێرە بیستنی خورەی قەڵبەزە
لەو عاستەی ژوور بەفرە، داوێن گیای سەوزە.

زمانم پشکوتووی قسەی جوانتە
قسەی ناو گۆرانی شاخاکانتە

هی ناو چیرۆکی گوێ ئاگردانتە
هی ناو لایلایەی مناڵانتە

قوڵپێ با خوێنی ناو دەمارەکانم
بە زەبری عیشقی تۆ نەیدا نەزانم!

عەشقی تۆ ، ئەی دایکی خۆم و هاوخوێنم ،
هەر لە پشتی باوکا چووە هەوێنم

ئەشچێتە هەوێنی کورو کوڕەزا
تا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا!

ئەمە هەوێنی یەکەمە! عیشق، عیشقی یەکەم ، عیشقی کوردستانی، عیشقی خاک! کەسێ هەیە لەمە گەرمتر، بەهێزتر باسی ئەم عیشقەی کردبێ! ئایا قەد تۆ بیرت کردۆتەوە ، چ نهێنییەکە خوێنی ناو دەمارەکانت بێ پەروا ، جۆش دەخوا و قوڵپ دەدا؟ گۆران نهێنییەکە دەزانێ ، ئەوە عیشقی خاکە، عیشقی کوردستانە، عیشقی جوانی کوردستانە، هەر قوڵپێک خوێنی ناو دەمارەکانی بیدا بە زەبری دینامیکی ئەو عیشقە کوردستانییە یە! کە نەک تەنیا لە خاکەوە لە

جوانی بێ وێنەی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ ، بەڵکو عیشقێکی مێژووییشە، وەکو شاخەکان و درەختەکان  رەگ و دەماری قوڵیی هەیە، هەوێنێکی مێژووییە، هەوێنی هەوێتی کوردە، لە باوکەوە بۆ کوڕ، لە کوڕەوە بۆ کوڕەزا ، هاتووە و بەردەوام دەبێ تا تاقە کوردێک بە چیای بەرزەوە مابێ (ئاخ)!.

ئەم هەوێنی عەشقە! تەنیا جوانی و سروشت ناگرێتەوە ، بەڵکو جوانی زمانیشە ، هەوێنی زمانیشە لە چیرۆکی گوێ ئاگردان و لایلایەی دایکەوە، لە قسەی جوانی هاوزمانان و گورانی ناو شاخەکانەوە سەرچاوە دەگرێ! سەرەتاکانی هەست بە جوانی کردن و جوانی ناسی و سەرەتاکانی ئاشنابوونی گوێ بە زمان و زمان پشکوتن: ئەمە پرۆسەی ژیندە نین: پرۆسەی هونەر.

بەڵێ عیشقی کوردستانی، خۆشەویستی خاک و زمان و نەتەوە، هەوێنی یەکەمی شیعری گۆرانەو هۆکاری یەکەمە کە چۆنێتی لە دایکبوونی بەهرەی شیعری گۆران و چۆنێتی تەقینەوەی کۆتایی ئەو بەهرەیە لە پرۆژەی شیعری رەسەنی کوردیدا، دیاری دەکا. گۆران هەست دەکا ئەگەر چی وڵاتەکەی لە جوانی شارستانیەتی نوێ بێبەشە، ئەو جوانیە سروشتییەی هەیەتی بەشی ئەوەی تێدا بێ دڵە خۆشی پەروەرەکەی شاگەشکە بکات:

ئەگەر چی تۆ دووری لەم گشت جوانییە
جوانییەکی تر هەیە ، کوردستانییە

جوانییەک کە دەستی هونەری یەزدان
نەخشی کێشاوە ، نەک سەلیقەی فەننان!

جوانییەک: کۆن نابێ و هەرگیزا و هەرگیز،
زستان و بەهار و هاوین و پاییز:

جوانی شاخی سەخت و دۆڵی قووڵ و مەنگ ،
ملەی بەرز ، پلەی خز ، دەربەندانی تەنگ ،

مێرگی سەوز ، چەمی خوڕ ، دارستانی چڕ
دێی بناری دەشتی پەنا گردی خڕ

دەعبای ناو ئەشکەوت و ماسی گۆمی شین
باڵداری ڕەنگاوڕەنگ ، پەپولەی نەخشین.

بەڵێ! هەموو شتێ، هەموو رەنگێ، هەموو دەنگێ، هەموو لەرزەیەک، هەموو لەرەیەک، هەموو دیاردەیەک، هەموو زیندەوەرێک، هەموو بوونەوەرێک، هەموو جۆرە دەربڕین و دەرکەوتنێکی ژیان، لە سروشتی وڵاتەکەیدا، بەشێکە، پارچەیەکە بچووک یان گەورە لە یەکێتی یەکی گەورەتر کە " جوانی کوردستانی " پێک دێنێ.

ئەم جوانییە سروشتییەیە دەبێتە یەکەم ئیلهام بەخشی شیعری گۆران، دڵ و دەروونی پڕ دەکا لە هەست بە خۆشی ژیان و ئاسۆی پێشکەوتن لە بەردەم بیری فراوانیدا رادەخات.

هەڵبەتە پێویست ناکا ئەو حقیقەتەش دەربارەی شیعری گۆران دوو پاتە کەینەوە، کە لە پاڵ و وەکو بەشێکی جەوهەریی ئەم جوانییە کوردستانییە، جوانی سروشت، گۆران جوانی مرۆڤ، جوانی ژن بە شێوەیەکی بەرزتر و باڵاتری ئەو جوانییە دادەنێ و دەیکاتە سەرچاوەیەکی دیکەی بەهرە و خۆزگەی شیعری خۆی. جا بۆئەوەی شیعرێک دروست بکات، هاوتای ئەو جوانییە کوردستانیە بێت، خۆماڵی بێت، کوردستانی بێت، لەگەڵ تایبەتێتی کوردستان و دەنگ و ئاوازو سازی وشەی کوردیدا بگونجێ و هەستە ناسکە خۆکرد و سروشتکردەکانی لە ئاوازی خۆکرد و خۆسازدا داڕێژی، بۆن و نوزەی بێگانانی لێ نەیە، گۆران توشی دەردەشیعردەبێ، لە رزوتای بەهرەی شیعریی دایدەگرێ ، دەبێتە (شێتی شیعرو جوانیی) و باوەش بەهەر جۆرە دەرکەوتن و دەربڕینێکی جوانی و ناسکی و شیرینیدا دەکا هەرچەندە هێمن و خامۆش و پچووک ونائاسایی و– بۆ چاوو هەستی رەمەکی– نادیار و شاراوەش بێ.

من نازانم گۆران. چەند شەو و ڕۆژ. چەند مانگ و ساڵ بە دەست ژانی لەدایکبوونی شیعری رەسەنی کوردییەوە تلاوەتەوە!؟ من نازانم گۆران چەندان جار وەک شێت لەبەر خۆیەوە و لەگەڵ خۆیدا دواوە؟ لەگەڵ کێش و سەروادا کەوتۆتە کەوتۆتە سەوداو کێشە؟! بەڵام دەزانم لەبەرئەو خەسڵەتانەی زمان کە لە سەرەتاوە باسمان کردن: کە شیعرلە دایک دەبێ، کە وشەلە دوای وشە شانە وەک زەردەواڵە لە مێشکدا دەهاروژێ، من دەزانم ئەو کاتە: شاعیر خۆی وەک پێغەمبەرێک یان جادووگەرێک، یان شەیتان– دۆستێک، یان بەلای کەمەوە مرۆڤێکی خەستە یان نائاسایی دێتە پێش چاو– مرۆڤێک کە لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی بەسەرئەو خەسڵەتە بەرزەی زماندا دەڕوا، لەبەر ئەوەی توانیویەتی ئەسپی سەر کێشی زمان رام بکا ، خۆی بەخانەنشینی دنیایەکی لە دنیای ئاسایی دابڕاو ، دادەنێ. هەر لە کۆنەوە یۆنانیەکان فەلسەفەیان بە کۆرپەی سەرسامبوونی مرۆڤ بەرامبەر سروشت و گەردوون داناوە و شیعریان بە بەرهەمی سروش و ئیلهامی خوداکان (میوز) یان شەیتان ژماردووە.

ئەو بۆچوونەی کە گوایە شیعر لە سەرچاوەیەکی سوپەرناتوراڵیەوە سەرهەڵدەدا. بۆتە ئەفسانەیەکی باو و ئەنجامی هەستکردنی مرۆڤە بە دۆزینەوەی توانایەکی دەربڕینی بە هێز، توانای دروستکردنەوەی هۆشمەندانەو هەستدارانەی ژیان لە زماندا، کە تا کاتێکی دیاریکراو بە پەنهانی ماوەتەوە ولە لەحزەیەکی تایبەتیداناسنامەی خۆی نیشان داوە. توانای بەکارهێنانی زمان بۆ داڕشتنی دنیایەکی زاتی کە لە دنیای تایبەتی هەست و نەستی مرۆڤێکی دیاریکراو لەناو چوارچێوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی دیاریکراودا دەردەخا. گۆرانیش لەم ڕێبازە بەدەر نەبوو.

عیشقی کوردستانی و جوانی کوردستانی ئەو هەوەڵ هۆکارانە بوون کەپاڵیان پێوەنا، ئامێز بە دنیای هەست و نەست وخەیاڵ دا بکات، لە نزیکەوە ، زۆر لە نزیکەوە ، وەک لێدانی دڵی،

وەک چرپەی خوێنی ناو دەمارەکانی، وەک هەڵکشان و داکشانی هەناسەی و تێکەڵ بوونی لەگەڵ تارەکانی دەنگیدا ، هەست بە نزیکبوونەوەی یان ئاشنایەتی ، یان هەبوونی سرووشی شیعر یان خوای شیعر یان شەیتانی شیعر بکات!!

خۆشبەختانە ئەو ئەزمونە ئەم ژانە شیعرییە جادووییە بە وشەی روون و رەوان، بە شێوەیەکی درامی بەهێز، بەشێوەی پەخشان- نووسیی دەوڵەمەندی گۆران ، لە نامەیەکدا کە لە ڕۆژی 1932/4/4 بۆ پیرەمێردی ناردووە ، بۆمان ماوەتەوە- بەتایبەتی ئەم نامەیە دەوری (عشقی کوردستانیی) شاعیر لە تەجروبەی لەدایکبوونی شیعری رەسەنی کوردیدا روون دەکاتەوە!

***

(2)

## شیکردنەوەی نامەکەی گۆران بۆ پیرەمێرد

هەموو تازە شاعیرێک ، یان شاعیرێکی خاوەن ئەزمونێکی نویَ لە یەکەم تەقەلاکانیدا ، لە نێوان گومان لە خۆکردن و باوەڕ بە خۆبووندا گیر دەخوا. ئاخر هەموو لەدایکبوونێک کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. هەموو کۆرپەیەک دەبیَ ئەسڵ و ڕەسەنی هەبیَ، دایک وباوکی حەلاڵی! هەبن. ناوونیشانی هەبیَ، دەور و ئەرک و پەیامی کۆمەڵایەتی هەبیَ، رووی هەبیَ بچێتە ناو خەڵکەوە و چاوقایم و روو سوور بیَ جگە لەمانەش: پاشەڕۆی هەبیَ ، وەجاخ کوێریش نەبیَ!

لە دایکبوونی کۆرپەی شیعریش هەر ئاوایە! بەتایبەتی شاعیرانی ڕەسەن ، کەڵە شاعیران ، شاعیرانی (بۆ– شیعر– زاو) ، زێتر هەست بەمە دەکەن و پتر بە تەنگ ناو و ناوبانگی وەچە شیعرییەکانیانەوە دەبن. گۆرانیش لە کاتێکدا، ئاخری بە دیداری بەچەیەکی شیعری خۆی شاد دەبێت، کۆمەڵەگومانێک لە مێشکیدا گرد دەبنەوە. وەسوەسە و سام دایدەگریَ. بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی وەستایەکی شارەزای خاوەن تەما و تەجروبەی پێشین دەگەڕیَ.

خۆشبەختانە پیرەمێردی قەلەندەر لەوناوە دەبیَ. گۆرانیش بە خۆیدا رادەپەرمویَ، بۆ حاڵی بوون و دڵنیا بوون لە هەوێتی و ڕەسەنیی ئەو (جنۆکە) شیعرییەی بۆتە زادەی هەستی جوانپەرستی ئەو ، پەنای بۆ بەریَ، نامەی بۆ دەنووسیَ. نامەکە بەرزە و پڕ ماناو مەبەستە و شایانی شیکردنەوەیەکی تەواوە.

دەستپێکردنی نامەکە کلاسیکی و چاولێکەرانە نییە. نوێیە. سڵاو وسەلام و عەلەیک و ڕۆژباشی تیا نییە، لە قسەی زێدەو قەبەو قەڵب بێبەشە. نامەکەی خۆی هەوێتی شیعرێکی خەستە. ئەزموونی ژانە شیعر دەخاتە سەرشاشەی (شەفافی) زمان ، لە نزیکەوە هەستی پیَ دەکەی ، دەبێتە هاوسۆزی تەجرەبەکە. ئەم پارچە پەخشانە (نامە) یە لە چەند ناوکە بیرێک (تیمێک theme) پێکهاتووە ، هەر یەکە بەشێکی ئاخاوتنەکەی شاعیر پێک دێنیَ. وا لە خوارەوە لە تەک نوسینی دەقی نامەکەدا شییان دەکەینەوە.

بەشی یەکەم (بیرۆکەی یەکەم)

گۆران هەستی خۆی بەرامبەر ئەزموونە شیعرییەکەی، بەچە شیعرەکەی، بۆ پیرەمێرد دەردەخا. ژانە شیعرەکەی بۆ (مەلەکەی شیعر) دەگێڕێتەوە. خۆشی بە شەیدای (پەری شیعر) دەداتە قەڵەم. بەڵام ئەو گومانە دڵی داگرتووە داخوا ڕاستە ئەوە پەری شیعرە، واتە بوویەکە چاوەڕێی بەروبوومی چاکی لیَ دەکریَ یان (شەیتانێکە) خۆی لیَ کردۆتە پەری شیعرو ئەویش ناشیانە خۆی داوەتە دەستی.

**هەڵەبجە**

**1932/4/4**

**(ئوستادی محترم)**

**رەنگە لە بیریشتان چووبێت: هاوینی ڕابردوو لە دوکانی حەماغای عەطار بە ملاقاتێکی بچووکتان فیضی گەورەم چنگ کەوت، بەرامبەر بە مەلەکەی شیعرم، لە ضمنی تەشویقا متفائل دیار بوون. هەرچەندە ئەم التفاتەم حرفیا بە جدی وەرنەگرت، بەڵام چونکە لە شەخصییەتێکی صلاحیەتدارو تجربەدیدەی شیعرەوە صادر بوو بوو ، حاشا ناکەم قووەتێکی موثری بە هیوام بەخشی، ذاتا پێش ئەوەی مفتونی (پەری شیعر) بووم ، انجا بە هەموو اشتیهایەکەوە تێی الام کە هەر ساتە بە ڕەنگێک، لە شکڵی ئەودا دێتە پێش چاوم... حاصڵی چ او بێت، چ شەیتانێک لە شکڵی ئەوا بەرامبەر بە خوێنێکی زۆری جگەرم، دڵی نەرم بوو، چەند جارێک خۆی تەسلیم کردووم–**

لێرەدا پەری شیعر چەند جارێک خۆی تەسلیمی گۆران کردووە: واتە توانیویەتی بەری ئەو عیشقە بچنێتەوە، چەند هۆنراوەیەکی بۆ بێتە دونیاوە ، کۆرپەی شیعر، لە دایک ببێ.

**بیرۆکەی دووەم**

وەسفی گومان کردنیەتی لە هەندێ بەرهەمی و شاد بوونی بە کۆرپەیەکی نوێ و بەرهەمێکی شیعریی تازەی رەسەن کە موژدەی (ساغ بوونەوەی شیعری کوردی)

واتە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی نوێی شیعری کوردی دەداتێ. لە نامەکەیدا بەردەوام دەبێ و دەنوسێ:

**(بەری ئەم عیشقە ئاگرینە چەند ڕۆڵەیەکە ، هیچیان لە هیچیان ناچن و هەر یەکە و خوێنێکی جیاواز بە لە شیاندا دەگەڕێت، بعضێکیان دڵۆپێک چیە خوێنی کوردییان تیا نیە ، بەڵام کەم و زۆر جریانێکی پەری لەناو دەماریاندا هەیە ، بەعضێکیان بە عەکسەوە– لەم ڕۆژانەدا. لە دەمی خۆرکەوتنا، لەناو مەنظەرەیەکی جوانی بەهارا ، اخر بێچوومان هاتە دنیا ، بە خوێن ، بەکاڵا ، بەباڵا ، لە بێچکەی کورد ، لە ڕۆڵەی پەری ئەچوو... لە خۆشییانا وەختە بوو گەشکەم پێ بگات– نەختێک یان گەلێک لاواز بوو– مع ما فیە لاوازی لای من مطلب نەبوو– من طلسمی زک و زای شیعری ئەویست ، شیعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە)**

لێرەدا گۆران مەسەلەیەکی گرنگ دێنێتە ئاراوە ، رەسەنێتی و کوردێتی شیعرەکانی. ئەو هۆنراوەکانی بە (منالی پەری) دەچوێنێ ، ئەو منداڵانە ، ئەو چەند هۆنراوانەی تا ئەو وەختە نوسیونی. (خوێنی جیاوازیان بە لەشدا دەگەڕێت) واتە تەئسیری ئەدەبیاتی زمانانی بێگانەیان بەسەرەوەیە... بەڵام ڕۆژێ لە سایەی دیمەن و دەوروبەرێکی ڕۆمانسیدا (دەمی خۆرکەوتن و لەناو باخی بەهارا) کۆرپەیەکی عەنتیکەی دەبێ (واتە هۆنراوەیەکی نوێی جیاواز دەنوسێ) کە هەرچەندە رەنگە لەڕ و لاوازیش بێ (واتە وەک شیعرە شێوە عەرەبی و فارسیەکان قەبەو قەڵەو و زەلام نەبێ!!) هێشتا بەو بەرهەمە شاگەشکەیە، چونکە تەلسمی بوونی شیعری بۆ حەڵ دەکا ، دەرگای ڕازێکی گەورەی بۆ دەخاتە سەر پشت. شیعری ڕەسەن بەلای گۆرانەوە ئەوەیە ڕۆڵەی پەری بێ. واتە بەرهەمی سروشی شیعری ڕاستەقینە بێ، خوێنی کوردی بە دەماریدا بگەڕێ ، بەشێوە و ڕواڵەت و ناوک و ناوەڕۆک، شیعری کوردی بێت!! لێرەدا گۆران دەستنیشانی قۆناغی

گواستنەوەی شیعری کلاسیکی چاولێکەری شیعری عەرەبی و فارسی و عوسمانلی بۆ قۆناغی شیعری کوردی (شێوەی ڕۆمانسی) دەکا ، ڕوونی دەکاتەوە و لەو کاتەوە بەهرەی شیعری لا دروست بووە و بۆتە زاوای پەری شعر ، چەند کۆرپە شیعرێکی هەبوون ، بەڵام زۆریان بێگانە بوون، هەندێکیان دوور بوون، هەندێکیان دڵۆپەخوێنێکی کوردی چییە تیایاندا نەبووە. بەڵام لەم ئاخرو ئۆخرەدا کە نامەکەی بۆ پیرەمێرد نووسیوە: ئەو پەری- ڕۆڵەیەی بووە.

**بیرۆکەی سێیەم: غوربەتی شاعیر**

لێرەدایە شاعیری نوێخواز هەست دەکا پەیامی شاعیرانەی خۆی هێناوەتە دی- بۆتە پەیامبەری شیعری کوردی ڕەسەن لە خۆشیانا شاگەشکە دەبێ و ڕوو دەکاتە خەڵکی و وڵاتەکەی تا هەموویان وەک کورد، ئەو بێچووەی شیعرییە کوردیە بناسنەوە ، ئەمە بیری بەشی سێیەمی نامەکەیە.

بیری غوربەتی شیعرو شاعیرو هونەرمەند لە وڵاتێکدا ، لەناو نەتەوەکەیدا، کە خۆی خاوەنی خۆی نیە، زمان و کلتوور و فەرهەنگ و تەنانەت شێوە بیرکردنەوەی بێگانەی بەسەردا زاڵە- نرخی ڕۆڵە ڕەسەنەکانی خۆی نازانێ و ئاوارەو گۆشەنشین و ڕووت و ڕەجاڵ وبێکەسیان دەکا .
گۆران دەنووسێ:

**(تا بەشەوقی ئەم ئاوات و ئەحلامە شیرینەوە- کە لە پاش تاریکستانی (گومڕایی) وەک نووری ئیمان ڕۆحی لە ئەشکەنجە ئازاد کردم. کەوتمە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجە- بەتەما بووم شەهادەتنامەی جنسییەت ، بۆ ئەم جگەرگۆشە عزیزەم بە هەیئەتی ئیختیارییەی (وڵاتی خەیاڵ) تصدیق بکەم.**
**هەیهات- هەیئەتی ئیختیارییە بە جلی بێگانەوە نەبێ پەریزادە ناناسنەوە. وتیان: پۆیلانەی متنبی و معری عرب ، مجوهراتی حافزو سەعدی عجم ، متومورووی نفعی و باقی تورکی پێوە نییە- لەبەر ئەوە تبعی لە ڕەونەق و جاذیبەی جمال مەحرومە- ئەتوانین بڵێین ، هیچ وێنەیەکی لە پەری شیعرو خەیاڵ ناچێ!)**

ئە ئاوا سەربژاردەو زانای کۆمەڵەکەی خۆی، دەستەی شارەزای دنیای خەیاڵ، ناسنامەی شیعر بە کۆرپەی پەری گۆران ڕەوا نابینن، چونکە خۆیان گۆشکراو بارهێنراو و مێشک هەژاوی هونەری شیعری بێگانەن. لە کاتێکدا گۆرانی مەزن ئەو سەردەمەی وەک ئەوان شاگردی ئەدەبیاتی بێگانە بوو ، بە تاریکستانی گومڕایی ناو دەبا و سەرهەڵدانی تریفە شیعری شێوە کوردی بە نووری ئیمان دادەنێ ، نورێک کە گیانی لە ئەشکەنجە و ئازاری دوودڵی و گومان و ڕاراییی ڕزگار دەکا. جا ئەم دوو بیرو بۆ چوونە دژانە چۆن کۆ دەبنەوە؟!
گۆران چ چارێک بۆ ئەو گیرکارییە دەدۆزێتەوە؟!

**بیرۆکەی چوارەم: گومان و یەقین**

بیرۆکەی چوارەمی نامەکەی لێکدانەوەی خۆیەتی بۆ ئەو هەڵوێستە: ئایا (هەیئەتی ئیختیارییە) ی بێگانە ناس و بێگانە خواز، ڕاستن و لەسەر هەقن ؟ دەشێ ئەوان ڕاست بن. کەوایە ئەو خۆی دەبێ شێت و وڕ بێ و دەردێکی دەروونی هەبێ، یان شەیتان فریوی داوە و گومڕای کردووە:

**(هەروا سەرم سووڕما.. چەند جارێکی تر ، بەسکەی قەڵب و نارەواج ، بە دراوی بێگانە (اشهد بالله)م لەم ذاتانە کڕیوە- نازانم ئەوان سکەی ناساغن، یان من حقایق پێچەوانە وەرئەگرم؟ بەڵکو ئەوان معیب بن؟ بەشکو من لە ڕێگای ظلالت بم ، شەیتانێکی فاحیشە، بە عیشقێکی حەرام، بە عیشقێکی سەفیلی ملوث، اغوای کردبم؟! ئەفسوس!! عومری جوانیم خسار گیرا، لە پێناوی عیشقێکا، کە مایەی هەیکەلی موقەدەسی خاتیرەی حەرامزادەیەک دەرچوو !-)**

**بیری پێنجەم: سایەی پیرۆزی پیرەمێرد**

ئەنجامی لۆژیکی ئەم موجادەلە لەگەڵ خۆکردنەیە، دەرچوونە لە کێشەکەو گەیشتە بە هومێدی چارە لە بیابانی وەڵامدا، لە شێوەی گەیشتن بە دیداری پیرێکی نوورانی، قەلەندەرێکی کورد و کوردناس و کوردیی ناس: کە ئەویش پیرەمێردە. بەڕاستی وەسفی گۆران بۆ پیرەمێرد ترۆپکی وەسفی بەرزو بەهێزی گرتووەو لەناو چوارچێوەو ڕێڕەوی لۆژیکی بە دوایدا هاتنی بیرەکانیدا، پەخشانەکەی گەیاندۆتە کلایماکسی بەرزبوونەوەی ئاستی زمان. وشەی رازاوەی هەڵقوڵاوی ناخی دەروون، لە حەزرەت دیداری پیرەمێرددا ، بە تەواوی پێچەوانەی ئەو وشە نەخۆش و زەردانەن کە لە ئەنجامی قەزاوەتی نارەسەنانە (هەیشەتی ئیختییاریە) ی بێگانە پەرست و خۆنەناسدا، لە بیری چوارەمی پەخشانەکە دەردەکەون ، وەک وشەکانی:

سکەی قەڵب و نارەواج، دراوی بێگانە، حەقایقی پێچەوانەکراو، علتی نفسی، ڕێگای ضلالت ، شیطانی فاحیشە ، عیشق حرام، عیشقێکی سفیلی ملوث ، اغوا... لە دوای ئەم کۆمەڵە و شانەی لە ئەنجامی بەراوەژوو کردنەوەی حەقیقەتی ژیان و شیعر ومێژوو ، بە ناچاری ، لەسەر نووکی قەڵەمەکەیەوە دەکەونە خوار ، بەرامبەر بەم بیرە شێواوە، دژەبیرێک، ڕووناکە بیرێک، لە شێوەی دیداری درەخشانی وەستای شارەزا و کلتووری میراتی نەتەوە، پیری کۆنەساڵی پاسەوانی پەرێزو مەرز و پاوان و خەرمانی بیر و فۆلکلۆری کوردی، لە وێنەی پیرێکی خۆناس و مێژووناس و هونەرناسدا، خۆی دەردەخا... ئەم دیدارە ، ئارام و ئاسودەیی گیانیی گۆرانە و ئاسۆی هیوای هەلاتنی مزگێنییەکی مێژووییە کە بفەرموێ: دڵرەحەت بە گۆران ، ڕۆڵەکەت حەلاڵزادەیە، کوردێکی تۆخ و رەسەنە، پاشەڕۆژ ڕووناک ، وەجاخزادەیە!

بۆیە گۆران، بە کوڵ و دڵەوە، بەسۆزو پەرۆشێکی گەرم و گوڕەوە ، ئامێز بە دیداری پیری قەلەندەردا دەکا و ئەو وەسفە ڕۆمانسییە- ئەفسانەییە خۆی دەنوێنێ:

**(بە دەم ئەم چەشنە موجادەلەوە ، لەبەینی یەئس و تردد دا ، بیابانی خەیاڵم گرتەبەر، نازانم کەمم پشکنی؟ زۆرم پشکنی؟ ئەوەندە ئەزانم لە پڕ بەرامبەر بە مەنظەرەیەکی علوی حەپەسام- لە جێیخۆم هەروەک مێخ داچەقیم، لەسەر یاڵێکی بەرزی سەوز، پڕ گوڵاڵە، داوێن دارستانە، لەژێر سێبەری ڕەنگاوڕەنگی چەند پەڵە هەورێکی تەنک تەنکا، دەروێشێکی نوورانی بەرامبەر بە ڕۆژ وەستابوو ، پڕ بە دوکەڵەکەی بەردەمی کە چەمێکی گەورەی پێچ پێچۆکەی هاژەهاژ ،**

**بیائەکشا ، پەپولەی هەزار تەرحە ئەجریوایەوە ، هەزاران بێچووە پەری بە دەورووپشتیان هەڵفڕهەڵفڕیان بوو کە هەریەکە ئەوەندەی کۆترێکی تەقلەباز ئەبوون، بەڵام گەلێ جوانتر بوون ، ورشەورشی پەپولەیان گەلێ زیاتر بوو ، دەستی راستی ، عاسایەکی پرشنگاوی درێژی پێ گرتبوو، بە دەستی چەپیشی، دڵێکی لاوی خوێنگەرم پڕ نەبضی بە سنگی خۆیەوە نووساندبوو ، ریشێکی سپی سپی، سەر سنگی لەگەڵ بەشێکی زۆری دڵە جوانەکەی باوەشی داپۆشیبوو ، دەستی عاساکەی پێ هەڵتەکانم– بە هەراکردن ملم نا بۆ لای–** لەپاش زیارەتی داوێنی کەوڵەکەی بە خشوعێکەوە پرسیم:

**"" قوربان! بێ ئەدەبی نەبێ– ایوە کێن؟! بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە جوابی دامەوە: قەلەندەر– ناسیم. ئیتر حاجەت نەما بە پرسین: لە مەعنای عاسەکەی دەستی، دڵە تازەکەی باوەشی، راوەستانی لەناو مەنظەرەی شاعیرانەدا– گورج پەلی هەتیوە بەدبەختەکەمم گرت و فڕێم دایە بەرپێی– دەستم کرد بە باخەڵما سوورەتی شەهادەتنامەکەم دەرهێنا. کە امضا نەکرابوو. و تقدیمم کرد– بە سراڕێکی استرحام کارانەوە دەستم کرد بەلالانەوە:**

**" تو ئەم جێگا موقەدەسە! تو ئەو شیعارانەی بە هەر دوو دەست گرتووتن! هەرچی ڕاستە ئەوەم پێ بڵێ... ئەم هەتیوە حەلاڵزادەیە یان حەرامزادە ؟ ئەگەر حەلاڵزادەیە با نەجاتم بێت لە دەست ئەشکەنجەی وەسوەسە. ئەگەر حەرامزادەشە ، با بە جەرگی دایکە فاحیشەکەی بسوتێنم، زیندەبەچاڵی کەم!!– لەو حەلەوە بە ئاگری چاوەڕوانی ئەتوێمەوە– اخو کەی بێ حوکمی قطعی لە قەلەندەری محترم ببیەم ؟**

**(عبدللە**

**سلێمان)**
**هەڵەبجە**

***

ئەم وەسفەی گۆران بۆ پیرەمێرد ئەفسانەی خدری زیندەمان دەخاتەوە بیر، ئەمە بەڵگەی ئەو پایە مەزنەیە کە پیرەمێرد لای گۆران هەیبووە لە لایەکەوەو بەڵگەی ئەو شوێنە گەورەو مەزنەشە کە شیعر لە ژیان و بوونی گۆراندا داگیری کردووە ، بە تایبەتی خولیای هونەری شیعر ، شیعری نوێ ، شیعری ڕەسەن ، شیعری کوردی ڕاستەقینە.

چ ڕازێکە گۆرانی وەها کردۆتە بابایەکی دڵ پڕ عەزاب کە هەموو خۆشی و خۆشەویستییەکی گیانی بە کۆڕپە شیعری ڕەسەن بەخشیوە ؟ ئەمە مەسەلەیەکی ترە ، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆشی گەرەکە...

(3)

# سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا

**1- سەرەتایەک:**

هەر لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد لە سەر رووی زەوی ، سروشت یان گەردوون وەکو پرسیارێکی قورس و ئاڵۆز خۆی خستۆتە بەردەم هۆش و لێکدانەوەی. هەر لەو کاتەوە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان سرووشت و مرۆڤدا درووست بووە:

واتە کارکردنی ئادەمیزاد لە سروشت و کارکردنی سروشت لە ئادەمیزاد. هەرچۆنێ بێ لە سەرەتاوە مرۆڤ هەوڵی داوە لە سروشت بگاو نهێنیەکانی لێک بداتەوە و ئەو تەفسیرکردن و لێکدانەوەیەش لەم ڕێگایەوە بووە:

1- بەدیکرن و هەستکردن بە بزوتنەوەو فینۆمیناکانی سروشت لە ڕێگەی حەواسەوە.

2- هەوڵدان بۆ تەفسیرکردنی ئەو شتانەی دەیانبینێ و هەستیان پێ دەکا لە ڕێگەی پێ چوواندن. تشبیە- و بەراوردکردن و تاقیکردنەوەو لێکدانەوەی خەیاڵی و غەیبی. کە دروستبوونی ئەفسانە ئاکامی ئەمەی دواییانە.

بەم جۆرە دەبینین کە گریکەکان یۆنانی کۆن. دوو نهێنیيان لە سرووستدا بەدی دەکرد:
یەکەم : سروشت ولە بزوتنەوە و جموجوڵێکی بێ وەستاندایە.
دووەم : ئەم بزوتنەوە و جموجوڵە هەروا ڕەمەکی نییە ، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێک و پێکە "نیزام"ی تێدا هەیە- بۆیە بەلای ئەوانەوە ئەگەر بزوتنەوەکە نیشانەی بوونی زیندویەتی واتە بوونی گیان (ڕۆح) بێت. ئەوا ڕێکی و نیزامەکەش نیشانەی بوونی. عاقڵێتی. واتە هۆش وعەقڵە.
کەواتە سروشت بەلای یۆنانیەکانەوە ئۆرگانیزمێکە لە خۆیەوە زیندووە و (هۆشێک) لەناو خۆیدا هەیە کە بزوتنەوەکانی ڕێک دەخات.
ئەم بۆچوونەی ئەوانیش لەسەر ئەساسی بەراورد کردن لە نێوان سروشت و مرۆڤدا بوو. ئەوان سەیریان دەکرد کە مرۆڤ لە خۆیەوە دەجولێ و دەڕوا و هەرچی بیەوێ دەیکات و عەقڵ و هۆشیشی هەیە کە ئەو بزوتنەوەو کردارانەی بۆ ڕێکدەخات و بە ڕێی ڕاستیاندا دەبات:
کەواتە دەیان ووت- دەبێ سروشتیش هەر بەم جۆرە بێت. بەڵام ئەم بیروڕایە لە چەرخی ڕێنیسانس لەلای کۆپڕ نیکۆس(1473 –1543 ) وتیلیسۆ (1508 –1588 )وبرونۆ(1548 – 1600 ) هتد. درایە دواوە.
ئەوان باوەڕیان وا بوو کە سروشت ئۆرگانیزم نییە- تەنانەت- بەلای ئەوانەوە- سروست خۆی لە خۆیدا توانستی بزوتنەوەی نییە، بەڵکو سروشت مەکینەیەکە، بە هەموو مانای وشە، چەند بەشێکی لەشی بە یەکەوە کۆکراوە و ڕیکخراون کە خراونەتە ئیش بەهۆی مێشکێکی زیرەکەوە- کە لەدەرەوەی خۆیدایە- واتە خوا. بۆ مەبەستێکی دیاریکراو- کەواتە ئەوانیش عەقڵانیەتێکیان لە سروشتا دەبینی ، بەڵام لە کاتێکدا ئەم عەقڵە لای گریکەکان لە سروشت خۆیدایە ، لای ئەمان ئافەریدەکەرێک- خوایەکی پیرۆزو دەسەڵات ڕۆیشتوو هەیە کە دەیداتێ- ئەم جیاوازیە گەورەش شتێکی سەیر نیە چونکە لە کاتێکدا لە سەردەمی یۆنانیەکاندا (مەکینە) نەبوو وە لێکدانەوەی سروشت بەپێی بەراوردکردنی نێوان ئادەمیزادو سروشت بوو- لە سەردەمی ڕێنیسانس ، لەسەدەی شازدەهەم و پەیدا بوونی شۆڕشی پیشەسازی- مەکینە دروست بوو- وەفەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە سەیریان دەکردکە هەر یەکێک لەو مەکینانە بە ڕێک و پێکی ئیش دەکەن و دروستکەرێکیان هەیە- سەعات سەعاتچی دروستی دەکات- ئاش ئاشەوان دەیگێڕێ ، کەواتە دەبێ ئەم سروشتەش خوایەک هەبێ بەڕێوەی بەرێت (1).
لەسەدەی هەژدەهەمدا گەلێک باس و لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەربارەی بیری گۆران و پەرەسەندن چ لە مێژووی کۆمەڵی ئینساندا و چ لە سرووشتدا هاتنە گۆڕێ کە لەمەش فەیلەسوف و زاناکانی پاڵ پێوەنا بۆ گرنگیدا بە لێکدانەوەی سروشت بە پێی تیۆری گۆڕان و پەرەسەندن کە داروین(1744 –1768) لە کتێبی (بنەڕەتی توخمەکان)دا بناغەی چەسپاند.هەنگاوێکی زۆر گەورەی تر کەنرا بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی سروشت داهێنانی تیۆری (ماتریالیزمی مێژوویی) وە (ماتریالیزمی دیالێکتیک) بوو لە لایە ن مارکس وئینگلزەوە وەکو فەلسەفەیەکی زانستی نوێ بۆ تەفسیرکردنی سروشت وگەردوون وپەیوەندیە کۆمەڵییەکانی مرۆڤ بەرامبەر سروشت و ئەو ڕێبازای گرتوویەتی لە هەڵسوکەوت کردن لە گەڵیا، کە لە هەموو قۆناغەکاندا واقیعی ئادەمیزاد خۆی دیاریکردوون.
خۆ گەر فەیلەسوف وزاناکان بەجێ بێڵین وبگوێزینەوە بۆ جیهانی شیعرو ئەدەب، ئەوە هەرئەم هەڵوێستە بەرەنگارمان دەبێت لە هەوڵدانی شاعیردا بۆ وەدەستهێنانی لێکدانەوە و تەفسیرێک

بۆ سروشت و لەو میتۆدەشدا کە ڕەچاوی کردووە:- کە بریتیە لە بەراوردکردن لە نێوان خۆی و دەوروبەرەکەی لەلایەکەوە و سروشت لەلایەکی ترەوە. بەڵام هەندێ جیاوازی گرنگ هەن کە ئەمانەن: لە کاتێکدا کە فەیلەسوف و زاناکان بەدوای تەفسیلات و تەفسیراتدا دەگەڕێن و دەیانەوێ زۆر زانیاری بخەنە سەر یەک لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنی ئەو زانیاریانەدا بگەنە یاسایەکی هەمیشەیی باوەڕپێکراو و دروست بۆ تەفسیرکردنی سروشت و فینۆمیناکانی ، ئەوا شاعیر بە دوای شتە ورد و نهێنیەکاندا دەگەڕێ و تەفسیلاتەکان پشگوێ دەخات- و شاعیر لە پەنجەرەی خەیاڵ و عاتیفە و بیری خۆیەوە دەڕوانێ و- ڕاستی و ناڕاستی- بە مەفهومە زانستییەکەیان گەرەک نییە- ئەوەی بە لایەوە گرنگە ئەوەی بگاتە حەقیقەتێک بۆ لێکدانەوەی ئەو کاتەی تێیدایە، یان ئەو لە حزەی تاقیکردنەوەکەی- نەک لێکدانەوەی هەمیشەیی- بۆیە سەیر نیە کە ببینین هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر تاکە شتێک یا تاکە دیمەنێک لە چەند تاقیکردنەوە و کاتی جیاجیادا ، شێوە و ڕێبازی جیاواز وەربگرێ- بەڵام لە کاتێکدا لای فەیلەسوفەکان و زاناکان گەیشتن بە هەر حەقیقەتێکی تازەی ڕاستتر لەوانەی پێشوو- ئەوەی لای شاعیران وانیە- چونکە ئەوەی گرنگە بەلای شاعیرەوە هونەرەکەیە- واتە شیعرەکە- دەربڕینی تاقیکردنەوەکە، حەقیقەتەکە، بە شێوەیەکی هونەری دڵگیرو سەرکەوتوو ، نەک حەقیقەتەکە خۆی لە خۆیدا. هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەدەبەوە سروشت بۆتە کەرەسەی شیعر و ئەدەبیات. ئەوەی ڕاستی بێت مەبەستی سەرەکی ئەفسانە کۆنەکانی هەموو گەلان لیکدانەوەو تەفسیر کردنی سروشت و فینومیناکانێتی. تەنانەت یۆنان- یەکان هونەریان بە لاسایی کردنەوەی سروشت داناوە.

بە پێی سەردەم و بە پێی چۆنێتی ژیان و بیرکردنەوە و حاڵەتی نەفسی شاعیر لەو لەحزەیەدا کە شیعرەکی نووسیوە، یا تاقیکردنەوەکەی بینیوە: هەڵس و کەوتی شاعیر لەگەڵ سروشتدا گۆڕاوەو- لە ڕووی زمانی ئەدەبیەوە سروشت سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی گەلێک دیمەن و ڕوخساری ئەدەبی ڕەنگاو ڕەنگ بووە- ئەدەبی عیبری کۆن- بۆ نموونە پڕە لە ڕەمزی سروشتی و شاعیرەکانیان زۆر بە زیرەکی و دڵسۆزی سروشتیان بەکار هێناوە. سروشت بۆ ئەوان وەک ڕەخنە گرێک دەڵێ: گۆڤاری ڕەمز بووە (2 ).

هەروەها تەشبیهەکانی هۆمیرۆس کە لە سروشت وەرگیراون، زۆر بەناوبانگن، ئەدەبی ئینگلیزی وفارسی و عەرەبی و کوردی و- ئەدەبی زۆر گەلانی تریش هەر لە سەرەتای بوونیانەوە سروشت بووەتە ناوەڕۆکی زۆر پارچەی ئەدەبی بەرز تیایاندا. چواندنی شەو بە خەم و ژان و ، پاییز بە تەمەنی پیریێتی و ناخۆشحاڵی، بەهار بە سەردەمی گەنجێتی یا خۆشی و کامەرانی- و بەراورد کردنی تەمەنی گوڵ لەگەڵ تەمەنی لاوێتی ئادەمیزاد و چواندنی پرچی ڕەشی ئافرەت بە شەو و پرچی زەرد بە هەتاو- ڕوومەتی بە گوڵ و چاووبرۆی بە تیروکەوان و زۆری تری لەم جۆرە پێ چواندنانە لە ئەدەبی هەموو گەلاندا و لە سەردەمی جیاجیادا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام لە ڕووی لێکدانەوە و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ سروشتدا وەکو ناوەڕۆکێکی شیعری ئەوە- وەک وتم- بە پێی سەردەم و ، بە پێی بیروباوەڕ و مێژووی ژیانی تایبەتی شاعیرەکان جیاوازی تیادا پەیدا دەبێت.

لەلای کلاسیکیەکان سروشت بە نمونەی جێگیربوون و چەسپاوی هەمیشەیی دادەنرا- لەلای ئەوان جیهان گەیشتبووە قۆناغی جێگیربوون و پاشاکان نوێنەرو سێبەری خوا بوون لەسەر

زەوی و هەر گۆڕانێک بەرپا ببایە– دژی ئەو بارەی کە هەبوو– بە پێچەوانەی یاساکانی سروشت– واتە یاسای جێگیری و سابیت بوون. دادەنرا – بۆ وێنە لە چیرۆکی شانۆیی – ماکبیث– ی شکسپیردا – کاتێ ماکبیث. دانکانی. پاشا دەکوژێ– (وەکو نارەزاییەک دژی ئەو کردارە دژ بە سروشتە)، گۆڕانێکی گەورەش لە سروشتدا دەست پێ دەکات و باو بۆران بە شێوەیەکی سەیر دروست دەبێت. تەنانەت حاڵ دەگاتە ئەو رادەیەی کە ئەسپ ئەسپ دەخوات!!(3) چونکە ئەو کارەی ماکبیت شازەو بە پێچەوانەی یاسای سروشتەوەیە– لە سەردەمیی بزوتنەوەی رۆمانسیشا، شاعیرە رۆمانسییەکان وەکو پەناگەیەک سەیری سروشتیان دەکرد کە لە دەست ناکۆکیەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری پیشەسازی ئەوروپا بۆی هەڵدەهاتن و خەونەکانیان لەوێ بنیات دەنا– جگە لەوەی کە هەر یەکەیان چەشنە هەڵس و کەوت کردنێکی جیای لەگەڵدا هەبوو.

(بایرۆن) لە دەست کۆمەڵی ئادەمیزاد و هەراو هوریای شار هەڵدەهات و پەنای دەبردە بەر چیا... بەر دنیای سروشت کە بەلای ئەوەوە دنیای سادەیی و ئاساییشە و عینایەتی ئیلاهی لە ئەزەلەوە ئافەریدەی کردووە. خۆشەویستی(کیتس) یش بۆ سروشت خۆشەویستیەکی هەستی بوو، تەنها لە پێناوی– جوانیەکەی و بەس– جوانی کێڵگەو دارستان و ئاسمان و دەریا– لەلای(شیلی)ش سروشت رەمزی دۆستایەتی و بایەخی رۆحیە– بەلای ئەوەوە سروشت دیارخستنێکی ئەفسانەیی ئەو رۆحە ئەبەدیەیە کە لە ئەودا هەموو حاڵەتەکانی ژیان یەکن– لەلای(وردزوێرث) سروشت سەرچاوەیەکی هەمیشەیی بەختەوەرییەکی لە بن نەهاتووە:

دڵم هەڵدەپەڕێ کاتێ کۆڵکەزێرینە بە ئاسمانەوە دەبینم
من وەها بووم کاتێ ژیانم دەستی پێ کرد ،
ئێستا کە بوومە پیاو هەر وام ،
هەرواش دەمێنمەوە بام پیریش بم ،
یان با بمرم.

خۆشەویستی(وردزوێرث) بۆ سروشت گەیشتۆتە ئاستی پەرستن. سروشت بەلای ئەوەوە (دایکە، هاورێ یە، سەرچاوەی هەموو بیرێکی پاکە– پاسەوانی دڵە– گیانە بۆ لەشە مادییەکەی مرۆڤ. وردزوێرث: دەنگی مناڵی خۆی ، دەنگی هەموو خۆشییەک– تەنانەت دەنگی ئازارو ژانی مرۆڤایەتیش لە سروشتدا دەبیستێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین لای(تینیسۆن) کە لە سەردەمێکی دواتردا ژیاوە– سروشت بوویەکی دڵرەقە – خێروچاکەی ئادەمیزادی گەرەک نیە– ئەو سروشت بە (ددانی سوور و چەنگ و نینۆکی نێچیرگر) ە وە دەبینێ ... لەلایەنی هونەریشەوە بەتایبەتی لە چیرۆکدا سروشت زۆر بە زۆری کراوە بە زەمینە Setting یەکە کە رووداوە ئینسانیەکان لە سەریا روودەدەن– یان کراوەتە قاڵبێک بۆ بەخۆگرتنی سۆز و عاتیفە و ئینفیعالاتەکانی مرۆڤ و کەڵک وەرگرتن لە فینۆمیناکانی– باو– لافاو– هتد– وەکوو رەمز.

2– گۆران و جوانی:

بەلای منەوە ناتوانن باسی هەڵویستی گۆران بەرامبەر سروشت بکەین و بە وردی تێی بگەین ئەگەر لە پێشەوە نەزانین بۆچی گۆران ئەم پەیوەندیە بەتینەی لەگەڵ سروشتدا بەستووە– گۆران خۆی وەڵامێکی پەنهانمان دەداتێ و دەڵێ: لە پێناوی جوانیدا، واتە ئەو بۆچنینەوەی جوانی ئاوارەی دەشت و کەژو کێوەکان بووە، ئا ئەوەتا سەیری کەن هێشتاکە شەوە، سپێدەی بەربەیان شوناسنامەی خۆی نیشانی سروشت نەداوە– کەچی ئەم (گۆران) ە، ئەم شێتە ملی ناوەتە سەحرا لە جوانی دەگەڕێ:

بۆ سەیری جەمالکردنی دنیای بەیانی
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا..
وەک شێت .. بەڵام شێتی شیعر .. شێتی جوانی..

بەڵێ ، شێتی شیعرو جوانیە – شیعرو جوانی: ئەو دوو جیهانە ئەفسوناوییە کە لە تەرازووی (شێتی وشەیدایی) شاعیردا بەرامبەر یەک رادەوەستن و هەر یەکێکیان دەشێ ببێتە جێگری ئەویتریان– بەڵام پرسیارەکە بەرببنگمان پێدەگرێ ؛ ئەو جوانیە چیە کە شاعیر بۆی شێت بووە؟ چ ڕەنگە ؟ کوێندەری یە ؟ ئایا گۆران تێگەیشتنێکی روون و دیاریکراوی دەربارەی هەیە ؟ – بێگومان : نەء– جوانی لای گۆران هەست و کوڵێکی شاراوەو ئاڵۆزکاوە کە پاڵی پێوە دەنێ بۆ گەڕان و ویڵبوون لە دووی شتێک کە گڕی گیانی تینووی پێ دابمرکێنێتەوە – هەستێکی پڕ رازو نادیارە هەر وەک ئەو چەشنە هەستەی کە جارجارە خۆی بەسەر شاعیردا دەسەپێنێ و (زەنگی زوویری) لە دەروونیدا دەخاتە لێدان ، ئەو هەستەی کە خۆی دەڵێ ( لە جۆرە مەستیەک ئەچێ ، ئەگەر ماوەیەکی نەختێک درێژ خۆمی لێ بشارمەوە گیانم ئەکەوێتە بەیاییەکی بەکوڵ بۆی) (4 )– یان با سەرنج بدەین گۆران چۆن باسی تاقیکردنەوەکەی خۆی لەگەڵ جوانی ئافرەت– جوانی قژی زەردو شان و گەردنی رووت و پێستی سپی و دەم و لێوی وەک گوڵ و لەنجەو لارو نەغمەی دەنگ و شەرم و ناز دەکات:

ئەمانەم گشت لا جوان بووە و لا جوانە
بەڵام هەرگیز تەنها جوانی ئەمانە
بۆی نەشکانووم تینوێتی و ئارەزووی دڵ
هەر گەڕاوە مەلی برسیم چڵاو چڵ
لەهەچ باخێک گوڵێکی سوورم دیبێ
بۆی چووم هەزار درک لەپێم چەقیبێ
ئەمجا ئیتر کەوتوومە تە بەیایی
بۆ جوانێکی تری پێش ئاشنایی
جوانەی تریش هەر وەکو ئەم جوانانە
نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیانە..

گۆران خۆی تێر نەبوون و قنیات نەهاتی لە جوانی ئافرەت بەوە لێکدەداتەوە کە ئەو جوانانە (دڵیان تاریک) بووە- واتە تەنها جوانی روویان هەبووەو جوانی رۆحی تیا شک نەبردوون- بەهەرحاڵ گۆران هەقیەتی کە ئاوا ڕاڕا بێت و دەربارەی جوانی نەگاتە بڕیارێکی کۆتایی.

جوانی: دیارە هەر وەکو ئای- ئەی- ڕیتشاردز لە کتێبە بەنرخەکەی دا (سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی) ڕوونی کردۆتەوە: خاسیەتێک نیە کەلەناو شت خۆیدا هەبێت- وەک سیفەتێکی موتڵەقی ئەو شتانەیە کە پێیان دەڵێن جوان بەڵکو بریتیەلە کار کردنی ئەو شتانە لە مێشکی ئێمە- لەو سۆز و هەڵچوونە دەروونییەی ئێمە بەرامبەریان دەری دەبڕن) جا چۆنێتی ڕادەی ئەو هاوهەستی و سۆزەی ئێمەش لە پێشەوە پەیوەندی بە نەفسیەت و کەسایەتی و جۆری بیرکردنەوەو- رابردووی ژیانی خۆمانەوە هەیە ، وە لەپلەی دووەمیشدا : بەو خاسیەتانەی کە لەو شتانەدا هەن و لەگەڵ ئارەزووی ئێمەشدا دەگونجێن- بەم جۆرە دەبینین زۆر شت لەلاوە دەور دەبینین لە بڕیاری جوانی و ناجوانی شتدا. وەک ئەوەی کە لە ڕوانگەی(کەڵک بەخشینەوە) سەیری جوانی بکرێ- وەک شتێک کە سوودت پێ بگەیەنێ جوانە - ئەگینا جوان نیە- و ئەوەی ڕاستیش بێت هەر ئەم لایەنە- لایەنی کەڵکداری- نفعیە- بە زۆری بەسەر چەمکی مێژوویی جوانیدا زاڵ بووە- بۆیەکا دەبینین کەهەر چین و دەستەو- قۆناغێک پێوانەیەکی تایبەتی و جیای هەیە بۆ جوانی لە چین و دەستەو. قۆناغێکی مێژوویی تر.

لەمەوە هەموو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە جوانی نیسبیە- شایانی گۆڕانەو خاسیەتێکی چەسپاوی شت نیە- چەمکی جوانی زۆر بڵاو و بەرینە و شتێکی سنووردارو خاسیەتێکی فیزەیکی نیە وەک قەوارە: تا بڵێین: ئەم شتە بچووکە یان گەورەیە- یان وەک ڕەنگ: کە بڵێین- سوورە یان شینە- بەڵکو جوانی پەل بۆ زۆر شت دەهاوێ- بەپێی بیرکردنەوە و بۆچوونی ئادەمیزاد خۆی- بۆهەموو خاسیەتێکی ماددی و مەعنەوی کە (وەک گوتم) کاردەکاتە سەر مێشکمان و هەڵوێستێک لەلامان دەخولقێنێ. بەم جۆرە سەرنج دەدەین : ناسکی و تەڕو تازەیی و ڕەنگاو ڕەنگی گوڵ جوانییە - ڕێکی و شۆخی و ڕەوشت شیرینی ئافرەت : جوانییە ، شینی و بەرینی ئاسمان جوانییە- جوانی : خێرە- چاکەیە- برایەتییە- خۆشەویستییە- مرۆڤایەتییە- هتد. وە هەوڵدانی شاعیریش . هەر شاعیرێک بۆ گەیشتن بە جوانی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە هەموو ئەوانەی وتمان. واتە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت- حەقیقەتی ژیان و بوون- ئەوەی ڕاستی بێت جوانی لای شاعیر: حەقیقەت خۆیەتی- حەقیقەتێکی ئنسانی نەمر.

کەواتە تینوێتی گۆرانی ئێمەش بۆ جوانی، تینوێتییە بۆدۆزینەوەی حەقیقەتی ژیان و دەوری ئادەمیزاد تیایدا- وە بۆ گەیشتن بەم جوانییە. حەقیقەتە ، قۆناغ بە قۆناغ ، بە پێی بەرەو پێش چوونی فیکری و تەمەنی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ ، لە سەرەتاوە ڕوو دەکاتە سرووشت و ، سرووشت بە تێکرایی بەلای ئەوەوە( سروشتی جوانە) (6) کە هەنگاوێکی تری ڕۆمانسی- یانەی مرۆڤپەروەرانە بۆ پێشەوە دەنێت، ئەم (جوانیەحەقیقەتە) لە ئافرەتدا ئەدۆزێتەوە- کەزیاتر تێکەڵی خەڵکی وڵاتەکەی دەبێت و ئازارەکانیان تێدەگات و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت و ڕیالیستانە دەڕوانێتە ژیان : ئەم جوایە لە سەربەستی گەلەکەی و پێشکەوتنی وڵاتەکەی و لە نووری شارستانێتی نوێدا دەدۆزێتەوە- کاتێکیش کە هەنگاوی گەورەتر دەهاوێت و ئاگاداری دنیا دەبێت و دەبێتە شاگردی ئایدۆلۆژیەتێکی مرۆڤ پەروەرانەی پێشکەوتنخواز دەگاتە جوانی هەرە ڕاستەقینە:

لەبەختەوەری مرۆڤایەتیدا. لەنان و ئازادی و ئاشتی و برایەتی گەلان و نەمانی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و: خەباتکردن لە پێناوی ئەم ئامانجە بەرزانەدا...
لەم باسەدا بە درێژی لە تاقیکردنەوەکەی گۆرانی نەمر لەگەڵ سروشتدا دەدوێین.

### 3 – گۆران.. سروشت.. هەڵوێست:

بە شێکی زۆری هۆنراوە کانی گۆران، بۆ سروشت گوتراون– سروشتی جوان– سروشتی ڕازاوە– سروشت لە کەژی بۆکێنیدا– یا لە کەژی پرسە و فرمێسک ڕشتنی بێکۆتاییدا– پاییزی قژ زەرد– پەپولەی ئاڵتوونی گەڵای درەختەکان– ئەستێرەی پرشنگدار– سەوزەگیا– پەلکەزێڕینە– هەور– هەتاو– چەم– سەرچاوە– مانگ– شەو– هتد. هەموو ئەمانە ناوەڕۆکی زیندووی تریفەداری بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی گۆران پێک دەهێنن.
من لێرەدا هەوڵ دەدەم کە هەڵوێستەکانی گۆران لەم ناوەڕۆکانەدا هەڵێنجم– وەهەندێ تێبینیش کە گشتین وهەموو هۆنراوەکان دەگرنەوە لە کۆتاییدا دەیانخەمە بەرچاو.

لە سەرەتادا گۆران هەڵوێستێکی بابەتی بەرامبەر سروشت ڕەچاو دەکات– مەبەست لە بابەتی Objective ئەوەیە شاعیر ئەو شتانەی باسیان دەکا نایانخاتە ژێرکارتێکردنی عاتیفە و سۆزی کەسی خۆی– واتە شاعیر چاو دەبڕێتە دەرەوە ، بۆ دەوروپشتی خۆی و نایگێڕێتەوە بۆ ناوەوە– بۆ دڵ و دەروونی– لەم حاڵەتەدا شاعیر بێلایەنە– چی دەبینێ ئەوە دەگێڕێتەوە – لە هۆنراوە (بەهاری پاش باران) دا هەڵوێستی گۆران لە چەند سەرنجێکی کامیرایی ڕتووش کراو بەدەرنیە– هەرچی بەرچاوی دەکەوێت ئەوا بە دڵسۆزی وێنەی دەگرێ و نیشانمانی دەدات. وەک ئەم وێنانەی خوارەوە:

هەر هێڵی ئاسنی وەردی کێڵراوە
هەتا چاو بڕ ئەکا جۆگەلەی ئاوە !
جووتیاری نەقیزەی درێژ سەرشان نەر
بەرەو ماڵ لەقە لەق گای داوەتە بەر
کچانی کۆڵەگیای کوڵاندن بە کۆڵ
بەرەو دێ ڕەویون وەک مامزی چۆڵ ،
لەبەر پێی نەمامی چوالەدا سووراو
لە روومەت تکاوە و ڕژاوەتە ئاو... هتد.

زۆری دیکەش لەم دیمەنانە کە ئێمە لە پەنجەرەی هۆنراوەکە را دەیانبینین، بەڵام گۆران خۆی لە ناویاندا نابینین– پەیوەندی گۆران لەگەڵ ئەم هۆنراوەدا وەکو پەیوەندی وێنەکێش(رەسام) وایە لەگەڵ تابلۆکەیدا.
وێنەکێش کە دیمەنێکی سروشتی ئاوا دەبینێت فڵچەکەی بەکاردەهێنێت بۆ ڕەنگکردن و بایەخدان بەو رواڵەتانەی کە بەشێوەیەکی زەقتر لەرواڵەتەکانی تری دیمەنەکە خۆیان دەخەنە بەرچاوی.

گۆرانیش هەر بەم چەشنە خامەکەی بەکارهێناوە بۆ ڕەنگکردنی ئەو دیمەنانەی کە زیاتر سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە- بەبێ ئەوەی سۆزو بیرکردنەوەی شاعیر خۆی هەڵقورتێنێ بۆ شێواندنی ئەو دیمەنانە- یان زیادکردنی مانایەک بۆیان، یان بەستنەوەیان بە تاقیکردنەوەکانی پێشووتری شاعیرەوە- واتە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی(جوانیشناسی) پەتی مایەوەو لە کۆتایی هۆنراوەکەدا وەکو ئەنجام بە دەستەوە دانێک ئەڵێ:

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان
پێشێلی ستەمە گشت شتێکی جوان
تا هەوری ڕووی ئاسمان دڕ ئەدا و هەتاو
ئارامی شیرینتر ئەخاتە وە ناو

لێرەدا هەست دەکەین خۆیەتی(ذاتیە) شاعیر خۆی دەخاتە هۆنراوەکەوە. ئەو ئارامەی هەتاو دروستی دەکا شیرینترە. بەلای شاعیرەوە. لە ئارامی لەوە پێشتر- هەروەها دەڵێ: هەموو شتێکی جوان پێشێلی ستەمە- و لە سەرەتای هۆنراوەکەشدا گوتوویەتی: وشکە چەم وەک جەوری سەردەم هەڵساوە- بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجەکانی شاعیر کۆ دەکاتەوە دیمەنە تەڕەکانی سروشتن نەک جەورو ستەمەکە کە هەروا عەفەوی ناویان براوە و هیچ جۆرە عاتیفەیەک لە شاعیردا نابزوێنن.
لەکاتێکیشدا کە گۆران بە چەمی قلیاساندا دەگەڕێتەوە . هەر وەکو عادەتی خۆی. تیلایی سەرنجی جوانی پەرستانەی دەگرێتە دنیای دەوروبەری ، بەڵام لە نێو هەموو ئەو دیمەنە ڕەنگینانەدا کە دەیانبینێ ، ڕیزە دارچوالەیەک. کە وەک بووک ئەندامیان لە سووراو گرتووە!!!
زتاتر خورپە دەخاتە دڵیەوە- لە هەمووان(جوان) ترە- بەڵام دڵی شاعیربەمەندە ئاو ناخواتەوە. (جوانی- نیسبیە- ئەشێ جوانترین هەبێ)- بۆیە بە وردی بەملا و بەولای خۆیدا چاو دەگێڕێت و دەبینێت:

چەمی تانجەڕۆی سەردەمی نیسان
پڕە لە وێنەی سروشتی جوان جوان

بەڵام هێشتاکە دیمەنی دارچوالەکانی جوانترینی دیمەنەکانە. تەنانەت ئاوا- کەرەوەی سەیرانگاکانیشە:

لە ڕیزەداری چوالەی تارا سوور ،
جوانترم نەدی وەک بووک وەستابێ
سەیرانگای چەمی وا پێ ئاوا بێ ،

لەم هۆنراوەیەشدا تاقیکردنەوەی شاعیر (جوانی- شناسی) یەکی سافە. شاعیر زۆر گرنگی بە ڕەنگ دەدات کە لێرەدا ڕەنگی سوورە- ڕەنگی دارچوالەکان کە جارێکیان دەیانچوێنێ بەو بووکانەی ئەندامیان لە سووراو گرتووە ، جارێکی تریش بەو بووکانەی تارای سووریان بەخۆداداوە- نهێنی هەڵبژاردنی ئەو ڕیزەچوالەش بە (ساژنی جوانی- ملکە الجمال- )چەمی قلیاسان هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێچواندنە- واتە گۆران لەم هۆنراوەیەدا- جگە لەوەی کە لەباوەشی سروشتی جوان دا بۆ جوان و جوانتر جاوی گێڕا- جوانی ئافرەتی لە وێنەی سروشت ڕا بەدی کرد ، وە هەر ئەو جوانیە- ئینسانیە- بیربۆ چووە دیمەنی دارچوالەکان لەبەر چاوی شاعیر شیرین دەکات!

بەڵام ئەگەر (بەهاری پاش باران) و (چەمی قلیاسان) بەجێ بهێڵین و بچینە ناو (پاییز)ە وە ئەوا گۆڕانێکی گەورە لە هەڵوێستی شاعیردا پێ دەکەین- خۆ ئەگەر لەو دوو هۆنراوەیەی پێشووی شاعیر وەک وێنەکێشێک و سەیرانکارێک- متفرج- هەڵس و کەوتی جوانی سروشتدا کردبێ ئەوا لە هۆنراوەی پاییزدا دەبێتە ڕۆمانسی خەستەکە نەک تەنها هەڵوێستی خۆیی گۆرانی بەچڕیی تێدا گەڵاڵە کراوە- بەڵکو گۆران خۆی بە هەموو هەست و نەستێکیەوە خۆی لە هۆنراوەکەدا ئامادە دەکات:

پایز! پایز!
بووکی قژ زەرد
من مات ، تۆ زیز
هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم ، تۆ بارانت!
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت
من خەم تۆ هەوری گریانت!
دوایی نایە ، دادم دادت!
هەرگیز ، هەرگیز!
پایز! پایز!

پایز! .. پایز!
شان و مل رووت!
من مات ، تۆ زیز
هەردووکمان جووت.

گۆران بەجۆرێک دەچێتە ناو تاقیکردنەوەکەیەوەو تێیدا نقووم دەبێت کە هیچ سنوورێک لە نێوان ئەو و پایزدا نامێنێت و (جووت بوونێکی) سۆفیانە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، گۆران پایز وەک خۆی دەبینێت ، وەکو ئادەمییەک کە وەکو ئەو خەمبارەو دەگری- خۆ ئەگەر ماتی گۆران ، زیزی پایز بێت - هەناسەکانی بای سارد دەبن- خەمەکانیشی هەورەکەن کەواتە ئەنجامی موعادەلەکان ئەوەیە کە: گۆرانیش- پایزە. ئەم (جووتبوون)ە سەرکەوتوانە دەربڕدراوە بەهۆی

هارمۆنی ئیقاعی دەنگی دێرە کورتەکان کە لە هەر دێڕێکدا گۆران و پایز وەک دووانەیەک – یان وەک دوو چڵی یەک لق بەیەکەوە کۆکراونەوە– هەروەها بەهۆی وەسفکردنی پاییز بە خاسیەتی ئادەمییانە: وەکو: زیزی و هاودەردی و گریان – یان بینینی وەک مرۆڤێک: پایز– پایز ، شان ومل رووت– وە ئیقاعەکانی دەنگی درێژی (ئا) لە (بارانت ، ساردت ، گریانت ، دادت دا مەناخی گریاناوی ئەم هۆنراوە دروست دەکەن– کە هۆنراوەیەکی (لیریکی) بەرزەو لەکاتی کردنی بە گۆرانی و دانانی ئاوازێکی سەرکەوتوو بۆی– خاسیەتە مۆسیقیەکانی بە جوانی دەردەکەون.
جا با لێرەدا بپرسین: بۆ گۆران ئەوەندە پایزییە؟ بۆ دەگریا ؟ وەڵامەکە ئاسانە– چونکە جوانی (7) خۆشەویستە سیحریەکەی گۆران لەو وەرزەدا بە فەتارەت دەچێ– ئاڵتوونی دارەکان دەرژێ– باڵدارە هێلانە لێ تێکچووەکان دەدەنە شەقەی باڵی کۆچکردن.
ئەم بانگەوازە بەکوڵەی گۆران لەسەر تەرمی جوانی لە هۆنراوەی(هەوری پایز) دا تەنانەت خەستتریش دەبێت– شاعیر بە هەموو کوڵ و دڵێکیەوە هاوار دەکاتە هەوری پایز کە قوڵپی گریانی نەوەستێ و بگری– هەتا ئاخیر دڵۆپ بگری–

بەڵێ بگری ، بەکوڵ بگری! هەتا ئاخر دڵۆپ بگری!
بە گریەی هەوری پایز با .. نقوم بێ سینەیی کزریی!
بەڵێ بگری! هەور ، بارانی پایز ، بێ ووچان بگری!
لەسەر باخچەی گوڵێ.. وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومری!

گەرچی وەکو هۆنراوەی (پایز) شاعیر باسی گریانی خۆی ناکا – بەڵام گومانی تێدا نیە کە لەهەر دێڕێکدا دەرروونی ئەویش بەکوڵ دەگریا ؟ ئایا گریان کردارێکی ئینسانی نییە کە گۆران لە سروشتیشدا دەبینێ؟ واتە: ئایا گریانەکە هەر گۆران خۆی نیە کە هەورەکانیش دەگرێنێ؟
ئەم نزیکبوونەوە عاتیفیە لە سروشتدا بۆ گۆران دەبێتە سەرچاوەی ڕوانینێکی سۆفیانە (رؤیا تصوفیە) – بەڵام چونکە سروشت وەک تاقیکردنەوەکەی لە سنوورێکی (ئیستاتیکی) دیاریکراودا دەمێنێتەوە– و بۆ ئەوەی بە وردی لە تاقیمانەکەی گۆران بگەین ئەوا گەشتێکی هێمن و لەسەرخۆ بە هۆنراوەی ( تاریکە شەوێ) دا دەکەین:
لەم هۆنراوەیەدا گۆران هەڵس و کەوتێکی سۆفیانە لەگەڵ سروشتدا دەکات. دیارە وەسیلەی مرۆڤی متەسەوفیش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت: تێڕامان و لێخوردبوونەوەیە لەو کەرەسەیەی لەبەر دەستیایەتی هەتا ناخ ؟ هەروەها لێخوردبوونەوەی لە خۆشی هەتا ناخ ... گۆران وەها دەست پێدەکات:

تاریکە شەوێ.. نوقمی ڕەشیی چەهرەی دنیا
دیلی تەمی ئەسرار بوو.. دەرودەشتی حەقایق ،
چووبوونە پەنا پەردەیی خەو کەون و خەلایق ،
مستغرقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا..

تابلۆیەکی تەصەوفانەی پەتییە!! لە شێوەی زمانەکەدا – لە تێکەڵکردنی وێنەی حسی و مانەوی دا وەکوو (تەمی ئەسرار) (دەرودەشتی حەقایق) یان وشەی فەرهەنگی دەروێشەکاندا : کەون ، خەلایق ، مستغرقی ئەندێشە ، ساهیر ، تەنیا– هەر وشە و عیبارەتێک لەمانە پڕە لە ئیحائات کە لە چوارچێوەی دەوروبەری تاقیکردنەوەکەی شاعیرمان لە لایەنی شوێن ، کات– حاڵەتی مێشکیەوە دەخاتە بەردەم.

تاریکە شەوێ: شاعیر بەم شتە عامە دەست پێدەکات کە هەمووەکەیە– الکل– ئەمجارە ئەداتی لێخوردبوونەوە دەخاتە کارو ئەم تاریکە شەوە هەمووەمان بۆ شی دەکاتەوە– تێدە فکرێ ئەم تاریکە شەوە شتێکی زۆری داپۆشیوە – بەڵام پێویستە – بزانێ– ئەم (شەوە) خۆی چی دەگەیەنێ ؟ کە لێی خورد دەبێتەوە : ڕەنگی بە بیردا دێت – بەڵێ ڕەنگە. ڕەنگی ڕەش چونکە تاریکی ڕەشەو سەیر دەکا ئەو ڕەشاییە زۆر بەرین و پانە وەک چی؟ دەریا – شاعیر ئەمەی بە بیردا دێت – بەڵام وشەی دەریا بەکار ناهێنێت – بەڵکو ئەم دۆزینەوەیە ئیحایەک دەدا بە شاعیر کە سیفەتێکی پەیوەندی دار بە دەریاوە وەردەگرێ : کە ئەویش نقووم بوونە – ئەمجا ئەم (دەریا) ڕەشە چی نقووم کردوە؟ وەڵامەکە بە (گشتی) دەداتەوە : چەهرەی دنیا– واتە رووی دنیا – بەم چەشنە دێڕی یەکەم خۆدادەڕێژێت :

دێڕی دووەمیش : (دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرودەشتی حەقایق) لێکدانەوەیە لەسەر دێڕی یەکەم– چارەیی دنیا : شتێکی گشتیە – ئێمە بە هەموو ئەو هەبوونەی دەورمانی داوە دەڵێین : دنیا. لە مێشکی گۆراندا ئەم دنیایە یەکسەر لە ڕواڵەتە فیزیکیەکەیدا خۆ دەردەخاو وشەی دنیا دەبێ بە: دەرودەشت – بەڵام وەک وتمان ئەو لە تاقیکردنەوەیەکی سۆفیانەدا دەژیا – بۆیە ئەم ناوە فیزیکیە لەگەڵ ناوێکی مانەوی (حەقایق) دا لێک دەدا و دەرودەشتەکە دەبێتە : دەرودەشتی حەقایق!! دەگەڕێینەوە بۆ بەشی یەکەمی دێڕەکە – بەرامبەر حەقایق شاعیر دژەکەی (ئەسرار) ی بە بیردا دێت . چونکە ئەو شتانەی دەشاردرێنەوە و دادەپۆشرێن بە زۆری : ئەسرارن – ئەسراریش دژی حەقایقە – و شاعیر ناوێکی فیزفکی لەگەڵدا بەکارهێناوە کە دەشت و دەرە – کەواتە پێویستیمان بە ناوێکی فیزیکیشە کە بدرێتە پاڵ ئەسرارو دژی دەشت و دەر بێت – دیسانەوە شاعیر لەشەو خورد دەبێتەوەو دەبینێ : ڕەشاییەکە وەک (تەم) وەهایە – بۆیە وشەی تەم ئەداتە پاڵ (ئەسرار) و بیرەکە بەم جۆرەی لێ دێت: تەمی ئەسرار دەرودەشتی حەقایقی دیل کردووە – شاعیر وشەی دیل بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان حەقایق و ئەسرار نیشان دەدات کە پەیوەندی دژایەتی و بەربەرەکانی یەکتر کردنە .

دێڕی سێیەم : هەنگاوێکی ترە – تاریکایی شەو و ، بەربەرەکانی نێوان (ئەسرار و حەقایق) لە دێڕی یەکەم و دووەمدا باسێکی تر دەخەنە بەردەم شاعیر : ئایا لەم دەمەدا ئەم هەموو مەخلوقاتەی سەر ئەم زەمینە و باوەش ئەم گەردوونە . چ دەکەن ؟ لە ئاکامی لێخوردبوونەوەدا وەڵامەکە دەداتەوە ؛

چووبوونە پەنا پەردەیی خەو کەون و خەلایق!

بەکارهێنانی وشەی (پەردە) ش درێژبوونەی مانای ئەسرارە لە مێشکی شاعیردا – پەردەی خەو : زیاد لە بێئاگایی نوستن ، ئەسراری شەویش دەگەیەنێ!

لێخوردبوونەوەکە بەردەوامە : لەشەوو – دنیا وە – بۆ دەشت و دەرو مەخلوقات – ئەمجا خۆی – مستغرقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا. لە کاتێکدا گیاندارو بێگیان لە خەودایە – ساهیری تەنیا – گۆران لەناو ئەندێشەیەکی قووڵدا تێماوە و چاوی بڕیوەتە ئەم بارەو لێکی دەداتەوە .
لەم چوار دێڕەدا تابلۆی یەکەم بەم جۆرە تەواو دەبێت : (تاریکە شەوە – کەون و کاینات هەموو نوقمی تاریکی شەون – تەمی ڕازو نهێنی بەسەر دەرودەشتی حەقایقدا خۆی ڕاکشاوەو دیلی کردووە– گیاندارو بێگیان لە خەوێکی قوڵدایەو ئاگای لە دنیا براوە – بەڵام : دەروێشێکی بێدار بە تەنیایی چاوی بڕیوەتە ئەم حاڵەو نوقمی دەریای ئەندێشەو لێکدانەوەیە ، ئەم دەروێشەش : گۆرانە. ئەمجا تابلۆی دووەم دەست پێ دەکا :

تاریکی تەمی دەشتی دڵ و تانەیی سەرچاو
شاباڵی پەخش کردبوو .. تاکوو ئەبەدیەت
بێدەنگی لە چوارلاوە .. موهاجیم وە خرۆشاو
وەک زوڵمەتی شەو نەی بوو .. ئەویش نووک و نیهایەت!

سەرنجەکانی شاعیر وا بەقووڵی دەچنە ناو ناخی تاریکییەکەوە کە هەست دەکا ئەو تاریکیە تەنها لە دنیایی دەرەوەدا بوونی نیە . بەڵکو ئەو تاریکیە تەمەی کە لە تابلۆی پێشوودا دەرودەشتی حەقایقی داپۆشیبوو – ئێستا بەسەر دەشتی دڵی ئەودا خۆی کێشاوە و بۆتە تانەو لەسەر چاوی کۆبۆوەتەوە! لێرەدا گۆران خۆشی تێکەڵی تاریکیەکە بوو و لێکدانێکی نەفسی تەواو لە نێوان ئەو و سروشتا بەدی هات! دەرودەشتەکە تەنها هی لەشە مادیەکەی – سروشت نییە و تەنها هی بیرە مەعنەویەکەیە – حەقایق نییە بەڵکو دەشتی دڵی ئەویشە کە تاریکی تێیدا مۆڵیوە – و لە بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکیانەدا ئەم تاریکاییە بەجۆرێک تێدەگا کە ئەبەدی بێت (شاباڵی پەخش کردبوو تاکوو ئەبەدییەت) . ئینجا شاعیر تێدەفکرێ ئەم تاریکیە ڕەگەزێکی تری لەگەڵە کە زۆر جار هاودەمیەتی: کە ئەویش بێدەنگیە – گۆران هەست دەکا بێدەنگییەکەش وەکو تاریکیەکە ئەستوورو بەرینە – نووک و نیهایەت : واتە سەرەتاو کۆتایی نیە . و دەربڕینی ئەو قەبەیی و مەزنییەی شەو– دیمەنێکی دژ – پەرەدۆکسێکی Paradox زۆر مانا بەخش بەکار دێنێ و دەڵێ : بێدەنگی لە چوارلاوە موهاجیم و خرۆشاو – دیارە هێرش هێنان و خرۆشان وەک هێرشی لەشکر یان سوپا – دەنگە دەنگ و هەراو هوریای لەگەڵە . واتە شاعیر دەڵێ : بێدەنگیەکە بە دەنگ هەر چوار لای پڕکردبوو! و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی (دژ – بقیض)نەوە بەسەرکەوتوویی بیری قەبەیی و سام و هەیبەتی شەوەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت .
بەڵام زۆری پێ ناچێت بێدەنگی و تاریکی هەردوو بەسەر دەچن :

جار جار لە ئوفق ڕائەوەشا شیری بروسکە ،
گرمەی غەزەلی گوێی کەڕ ئەکرد هەورەتریشقە ،
باران سەرەتای ڕقی بوو! نم نم ئەگریا ،
وەستا بوو زەوی تینوو .. زەلیلانە لە بەریا ،

لە نێو ئەستوورایی تاریکی و بێدەنگیدا – گۆڕانێک پەیدا دەبێت کە بیری پێشووی شاعیر – بیری جێگیری و هەمیشە بوون ئەداتە دواوە . لە ئاسۆوە بروسکە جار جار وەک شیر ڕائەوەشێت (هەر وەک بیەوێ لەگەڵ تاریکیدا بجەنگێ ، و گرمە گرمی هەورەتریشقەش گوێ کەڕ ئەکات – هەر وەک نارەزاییەکی توند نیشان دەدات دژی ئەو بێدەنگیەکەی پێشتر بارانیش نم نم دەگریا – ئەو گریانەش سەرەتای ڕەق و قینیەتی .

لێرەشدا پەردۆکسێکمان هەیە – یەکێ کە سەرەتای ڕقی بێ، تووڕە دەبێ نەک بە هێمنی دەگریا– بەڵام کە ورد ببینەوە سەیر دەکەین ئەمە ڕاستە – زۆرجار ئادەمیزاد– بەتایبەتی مناڵ – کە ڕەقی هەڵدەستێ لە سەرەتاوە هەندێ فرمێسکی ورد لە چاویەوە دەوەرێنێ، ئەمجا بەتاوەواتی گور دەگرێ و ڕەقی خۆی دەڕێژێ – هەر بەم چەشنەش (دوای ئەو نم نم گریانە) باران بە خوڕ دەبارێت ، بەڵام تروسکەی ڕووناکایی نامێنێت و دنیا تاریک دەبێتەوە – لەگەڵ ئەو تاریکبوونەشدا دڵی شاعیر تاریک دەبێت و هەست دەکات کە ئاسۆی ئاسمان ڕەش نەبووە بەڵکو ئاسۆی هیوایەتی یەو ڕەشاییە دایپۆشیوە :

ئافاقی ئەمەل ڕەش بوو .. نەما پێوە تروسکە .

گۆڕانەکانی سروشت بەمەش ناوەستن و ئەمجا تەرزە بەگوڕ دەبارێ و با بەتوندی هەڵدەکا :

تاو تاو لیێ دەدا تەپڵی هجووم تەرزە بە ئاهەنگ
وەختێ کە ئەهات حەملەیی با تونگ و خرۆشان
ئەیرشتە دڵی پیاوی جەسوور کەڵکەڵەیی جەبگ
هەر وەک دڵی خەوافی ئەترسان و ئەلەرزان

بۆ نیشاندانی توندی و بەهێزی با و تەرزە بارینەکە گۆران لە فەرهەنگی شەڕو هەرادا وشەی وەکو : جەنگ و حەملە و خرۆشان و تەپڵی هجوم بەکار دێنێ . ئاهەنگی تەرزەکە ئاهەنگی شەڕە و تەپڵی هێرش بردن لێ ئەدرێ و (با)ش حەملەیەکی توند دەست پێدەکات. بەڵام تەئسیری ئەم حاڵە چییە لەسەر مرۆڤ ؟ گۆران دەڵێ : پیاوی ئازا ئارەزووی جەنگی دەکەوێتە دڵەوە و ترسنۆکیش دڵی دەترسێ و دەلەرزێ – واتە : لێکدانەوەی گۆران بۆ ئەم فینۆمینە سروشتییانە – تەرزە بارین و ڕەشەبا هەڵکردن کە وەکو جەنگ باسی کردوون – بە پێی نەفسیەت و کەسایەتی ئەو کەسانەیە کە بەم تاقیکردنەوەدا تێپەڕ دەبن .

ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە تێڕامان و لێخوردبوونەوەکە گۆران بە پێی پەرەسەندنی تاقیکردنەوەکەی کە ئەویش بەستراوە بە پەرەسەندنی کەرەسەی تاقیکردنەوەکەی – کە گۆڕانەکانی سروشتن – دەگۆڕێ و لەمەشەوە دەربڕینە شیعریەکەش گۆڕانی تێدەکەوێ ، لەسەرەتادا کەتاریکی و بێدەنگی وەکو شتێکی ئەبەدی شاباڵیان ڕاکێشاوە : لێخوردبوونەوەکەی گۆرانیش قووڵ و هێمنە ، و ئەو دەنگ و ئیقاعانەی کە بەکاریشیان دێنێ ئەو قووڵیی و بەردەوامیە دەردەبڕن ؛ وەکوو دەنگی (یی) وە (ئا) لەدوو دێڕی یەکەمدا .

تاریكە شەوێ نوقمی ڕەشی چەهرەیی دنیا
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرودەشتی حەقایق

بەڵام كە لە دواییدا ئاسمان دەبێتەوە هەتاو ، و هەورەكان دەڕەونەوە لێخوردبوونەوەكەی شاعیریش و دەربڕینەكەشی (دەكەونە تەنكی)

كەوتە تەنكی هەوری ڕەش و چڵكنی پێشوو ،
ئەلوانی قەزەح تێكەڵی بوو .. كون چووە ناوی!

دوای ئەمەش :

ئەستێرەیەكی جوانی پڕ تەبەسسوم ،
دەركەوت و گەشالێوە بە دڵ زەوقی تەماشا
بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاطوم
بۆ سەیری جەمال كردنی دنیای بەیانی
هێشتا شەوی زۆر مابوو كە من كەوتمە سەحرا ،
وەک شێت بەڵام شێتی شیعر .. شێتی جوانی .

لێرەدا لافاوی تەبیعەت نیشتەوە – هەورەكان ڕەوینەوە – پەلكە زێڕینە لە ڕووی ئاسمان دەركەوت– ئەستێرەیەک بە زەردەخەنەوە خۆی نیشان دا – واتە : دەوروبەری تاقیكردنەوەی شاعیر بە تەواوەتی گۆڕاو لەمەشەوە : شێوەی هۆنراوەكەش گۆڕاوە – قافیەكان تێكهەڵكێش كراون و ئیقاعی وەزنەكە خێراترەو – دەربڕینەكەش ساف و سادەیەو هەموویان مەناخێكی وا دروست دەكەن كە پەلە پەلی نیشان دات : پەلە پەلی دڵی شاعیر لە خۆشی دەركەوتنی ئەستێرەكەو بە تالوكەبوونی بۆ چوونەدەر بۆ سەحرا – كە ئەم حاڵە شیعرەكەی (وردزوێرس) مان دێنێتەوە یاد كە دەڵێ : (دڵم هەڵدەپەڕێ كاتێ پەلكەزێڕینە بە ئاسمانەوە دەبینم) .
تەنانەت سێ دێڕەكەی دوای بە تەواوەتی بە پێچەوانەی دەستپێكردنی شیعرەكەیە چ لە سادەیی و تەقریریەتی دەربڕینەكەیدا وە چ لە دەرخستنی مەناخی دەوروبەرەكەی شاعیردا .
جا ئێستا با بپرسین :
لەم تاقیكردنەوە بە پێیزەیدا لەگەڵ سروشت گۆران بەچی گەیشت ؟ شیعرەكە بە تەسەوفێكی قووڵ دەستی پێكرد و هەڵوێستێكی ڕۆمانسی سادە دوایی هات . ئەم هەموو بەزم و ڕەزم و شڕم برمەی سروشت بیری گۆرانیان لە چوارچێوەی تاقیمانەكەی نەبردە دەرەوە . زۆر لە شاعیرەكانی ئینگلیز وەک كۆڵردج ، شیلی ، بایرۆن ، ئارنۆڵد ، هۆپكینز – لەم چەشنە تاقیكردنەوانەدا گەیشتوون بەوەی كە سروشت ڕەمزێكە بۆ حەقیقەتێكی تر . بۆ ڕۆحی پیرۆز : خودا یان بیریان چووە بۆ مەسەلەی فەلسەفی و كۆمەڵی تر. بەڵام لای گۆران : نەء ئەو تاقیكردنەوە سافەكەی خۆی بە هیچ بیرێكی دوور لە چوارچێوەی تاقیمانەكە ناشێوێنێ و ئەنجامەكەش لەزەت وەرگرتنێكی منالآنەیە لە سروشت و هیچی تر.

لە هۆنراوەی (تازە)شدا گۆران هەر لەم چوارچێوەیەدا تاقیکردنەوەیەکی تر دەخاتە ڕوو – ئەم تاقیکردنەوەیەی لەم تێبینیەوە دەستپێدەکا : کە ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەرناکەون هەتا هەموو شتێکی تر لە سروشتا خەو نەیباتەوە و بێدەنگ نەبێ .

کە شەو هات و پەردەی ڕەشی کەوتە سەر
جوانی تەبیعەت کەژ و ، دەشت و دەر
هەموو نوست .. هەموو مرد .. کش و بێ ئەسەر
سەما تازە جیلووەی ستارەی نەزەرا

لێرەشدا شاعیر لە عومومیەتێکەوە (جوانی تەبیعەت) دەست پێدەکاو ئەمجا بە لێوردبوونەوە و هێنانە پێش چاو دەچێتە سەر شتی تایبەتی تر و نموونەی تاک تاک وەردەگرێ وەک گوڵباخ ، نێرگز ، زەمەق ، سەمەن ، گیا ، چەمی پڕ لە قاز ، هتد– هەموو ئەمانە (نوقم تەمی بەحری شەون) سەرنج بدەین لێرەدا وێنەکانی پێشوو. نوقم بوون و تەمی شەو ، هەموو بەیەکەوە کۆبوونەوە و ، لە کاتێکدا کە زانیمان لە هۆنراوەکەی پێشوودا شاعیر تا نزیکی بەرەبەیان نەنووست و لە خۆشی شعرو جوانی (واتە لە خۆشی نووسین و تەواوکردنی هۆنراوەکەی!)چووە دەر بۆ سەحرا ، لەم هۆنراوەیەدا ئەستێرەکان . کە زیاد لە هەموو شتێکی تر لە گەردوونا ، ئەوان بە ئاسمانەوە بەخەبەرن و چاوی تەماشا کردنیان کردۆتەوەو دەجریوێنن – مونافەسەی شاعیریش دەکەن و گڕی ئیلهامی دادەمرکێننەوە:

کە دڵ کەوتە ناو دۆزەخی دەردەوە
کە عیشق و شەبابی خودا بردەوە
گڕی شاعیریەت کە دامردەوە
سەما تازە جیلوەی ستارەی نەزەرا ؟

ئەوەی ڕاستی بێت شەو و ئەستێرە ڕەسیدێکی باشیان لە شیعری گۆراندا هەیە – شەو کاتی حەسانەوە و هێمنی و خامۆشیە و ئادەمیزاد زیاتر مەودای بیرکردنەوەی هەیەو کێشەو تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان بەڕوونتر خۆیان دەردەخەن و بیرەوەریەکان زیاتر خۆیان بەسەر مێشکدا دەسەپێنن – و ئارەزووەکان پتر ئازادی دەستگیر دەکەن . گۆرانیش بۆ دەرباز بوون لە خەم و خەیاڵەتەکانی ، هاودەم و هاوڕازی خۆی لە ئەستێرەکاندا دەدۆزێتەوە ، کە ئەوان بەئاسمانی شینەوە ئەدرەوشێنەوە و پرشنگی خۆیان بەناو ئەستورایی تاریکایی دنیادا پەخش دەکەن.

: لە (ئەی گەلاوێژ)دا دەڵێ :

بە شەو گەشت و گوزاری خاتیرات هەروەک شنەی شەوبا
لە ڕۆحی پڕتاثرما .. ئەکا سەهرەی خەفەت بەرپا
ئەڵێی بەحرێکی قووڵ و وەمەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی

به سەریا هاژە هاژە ئەڕژێ ئەنینم .. سۆزی ئاهەنگی
هەتا رووی سەر زەوی چین چین نەویوە پەردەیی تاریی
لە خۆشم دیار نیە وێنەی دڵۆپی ئەشکی بێداریی
دڵم وا گیر ئەدا گەرداوی باس و نائومێدی ڕەش
مەگەر تۆ بێیتە ئیمدادم .. گەلاوێژ ئەی ستارەی گەش
مەگەر تۆ ئەی گەلاوێژ ئەی بزەی لێوی سەحەر گاهان
مەگەر تۆ بسرەوێنێ قوڵپی ئێشی قەلبی بێ سامان
لە چاوی تۆوە پرشنگێ ئەکاتە ڕۆحی بەدبەختم
ئەکا مەستی تەسەللی تا شەوی دوایی سەری سەختم
دەسا ، ئەی شا ستارەی ! ئەی گەلاوێژی گەش و تابان
کە هەڵهاتی بە ئەگریجەت بشۆ چاوی شەوی گریان !!

پارچەیەکی هونەری ڕۆمانسی بەیەکەوە بەستراوی پڕ لە خامۆشی، پڕ لە (سکونی)یەت!، پڕ گریان، پڕ لە سازو ئاهەنگی خەماوی ، پڕ لە هەناسەی گەرم وهاوارو هیوای وەریو! ، پڕ لە مۆسیقای دڵگیرو دڵڕاکێش- پڕلە وێنەی لێچواندن وخواستەمەنی(استعارە) شاعیرە میتافیزیکیەکان (8 ). بەم شەوە کاتێ گۆران بیردەکاتەوە- گەشتی بیرەوەریەکانی وەکو شنەی بای شەو خەفەت لە گیانیا بەرپا دەکات- جیهانی شەو وەکو بەحرێکی قووڵ و مەنگ وایە کە سۆزی ئاهە نگی ناڵەی شاعیر- هاژە هاژ- بەسەریدا دەڕژێ- تاریکایی چین چین وەکو پەردە لەسەر یەک دانراوە هەر لە ئاسمانەوە هەتا سەر زەوی- تەنانەت گۆران دیمەنی ئەو دڵۆپە فرمێسکانەش نابینێ کە چاوە خەو لێ خراوەکانی دەتکن!! دڵی پڕە لە گەرداوی باس و خواسی ڕەش و نائومێدی بەخش- لەم حاڵەتەدا کێ هەیە بگاتە فریای؟ کەس.
مەگەر تۆ بێیتە ئیمدادم گەلاوێژ ئەی ستارەی گەش-

تەنها ئەستێرەی گەلاوێژە- گەلاوێژی شا ئەستێرە- کە بە پرشنگی چاوەکانی شەو و ڕۆژێکی تەواو شاعیر تەسەل دەکات- بۆیە هاواری دەکاتێ کە هەڵبێ وب ە ئەگریجەکانی چاوی شەوی گریان بشواتەوە- ئەم هاوارە ڕۆمانسییەی گۆران شیعرێکی شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز (شیلی)م دەخاتەوە یاد کە هەر بەم چەشنە رووی نیازو سکاڵای دەکاتە شەو و داوای لێ دەکات کە لە لای بمێنێتەوە و مەودای ڕۆژهەڵاتن نەدات! ئەمەش پارچەیەکە لەو شیعرە:

ڕووخساری خۆت لە چارشێوێکی تاریکدا بپێچەوە
کە بە ئەستێرە درەخشان کرابێت!
بە ئەگریجەکانت چاوەکانی ڕۆژ کوێر کە..
هێندەی ماچ کە.. تا گیانی لەبەردا نامێنێت..
لە کاتێکدا بەخەبەر دێم و بەرەبەیان دەبینم،
هەناسەی سارد بۆ تۆ هەڵدەکێشم،
لە کاتێکدا ڕووناکی باڵادەبێت و تنۆکی ئاونگ،

دەست دەکەن بە وەرین و.. نیوەڕۆ بە قورسیەوە
خۆی بەسەر گوڵ و درەختەکاندا ڕادەکێشێت
ئەو کاتە من هەناسەیەکی قووڵ بۆ تۆ هەدەکێشم ،
مردن دێت کاتێ تۆ دەمریت .. خەو دێت کە تۆ کۆچ دەکەیت ،
من لە تۆ دەپرسم ئەی شەوی خۆشەویستم ..
خێرا وەرەوە .. خێرا .

هاوارەکەی گۆران بۆ گەلاوێژی ئەستێرە ، هەر لەو کاتیشدا (کە لە ژێر تیشکی سایکلۆژی فرۆیدیدا سەیری بکەین ) هاوارێکە بۆ گەلاوێژی ئافرەت – ئافرەتێک کە لە شەودا بگاتە ئیمدادی و خەمەکانی لە بیر بەرێتەوە ... و بەکارهێنانی سیفاتی ئافرەت بۆ ئەستێرەی گەلاوێژ وەک : ( بزەی لێو ، پرشنگی چاو ، ئەگریجە ) بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ڕاستی ئەم قسەیەمان . یان با بپرسین : ئایا ئەگەر گۆران گەلاوێژی ئافرەتی لا بووایە ئەوا بەم جۆرە پەنای دەبردە بەر گەلاوێژی ئەستێرە ؟!

لە هۆنراوەی ( بەسەرهاتی ئەستێرەیەک) دا گۆران ڕووداوێک یان کارەساتێکی ئینسانی گەورە – کە مردنە – لە ئەستێرەیەکدا بەدت دەکات ... ئەستێرەیەکی تەنها بە ئاسمانی شینەوە گۆران چاوی تێبڕیووە . (دیسان چونکە ڕوخساری ئافرەتی تێڕا دەبینێت ):

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ

گۆران بەدیاریەوە دەمێنێتەوە هەتا دنیا تاریک دادێت و (ئەستێرەکانی تر چارشێو لە عاستی دنیا فڕێ ئەدەن ) – بەڵام ئەو تەنها سەرنجەکانی لەو ئەستێرە بڕیوە هەتا چارەنووسەکەی بۆ دیار دەکەوێ :

بەڵام ئێستا ئەو ئاسپایی بەرەو خوار
هەڵئەخلیسکێ کز کز.. ئەگاتە لێوار
لێوی تینووی کەل.. وەک دڵۆپ ئەیمژێ
ئەی داخەکەم مەرگی نیشتن.. ئەیکوژێ
ئەم ئەستێرە بەسەرهاتی دڵگیری
لە کام ڕۆحا نابزوێنێ زویری.

مەرگی ئەستێرە  دیمەنێکی عاتیفی ڕۆمانسییانە و ناسکەو – دەربڕینەکەی گۆرانیش هاوتای ئەو ناسکی و ڕۆمانسیەتە دەکات. بێگومان مردنی ئەستێرەکە ئاوابوونیەتی لەودیوی کەل– یا لوتکەی چیا– بەڵام گۆران دێ کەلەکە دەچوێنێ بە لێوێکی تینوو– ئەستێرەکەش بە دڵۆپێک ئاو– و کاتێ(ئەستێرە– دڵۆپە– ئاوەکە) لە لێوە تینووەکەی کەل نزیک دەبێتەوە– دەستبەجێ

دەیمژێ و- بەم چەشنە ئەستێرەکە دەمرێت! واتە جوانی دەمرێت- مەرگی جوانیش لە هەموو گیانێکدا هەستی زویری و پەرۆش دەبزوێنێ. لە هۆنراوەی لاولاویشدا گۆران بەکوڵ بۆ مەرگی جوانی دەگری- لاولاو نەک هەر چارەنوسەکەی مردنە، بەڵکو ئەو چارەنوسە ڕەشە زۆر بە زوویی- وە لە تەمەنی ساوایيدا- تووشی دەبێت- ئەمەش شاعیروا لێدەکات بیر لەماوەی تەمەنی خۆی بکاتەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ تەمەنی لاولاودا

بە کوڵ گریان لە چاوم دێ گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ
لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو چیە ئەسبابی ژاکانت؟
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە بۆچی وەها بێدەنگ،
ئەژاکێی توخوا ئەی گوڵ سەبر دەستم بە دامانت؟
سەبر تووبی خوا تاوێکی تر ڕاوەستە تا عومرم،
وەکو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ،
منیش هاوڕێی سەفەرتم ئەی گوڵی لاولاو، منیش ئەمرم
منیش خیلقەت وەکو تۆ وەنەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ.

ڕاستە بیری ئەم شیعرە هی گۆران نیە- لە هۆنراوەیەکی شاعیری میتافیزیکی ئینگلیز (ڕۆبرت هیریک) Robert Herrickوەرگیراوە کە ناونیشانەکەی ە( -(To The Daffodils بەڵام لەگەڵ بەراوردکردنی ئەم دوو هۆنراوەیەدا دەبینین هینەکەی گۆران بەهێزترو کاریگەرترە، لە هۆنراوەکەی (هیریک) دا زیاتر گرنگی بە بیری (خێرایی) مردنی گوڵە نێرگسەکان دراوە- هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەو وەزن و ئیقاعەکان دەگۆڕێ بۆ دەرخستنی حاڵەتی خێرایی مردنەکە. ئەمەش پارچەیەکی شیعرە ئەسڵیەکە- بەکوردی- کراوەکەیە

Fair daffodils, we weep to see
کە دەبیبین ئێوە وا زوو بەسەر
You haste away so soon
دەچن . کە هێشتا ڕۆژی زوو هەڵهاتوو
As yet the early rising- sun
نەگەیشتووەتە نیوەڕۆ
has not attained his noon
بمێننەوە ، بمێننەوە
Stay, stay
هەتا ڕۆژە خێرا – ڕۆکە تێدەپەرێت
Until the hasting day
بەڵکو تا بانگی ئێوارە
Has run
دوایی ئەوەی پێکەوە نوێژمان
But to the even- song,

**کرد . ئێمەش لەگەڵتانا**

And having prayed together, we

**دێین (9 )**

Will go with you along

**بەڵام لای گۆران بیری خێرایی مردنەکە ، خۆی لە خۆیدا گرنگ نغیە– بەڵکو ئەوەی گرنگە قووڵی مانای ئەو کارەساتەیە بۆ ئێمەی ئادەمیزاد کە لە لاولاوەکە خۆی گەلێ زیاتر بە تەنگ مردنەکەیەوە دێین و پێی سەخڵەت دەبین . مانا قووڵە ئینسانیەکەی مردنەکەو – کارکردنە گەورەکەی لە گۆران بە هۆی ئەو یەکسەنگی (وەزن ) و هەناسە درێژی و دراماتیکیەی شیعرەکە و بەکارهێنانی عیباراتی بە پەرۆشەوە هاتنی وەکو (توخوا– سەبر توو بی خوا – سەبر ، دەستم بە دامانت ، تاوێکی تر ڕاوەستە ) نیشان دراوە – ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆران تاقیکردنەوەکەی هیریکی هەڵوەشاندۆتەوە و سەر لە نوێ – بە هەمان بیر – لە شێوەیەکی هونەری نوێدا دایڕشتووە.**

**لە هۆنراوەی (دیمەنێکی بەهار) یشدا گۆران پەیوەندیەکی تری هاوبەش لەگەڵ مەلەکانی سروشتا دەدۆزێتەوە – کە ئەویش مەیلی سەربەستی و هەردەپەرستیە ... و هەوڵی ئەوە دەدا لە بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ مەلەکاندا چی یەتی (ماهیە) خۆی وەک مرۆڤێک دەستنیشان بکات : لەسەرەتاوە شاعیر خۆی لەناو باوەشی سروشتێکی ڕازاوەدا دەبینێت :**

**ئەم لا یەک پەڵە ، ئەو لا یەک پەڵە هەوری ڕەنگاو ڕەنگ**
**لەناوەڕاستا بە دەم ئاسۆوە .. هەوری شۆخ و شەنگ**
**سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین ، مرواری ئاونگ ،**
**چەشنی تارای سەوز ، ئەدرەوشێتەوە لێی ئەتکێ پرشنگ**

**بەم وەسفە ڕەنگاوڕەنگە دێتە خوارەوە هەتا لەم دوو دێڕەدا دەگاتە لووتکەی وەسفکردنەکە :**

**وەک بگری بەکوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین**
**لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانی گەرمی هەڵقوڵین**

**لەم دەربڕینە دیالیکتیکیە بەرزەدا گۆران زۆر زیرەکانە حاڵەتی بەهاری نیشان داوە .**
**لە بەهاردا هەموو شتێک لە سرووشتدا مەستی بادەی خۆشی و پێکەنینە – بەڵام گۆران دەڵێ سروشت هێندە مەستی قاقای پێکەنینە کە بە گەرمی ئەگریاو فرمێسکی گەرم دەڕێژێ! پێکەنینەکە : دیمەنە ڕازاوەکانی بەهارن و گریانەکەش ئەو کانی و سەرچاوە گەرمانەن کەلە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەژینەوەو هەڵدەقوڵن!!**

**گۆران دەگاتە ئێرە – خۆشی وەکو هەموو شتێکی تر لە سروشتدا سەرمەستی خۆشی و پێکەنینە ، بەڵام لە کاتێکدا هەروا بەبێ خەم هاتووچۆ دەکات  لە ناکاوێکدا پۆلێک مەل ، جووت جووت لە بەردەمیا هەڵدەفڕن، و بەم کارە خۆشیەکەی لێ تێکدەدەن و تووشی پرسیارکردنی دەکەن – (ئەوەی پێویستە تێبینی بکەین ئەوەیە کە گۆران نایگێڕێتەوە کە مەلەکانی دییوە ... بەڵام یەکسەر و بەشێوەیەکی چاوەڕێ نەکراوە – لە وەسفە گەرمەکەوە دێتە سەر دووان – بە شێوەیەکی خیتابی – ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەلەکاندا – ئەمەش بۆ ئەوەی کە کوت و پڕی کردارەکەمان وەکو خۆی پێشکەش بکات) بەم جۆرە یەکسەر دەڵێ :**

**مەلی سەر بنجک – پەل و پۆ ڕەنگین خۆ من هەڵۆ نیم!**
**لێم مەفڕن جووت جووت مەترسن ئاخر! پێتان بڵێم چیم!**
**منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک!**
**هەتا ناشتوانم بفڕم .. بخوێنم .. بە باڵ بە دەنووک!**
**بەڵام وەک ئێوە لە دڵما ئەگرێت ، مەیلی سەربەستی**
**ئەمەش ئاینیم وەک ئاینتانە : هەردە پەرستی**

**بە سادەیی و دڵپاکیەوە لە سادەیی و دڵپاکی مناڵ ئەچێت . گۆران بە مەلەکان دەڵێت : لێم مەفڕن هەڵۆ نیم – بەڵکو وەک ئێوە لەم گەردوونە گەورەدا گەردێکی بچوکم – ئێوە دەتوانن بە باڵ بفڕن – بە دەنووک بخوێنن – من ئەمەش ناتوانم  – بەڵام یەک مەیل و یەک ئاینمان هەیە کە ئەوانیش : سەربەستی و هەردەپەرستین .**
**لێرەشدا سەرنج دەدەین کە شاعیر زۆر خۆی بەو پرسیارەوە خەریک نەکرد کە ئەو چیە و چی نیە بەڵکو بە دۆزینەوەی جیاوازییەک و پەیوەندیەکی سادە لە نێوان خۆی و مەلەکاندا قەناعەتی بە خۆی دا و لەزەتی سەرمەستیەکەی بەهاری لە خۆی تاڵ نەکرد! هەتاوەکو لە هۆنراوەی نەورۆزیشدا کە بۆ بۆنەیەکی نەتەوەیی دانراوە ، دەبینین ئەوەی بەلای گۆرانەوە گرنگە – لەم هەڵبەستەدا – لایەنە ڕۆمانسیەکەی ئەم بیرەوەریەیە نەک لایەنە نەتەوەییەکەی :**

**لە چواردەوری ئەم ئاگرە ڕەنگاو ڕەنگ**
**کۆڕ گیراوە بە پێکەنین و ئاهەنگ**
**بانکی شێوان هەتاکو بەربەیانی**
**چۆپی بووە و .. بەزم و نۆش و گۆرانی ،**
*******
**خۆشیت هێنا و فەڕت هێنا و شیرینی**
**تۆ بۆ ئێمە بە هەشتی خەوبینینی**

**ئەو خەوبینینەش :**

**ئێستا ئۆخەی ئاسمانێکە و هەتاوی**

گیایە و گوڵە و مەلە و خوڕە ی چەماوی ،
چی خۆشترە لەوەی تەبیعەت جوان بێ
ماوەی سەرنج پانایی ئاسمان بێ ؟

تەنها لە کۆتایی هەڵبەستەکەدا وە لە ئەنجامی ئەو ئارەزووە ڕۆمانسیەی لە ئازادبوون لە جیهانێکی بەرینی کراوەدا ، کوردستانی ئاوات و شاخی سەربەست و گەلی بێ زنجیریش دەبنە بەشێک لە خەونەکانی .

هەڵوێستێکی تری گۆران بەرامبەر سروشت کە لە زۆربەی هۆنراوەکانی دەردەکەوێ ئەوەیە کە سروشت بە بەشێکی پیرۆزو نمونەی پاکی و بێگەردی داناوە – بۆیە لە کاتێکدا لە بەندیخانە دەگیرێت و بە تاوانی (مۆری ناپاکی پێوە ئەنرێ) گۆران ڕووی نیازو سکاڵای ناکاتە هیچ خزم و کوڕ و کەسێکی بەڵکو ڕوو دەکاتە مانگ و ئەستێرەکان چونکە ئەوان بە بەرزترین و نموونەی پاکی واعیزی سەرخۆشی و – هتد) ئەمانەیە – بۆیە بۆ ئەمانە ناشێ کە مانگ و ڕۆژی خاوێن و بێگەردو بینین .

مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی خوایش لە گەڵ دەشت و دەر
قانوون ئەڵێ قەدەغەیە دەرحەق تاوانکار

**هەندێ تێبینی و سەرەنجام :**

یەکەم : سەرچاوەی تاقیکردنەوە شیعرەکانی گۆران – چۆن شاعیر توانیویەتی بەم سەرکەوتوویە شیعری سروشت بنوسێ ؟
بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە لە پێش هەموو شتێکدا دەڵێم گۆران خاوەنی زۆر تاقیکردنەوەی ڕەسەن و بەپیتە لەگەڵ سروشتدا – گۆران کوردە و ڕۆڵەی کوردستانە – دۆڵ و لوتکە و چیاکانی ئەم خاکە پەروەردەیان کردووە – یان بە خۆی قسە بکا :

کوردستان جێگامی جێی هەزارساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلوتکە و یاڵەم
هەناسەم تێربۆنی بای کوێستانتە
دوو لێوەم پاراوەی بە فراوانتە!
سەرنجم ڕاهاتووی زیووی زێڕکەفتە!
بە زەردەی سەربەفری ئێوارە وەختە!
گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە
لەو عاستەی ژووربەفرە ، داوێن گیای سەوزە!
زمانم پشکووتووی قسەی جوانتە!
قسەی ناو گۆرانی شاخەکانتە!

دوو هاوینە گەشتەکەی هەورامان و قەرەداغیش باشترین بەڵگەن کە گۆران تێکەڵاوییەکی باشی لەگەڵ سروشتی کوردستاندا هەبووە و هەمیشە سەرچاوەی ئیلهام بووە بۆی– دەربارەی گەشتی هەورامان گۆران دەنووسێت و (ئەم گەشتنامەیە کە سەردەمی هەڵبەستنی ئەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵێک لەمەوپێش لە هەڵەبجەوە دەست پێ ئەکات – مایەی ئینتیباعاتی تاقەگەشتێک نیە بەڵکو هەست و بینینی چەند گەشتێکی کات و وەرزی جیا جیای پێشوو لە بیرەوەریما پەنگیان خواردەوە) (10) بەڵام جگە لەم سەرچاوە ڕەسەنە ، هۆی ترش هەیە بۆ سەرکەوتنی گۆران لەم هۆنراوانەیدا

یەکەم : کارتێکردنی مەولەوی – لە شێوە و ناوەڕۆکدا – کە مەولەوی بۆ گۆران وەک سروشتێکی دووەم وابوو .

دووەم : کارکردنی شیعری ئینگلیزی لە گۆران – کە ئەمە دەورێکی گرنگی بینیووە – بە تایبەتی شیعری شاعیرە ڕۆمانسیەکان : وەک : بایرۆن ، شیلی ، وردزوێرس و کۆلرج – و هەروەها شاعیرەمیتافیزیکیەکان وەک : ڕۆبەرت هیریک ، جۆن دۆن و ئەدمۆند والەر. بێجگە لە تەئسیری چەند شاعیرێکی تورکی کە ئەوانیش لە لایەکی ترەوە کەوتبوونە ژێرکارتێکردنی شیعری ئەوروپییەوە .

شاعیرە ڕۆمانسیەکانی ئینگلیزبوون کە سەرنجی گۆرانیان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە سروشت دەشێ بکرێتە ناوەڕۆکێکی نوێی بەنرخ و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هۆنراوە . و لە تێکەڵکردنی ئیحای هۆنراوەکانی ئەو شاعیرانە و (هەستە پەنگ خواردووەکانی) بیرەوەریەکانی خۆی ، بۆی لوا بەرهەمێکی بەنرخ پێشکەش بکات – لەلایەکی کەشەوە گۆران کەڵکێکی باشی لە شاعیرە میتافیزیکیەکان وەرگرتووە – بە تایبەتی لە لایەنی فۆرمەوە – کە بەکارهێنانی ستانزا Stanza واتە (پارچە شیعر – برگە) و هەروەها ئەو ئاڵ و گۆڕو ، پاش و پێش خستنەی قافیەش ، کە بەکاری دێنێت ، – لەوانەوە فێربووە و وەزنەکانیشیان یەکسەر وەک وەزنی پەنجە – هیجا – ی خۆمانە کە (مەولەوی )ش بەکاری هێناوە – ئەمەش وای لە گۆران کردووە کە هەوڵ بدا بۆ ژیاندنەوە و بەکارهێنانێکی بەربڵاوی ئەو وەزنانە – بەڵام بەڵگە هێنانەوە و لێدوانی تەواو لەم مەسەلانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی سەربەخۆ هەیە – ئێستا زانیمان کە گۆران خاوەنی گەلێ تاقیکردنەوەی ڕەسەنە لەگەڵ سروشتا و کەڵکی لە شیعری بێگانەش وەرگرتووە – بەڵام ئەمەندەش بەس نیە بۆ سەرکەوتن لە شیعر نوسینا – شاعیری تریشمان هەن وەک پیرەمێرد و نووری شێخ ساڵح و دیلان ، کە لەم دوو شتانە بێ بەری نین . بەڵام هەرچۆنێ بێت وەک گۆران سەرکەوتوو نەبوون – ئێستا ناچارین کە بڵێین گۆران لەپێش هەموو شتێکی تردا – بەهرەی هەبووە – بە شاعیری لەدایک بوو بوو ، یان وەک خۆی دەڵێ : بۆ شیعرو ئەدەب زابوو – ئەم بەهرە شیعریە هەستێکی ئیستاتیکی ناسک و ڕەخنەگرانەی داوە بە شاعیر کە هەمیشە ڕەقیب بێت لەسەری و ڕێگەی نەداوە لەگەڵ خۆی و شیعرەکانیا ناڕاستی ڕەچاو بکا – دکتۆر ابوالهدی الاسعد دەڵێ : هەموو خەڵکی شاعیرن بەڵام بەپلەی لێک جیاواز – بەڵام لەبەر ناتەواوی لە دەربڕینی هونەریدا زۆر پارچە شیعری بەرز لە یەکەم ڕاچەنینا دادەمرکێننەوە و لە دایک نابن . ئاخۆ چەندەها گەورەپیاو بە نەناسراوی ماونەوە چونکە نەیانتوانوە گۆرانی بڵێین)! (11 ) بەڵام گۆرانی ئێمە لەو شاعیرە گەورانەیە کە بەهرەی دەربڕینی هونەرییان لەگەڵدا

لەدایک بووە – و هەر لە یەکەم ڕاچەنینا شیعرەکانیا لە تابلۆیەکی هونەری جوان و نەمردا خۆدادەڕێژن .

**دووەم : میتۆد – ئوسلوب – ی شاعیر لە هۆنراوەکانیا:**

کۆلرج ئەڵێ : (هونەر توانستی ئینسانی کردنی سروشتە – هونەر ئەوەیە کە لە دەستمان بێت ئەو بیرو سۆزە ئینسانیەی هەمان بیرژێنینە ناو ئەو شتەی کە کەرەستەی لێخوردبوونەوەیە) – بە ڕاستی ئەم پێناساندنەی بۆ هونەر زۆر بە تەواوی بۆ هونەری گۆران دەگونجێ – ئێمە بینیمان چۆن گۆران هەموو هەست و نەست و خولیایەکی خۆی دەڕێژێتە ناو ئەو ڕواڵەتە سروشتیانەی لێیان خورد دەبێتەوە و سەرنجیان دەداتێ – بینیمان چۆن ماتی و زیزی و خەمباری خۆی دا بە پایز – چۆن تاریکایی و ڕووناکی شەوی لەناو دڵ و دەروونی خۆیدا گێڕا – چۆن بە دەیان سیفەت و خاسیەتی ئادەمیزادی دا بە گیاندار و بێگیان لە سروشتدا – بەڵێ! هەر ئەم ئینسانی کردنی سروشتەیە کە وای لە گۆران کردووە کە لە هەموو تەکنیکێکی ئەدەبی زیاتر (کەسایەتی – پێدان – ) بەکاربهێنێت کە بریتیە لەوەی خاسیەتی ئادەمیزاد بدەی بە گیاندار ، بەرد ، ئاو ، هتد یان بە گیانلەبەرێک کە خۆی ئەو خاسیەتەی نەبێت : لای گۆران بە دەیان نموونەمان هەیە – بە ئەستێرە ئەڵێ :

هەڵئەخلسکێ کز ، کز ئەگاتە لێوار
هەڵئەخلسکان و کزی سیفەتی مرۆڤن .
یان ئەڵێ :
لێوی تینووی کەل وەک دڵۆپ ئەیمژێ .
تینوێتی و لێومژین بۆ ئینسان بەکاردێن .
بە دارچواله ئەڵێ :
وەک بووک ئەندامیان لە سووراو نابوو
لەنجەی ناو ئاویان ، بۆ چپەی با بوو

لەنجە و چیە بۆ ئینسان بەکاردێن – هەروەها

لەبەرپێی نەمانی چوالەدا سووراو
لە ڕوومەت تکاوە و ڕژاوەتە ئاو

گۆران دارچوالەکان بە ئافرەتێک دادەنێ کە سووراو لە ڕوومەتیەوە دەتکێ. وە زۆر نمونەی تریش کە تێیانا : سروشت – هەروەک – ئینسان بێ ئەگری – پێ ئەکەنێ – هێرش دەبا – ئەمرێ – گۆرانی ئەڵێ – هەناسەی سارد هەڵئەکێشێ – ئەنوێ ، ئەخنکێ – هتد .

(کرۆچی) لە کتێبی (ئیستاتیکا) دا دەڵێ : (هونەرمەند ئەو کاتە تاقیکردنەوەیەکی جوانی – شناسی–

ڕاست و دروست بە دەست دێنێت کە دیمەنێکی هەستی (حسی) وا دەدۆزێتەوە ، گرنگی و بایەخ و واتایەکی بەرزی نائاسایی تێدا هەبێت ، بەڵام نەک بە نیسبەت عاتیفە و سۆز و خولیا و ئارەزووەکانیەوە – و هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بتوانێ مەوزوعە حسیەکەی بە جۆرێک دابڕێژێ کە ئەو گرنگی و واتا نائاساییەی تێیدا هەیە بگەیەنێ بەو کەسانەی کە ئەوانیش توانای بەپەرۆش بوون و هاوهەست بوونیان لەگەڵ تاقیکردنەوەکەیدا هەیەو دەتوانن تێبگەن ئەو چی دەردەبڕێ (12 ) – دیارە گۆرانیش لەم هۆنراوانەیدا کەرەستەی تاقیکردنەوەکانی لە ڕێگەی عاتیفە و سۆزەوە هەڵبژاردوون نەک بە پێی بیروباوەڕێک یان ئایدۆلۆژیایەک – سەرکەوتوویی دەربڕینەکەی شاعیریشمان لەو کارەوە بۆ دەردەکەوێ کە هۆنراوەکان دەیکەنە سەر ئێمە – کە بێگومان کارتێکردنێکی عاتیفیە – گۆران قسە لەگەڵ عاتیفەی خوێنەر دەکا – نەک عەقڵی – بۆیە تاقیکردنەوەکان بە نیسبەت خوێنەواریشەوە هەر لە چوارچێوەی ئیستاتیکی و عاتیفەیەکەدا دەمێننەوە : واتە خوێنەر پاڵ پێوە نانێن بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوە – بەڵکو جۆرە سۆزو بیرەوەریەک لە دەروونیا بەرپا دەکەن کە وای لێدەکە ن هۆنراوەکە پەسەند بکا و پێی خۆش بێ . بێجگە لە ئینسانی کردنی سروشت و – هەڵبژاردنی دیمەنی ئەدەبی جوان و – ڕەنگ و بۆیەی تۆخ و ئاڵ و کراوە – یا کاڵ و لێڵ – مۆسیقاش دەورێکی سەرەکی دەبینێ لە دروستکردنی مەناخی نەفسی و عاتیفی هۆنراوەکان – (بۆدلێر) زوو گەیشتە دەرککردنی گرنگی مۆسیقا لە شیعردا و ئەو ڕاستیەی کە (ئیقاعی دەنگی خەون دروست دەکات و دەچێتە ناو ناخی دەروونی ئینسانیەوە) . (مەبەست لە هارمۆنی و پێکەوە گونجانی ئاوازە دەنگیەکان و ئیقاعەکان و دروستکردنی دەوروبەرێکی نەفسی یە کە بە پێیتوانست و ئاستی تێگەیشتنی و لێهاتوویی خوێنەواران خۆیان دایەرەی ئەو دەور و بەرە نەفسیە پان یان تەسک دەبێت. ئەم جۆرە مەناخە نەفسیەش پێی دەوترێ : ئیحا – چونکە مانای شیعر لە چوارچێوەی سنوورێکی ماددیدا نییە بەڵکو لەناو دەروونی مرۆڤدا بەرینتر و فراوانتر دەبێت و زۆر شت دێنێتەوە یاد کە جیایە لە دنیا ماددیەکەی هۆنراوەکە : ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی خوێنەوار لە لایەکەوە و ، ئەو سیستەمە زمانییە ئیحا بەخشەی لە هۆنراوەکەدا بەکاربردراوە لەلایەکی ترەوە –) (13 ) .

گۆران توانیویەتی لێزانانە هاوتایی لە داڕشتنا و (التوازن البنائی) پێکەوە گونجان و هاوتایی و هارمۆنی لە زەنگی شیعری و مۆسیقاکەیدا دروست بکات . (الجرس الشعری و التناغم الموسیقی) . ئەم سەرکەوتنەش لەبەر ڕەسەنی تاقیکردنەوەکانی شاعیرە لەگەڵ کەرەستەکانیدا . گۆران لەساڵی ( 1960 ) لە گۆڤاری هیوادا نوسیویەتی : (ڕەخنەوانەکان شتێکی تریش ئەکەن بە مەرج بۆ بەهای ئیستاتیکی هەست بە گشتی لە هونەرە جوانەکانا و تایبەتی لە هەڵبەستنا : هاوهەستی – کردن لەگەڵ ژیان! واتا ، بە هەست لەگەڵ ئەو شتانە نەبین کە ژیان لەبەرچاو ئەخەن بەڵکو چێژ لەو شتانە وەرگرین کە پترمان ئەنوسێنن بە خۆشی و شیرینی ژیانەوە) بەڵێ : گۆران لەگەڵ ئەو شتانە هاوهەست بووە کە ئەویان لە جوانی ژیان نزیک کردۆتەوە – و هەرشتێ هاودەرد نەبووبێ لەگەڵیا و چێژێکی تەواوی لێ وەرنەگرتبێ نەیکردۆتە کەرەستەی شیعرەکانی . بەڵام دیارە ئەو شتانەی شاعیر هاوهەست دەبێ لەگەڵیانا مانای ئەوەیە خۆشیانی ئەوێ – کە ڕێزیان لێ ئەگرت و نرخێکی تایبەتیان بۆ دادەنێ . بۆیە سەیر نییە کە وەکو بوونی خۆیانیان سەیر نەکا – مەبەستم ئەوەیە کە بەرزتر یان بەهێزتر یا بەڕێزتر یان جوانتر لەوەی کە هەن سەیریان دەکا – واتە لە واقیع بەرزیان دەکاتەوە و ڕەنگێکی ئایدیالی میسالی یان

ئەفسوونییان بۆ زیاد دەکا – کە سەرچاوەی ئەو ڕەنگەش وەک (کۆلرج) بۆی چووە : خەیاڵە ئەندێشەیە – ئەندێشەیەکی تەفسیری نا – وەک هی شاعیرە کلاسیکیەکان ، بەڵکو وەک گۆران لە گۆڤاری ناوبراو دەڵێ ( ئەندێشەیەکی داهێنەرانە – کە ئەم جۆرە ئەندێشەیە بەرهەمی سەرنجدانی بویێژە لە دنیای جوانی بە درێژایی تەمەنی) و هەر ئەم ئەندێشە داهێنەرانەیە کە دەبێتە پرد لە نێوان شاعیر و هەموو شتێکی جوان و ناسک و بەرزدا – بام دوور و مەحاڵیش بێ گۆران دەڵێ : (مەگەر تۆ بێیە ئیمدادم گەلاوێژئەی ستارەی گەش) . گەلاوێژ چۆن دێتە ئیمدادی شاعیر؟! (جۆرج تۆمسن) نوسەری کتێبی (مارکسیزم و شیعر) (14 ) لە لێدوانیا لە دێڕێک شیعری لەم چەشنە کە شاعیرەکەی دەڵێ :

(ئەی ئەستێرەی درەوشاوە – خۆزگە منیش وەک تۆ چەسپاو دەبووم!) لە لێدوانیا لەم شیعرە : تۆمسۆن دەپرسێ : بۆ شاعیرەکان تینووی موستەحیلن؟ خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ : چونکە ئەمە پێویستە بۆ وەزیفەی شیعر کە لە سیحرەوە وەرگیراوە – یا بەمانایەکی تر : وەزیفەی شاعیر ئەوەیە کە لە هاوڕێکانیدا ئارەزووی بەدیهێنانی ئەو شتانە بجوڵێنێ کە تا ئێستا بەدینەهاتوون ، گۆرانیش بە ڕاستی – ئارەزووی خۆشویستی ئەو شتانەمان لە دڵا دەجوڵێنێ کە زیاتر دەمانئوستنن بە جوانی و خۆشی و شیرینی ژیانەوە – بام لە ڕێی داواکردنی موستەحیلیشەوە بێت. بەڵام ڕەگەزێکی کەی گرنگ ماوە کە عەمەلیەی داهێنانەکە – ئیبداعەکەمان بۆ تەواو دەکات : ئەویش زمانە ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەر شاعیر ، هەر شاعیرێک ، دەستەڵاتێکی تەواوی بەسەر زماندا نەڕوا و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەندی نەبێت لە دەربڕینی تاقیکردنەوەکەیدا پەکی دەکەوێت ، چونکە ئەداتێ دەربڕینی شاعیر وشەیە ، ئایا زمانەکەی گۆران چۆنە ؟ : (زمانی شیعری گۆران زمانێکی پەتی و پاک و بێگەردە خوێنەری کورد بە هەموو گیان و دڵیەوە هەستی پێدەکات کە زمانی خۆیەتی لێی تێدەگا و خەیاڵی شیعری شاعیر ڕایدەکێشێتە جیهانێکی تر– دەرگای بەهەشتی بێ پایانی هونەری لێ دەکاتەوە ، زمانی گۆران پەتی و پاکە ، بەڵام دروستکراو نییە ، وەک ئاوی سەرچاوە ڕوون و ڕەوانە ، چونکە گۆران زمانی گەلی خۆی باش دەزانێ ، ئەو زمانەی کە کوردی جوتیار ، کوردی کرێکار و شوان و سەپان پێی دەدوێن . بەم زمانەش شیعریان بۆ دەڵێ بەڵام دەیخاتە قاڵبی زمانی ئەدەبیەوە و ناو چواچێوەی هەڵبەستێک کە ڕێزمانی کوردی لە بیر نەکردۆتەوە .) (15 ) هەرچەندە وشەی لای گۆران لە تەنها دێوێکدا خۆی دەنوێنێ – کە دیوی دەرەوەیە بەڵام نرخی ئەم دیوەی کە لە ئینگلیزیدا پێی دەڵێن نرخی ڕوو face value هەموو پێ دراوە . مەبەستم ئەوەیە کە وشە لای گۆران ڕەمز نیلاە و هێما نیلاە بۆ مانایەکی فیکری و عەقڵی قووڵتر لەوەی کە لە دەرەوە دەربڕدراوە ، بەڵام وا ساف و بێگەرد و عەفەوی بەکارهێنراوە کە زۆر جار لە رووی وشەکە ڕا دەتوانین ڕوحەکەشی ببینین – تەنانەت وشە عەرەبیەکانیشی لەگەڵ مەناخی نەفسی شیعرەکە و مۆسیقاکەیدا وەها تێکەڵ بوون کە لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێت هەست بە قورسی و غەریبا یەتییان ناکەین .

بەم جۆرە هەموو ئەم ڕەگەزە شیعرییانە سۆز و مۆسیقا و ئەندێشە و زمان و ڕەنگ و وێنە ، کە هەموویان لە (هاوهەستی کردن لەگەڵ ژیاندا ) (تاقیکردنەوە) دا – سەر هەڵ دەدەن یەک دەگرن بۆ دروستکردنی ئەو یەکێتیە نمونەییە لە نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لە شیعری گۆراندا بەدی دەکەین .

سێیەم : ئەو هۆنراوانەی لێکۆڵینەوەکەم دەربارە کردن لە هەموویاندا سروشت ناوەڕۆکی سەرەکییە ، ،یان بە تەنها بۆ سروشت گووتراون .
دەتوانین بڵێین ئەم شیعرانەی نوێنەری قۆناغی یەکەمی شیعری ڕۆمانسی گۆرانن (بەو پێیەی کە شیعرەکانی دەربارەی سروشت بە قۆناغی ڕۆمانسی یەکەم ) و دەربارەی ئافرەت بە قۆناغی ڕۆمانسی دووەم دابنێین) . (بەپێی پێشکەوتنی فیکری ناو هۆنراوەکان. ئەمجا قۆناغی ڕیالیزمی سۆسیالیست) . و لەو نمونانەدا هەڵوێستەکانی گۆرانمان بەم چەشنە بینی :

1. وەک وێنە کێشێک سەیری سروشت دەکا و وێنە دەگرێ
2. وەک سەیرانکارێک کە خۆشی و لەزەتێکی مناڵانە لە سروشت وەردەگرێ :

خۆشی و لەزەتێک کە وەکو شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز ورذویرث دەڵێ: (تەنها چاو وەریگرتبێ و بەس.)
3- یان هەڵوێستێکی (بایرۆنی ) (16 ) یانەی موتەصەوفانەی هەیە وەکو د. عیزەدین مصطفی دەڵێ: (شاعیر وێنەی ئینفیعالاتەکانی دەروونی خۆی و هەستکردنی قووڵی بە جوانی سروشت دەکێشێ و یەکگرتنی دیمەنەکانی دەرەوە لەگەڵ ئەو وێنەیەی لە ناخیا دەبێتەوە نیشان دەدات) (17 ) – ئەمە بە زۆری لەو هۆنراوانەدا دەردەکەوێ کە گۆران تێیانا سروشت بە هاودەمی خۆی دادەنێ یان وەک بۆتەیەک بۆ هەڵڕشتنی خەم و ئازارەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت و وەک پەناگەیەک خۆی تێدا حەشار دەدات.
4- سروشت زۆر جار بەدیلێکە بۆ ئافرەت یان جوانی ئافرەت.
5- سروشت وەک جیهانێکی پان و بەرین دەبینێت کە ئازادی بێ زنجیری خۆی تێدا دەدۆزێتەوە و – هەر لەو کاتیشا هەست بە بچوکی وکەمی خۆی دەکات لە ئاستیا–
6- لە سروشتا ڕوداوە ئینسانیەکان بەدی دەکات وەک مردن و کۆچکردن.
7- سروشت بە پێچەوانەی ئادەمیزاد ، بە نمونەی بەرزی و پاکی بێگەردی و پیرۆزی دادەنێت.
8- سروشت وەک مامۆستایەک سەیر دەکات کە دەبێ لێیەوە فێربێت. ئەمەش لە – سەوزەگیا – ی پایزدا نیشان دراوە کە پێشکەشی کردووە بە گیانی بەرزی مەولەوی و شیعرەکانی بە جۆرێک لێکدراون کە لێک جیا کردنەوەیان ستەمە – یان با بڵێین: مەولەوی کردۆتە سروشتێکی سەربەخۆ و تاک کە گیا سەوزەکەی ئەو بە پێچەوانەی هی سروشت لە پایزدا ئەڕوێت! لەو هۆنراوەدایە کە هەست دەکا پێویستە لە (سروشت – مەولەوی) فێربێت:

منیش لە دایکی تەبیعەت زاوم
بۆچ کردەوەی ئەو نابینێ چاوم.. هتد.

بەڵام لە زۆر نمونەی ترا ، لە قۆناغەکانی پێشکەوتنیا ، گۆران سروشتی بەکار هێناوە بەڵام وەک مەوزوعێکی سانەوی. وە پێش ئەوەی بێمە سەر باسکردنی هەڵوێستە دواییەکانی ، دەمەوێ هەندێک لەم شیعرانەی پێشووی لە لایەنی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵیەوە بدوێم.
ئەوەی ئاشکرا ئەوەیە کە ڕێبازی ڕۆمانسیزم هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا بە زمانی حاڵی چینی بۆرژوازی ناسراوە – ئەم ڕاستیە – بێگومان – ئەدەبی کوردیش دەگرێتەوە (– کە قوتابخانەی ڕۆمانسیزم تێیدا لە نێوانی دوو جەنگی جیهانی

یەکەم و دووەمدا دەرکەوت و دەستی بە گەشەکردن کرد... چینی بۆرژوازی کوردیش ، یان بیروباوەڕەکانی ئەم چینە ، لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، لە کۆمەڵی کوردەواریدا دروست بوو (18 )– مامۆستا د. عیزەدین مصطفى – ش نوێنەرانی تەیاری ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردیدا بەو ڕۆشنبیرانە دادەنێ کە نوێنەری بیروباوەڕی بۆرژوازی پێگەیشتوو بوون لە بزوتنەوەی نیشتمانی کوردیدا و – کە هەر لە ناو ئەوانیشدا ئەو ڕۆشنبیرە زانایانە دەرکەوتن کەبیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و سۆشیالیستیان گرتە خۆیان (19 ). هەروەها هۆی ئەو ڕواڵەتەی غەمباری و دووره پەرێزی چۆڵپەرستیەی کە لە شیعری ڕۆمانسیدا هەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ (بێهومێدی بوون لەو کۆمەڵەی کە ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکان فەرمانڕەوایی دەکەن. ) وەهۆیەکی تریش ناودەبات کە (تەئسیری تەیاراتی ڕۆمانسی ئەدەبی جیهانیە ) (20 ).

هەموو ئەم ڕایانە بە ئاشکرایی لە شیعری گۆراندا عەکس بوونەوە – بەڵێ! گۆران لەو هۆنراوانەیدا کە باسمان کردن دووه پەرێز لە خەڵک و لە کێشەکانی کۆمەڵ دەوەستێ – شاعیر باسی سروشت دەکات بەڵام وەک مرۆڤێکی بۆرژوازی – چونکە هیچ ئەو خەڵکەی بە بیردا نایەت کە لە تەک ئەو سروشتەدا دەژین – با بەپێی بیرکردنەوەی ئەمڕۆی خۆمان حوکم بەسەر شیعرەکانیا نەدەین. بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ژیانی شاعیر خۆی – بۆ ساڵی 1947 – ژمارە (9 )ی گەلاوێژ ، بزانین ئەوسا چییان وتووە – کاک ق– نەبەرد ، لەو ژمارەیەی گەلاوێژدا دەڵێ (من بە کاک گۆران ناڵێم باسی چەم و دۆڵ و شاخ و چیای کوردستانمان بۆ نەکا– بەڵام توخوا شیعرەکانی کاک گۆران چەند جوان ئەبوون ئەگەر هەر بەوەندە وازی نەهێنابا بەڵکو دەری بخستایە کە ئەو میللەتەی کە لەم وڵاتە خۆشەدایە لە سەدا نەوەت و حەوتی لەژێر باری هەژاریدا ئەتلێنەوە و – هیچ خۆشیەک لە جوانی وڵاتەکەیان نابینن)(21 ).

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕایەکەی کاک ق– نەبەرد. ئەم نمونەیە دێنمەوە– سەیری ئەم وێنەیە کەن کە لە هۆنراوەی (بەهاری پاش باران) دا کشاویەتی:

جوتیاری نەقیزەی درێژ سەرشان نەر ،
بەرەو ماڵ لەقە لەق گای داوەتە بەر ،
تا ئەژنۆ لە قوڕدا و کەپەنەک لەسەر ،
بۆ ڕانی تەڕبووی هەڵپە و خەم لەبەر ،

لێرەدا گۆران دەوەستێ و لەم وێنە کامیرایە ڕەتوش کراوە بەدەر هیچ لێدوانێکی تر زیاد ناکات– و ، هەر وەکو یەکێک لەو دیمەنە سروشتیانەی تر کە لە هۆنراوەکەدا وێنەی گرتوون وێنەی ئەو جوتیارەشی گرتووە– واتە شیعرەکە: ڕیالیزمی ڕەخنەیی ، یا شۆڕشگێڕی ، یان سۆشیالیست نیە ، ڕیالیزمی تەبیعیە (نەچرالیزم) و هیچی تر– گۆران ئەوەی مەبەست نیە ئەو جوتیارە چۆن دەژی ، یان کە دەڕواتە ماڵەوە نانی هەیە بیخوا یان نا– مناڵەکانی ساغن یا دەردەدارن– پیاوەکانی ئاغا لە دووی هاتوون بۆ بێگار یان نا– کە ئەگەر بە قسەی کاک ق– نەبەرد بووایە دەبوو ئەمانەی هەموو باس بکردایە و ، تەنانەت ئەو دەڵێ شیعرەکانی ئەو کاتە جوان دەبوون کە ئەمانەی بگوتایە– دیارە کاک ق– نەبەرد هەقیەتی و هەموو کوردێکی کەش خوێندەوار و نەخوێندەوار مافی ئەوەی هەیە ئەم جۆرە ڕەخنەیە بگرێ و ڕای خۆی دەربڕێ– چونکە وەکو لە

سەرەتاوە باسم کرد هەر کەسە  بە پێی چۆنێتی ژیان و هەڵوێستی چینایەتی و بیرکردنەوەی خۆی مەفهومێکی تایبەتی بۆ (جوانی) هەیە- وەک کاک ق-

منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک
هەتا ناشتوانم ، بفڕم ، بخوێنم.. بە باڵ بە دەنووک

لێرەشدا حاڵی دەبین کە گۆران بە پێی هیچ ئایدۆلۆژیایەک ئەم لێکدانەوەیە ناکات- شاعیر خۆی لە مەلەکان بە بێهێزتر دەزانێ چونکە وەک ئەوان باڵی نیە بفڕێ و دەنووکی نییە بخوێنێ!! بە بێ ئەوەی بە بیریا بێت کە ئەو ئادەمیزادە و – ئادەمیزادیش توانیویەتی بەسەر تەبیعەتدا زاڵ بێت و موعجیزات دروست بکات ، توانیویەتی نەک هەر باڵێک بەڵکو بە دەیان باڵ دروست بکات بۆ فڕین و هاتوچۆکردن وەک: ساروخ و تەیارە و ئۆتۆمبیل و کەشتی و- هتد ، وە دەیان (دەنووک) ی دروست کردووە وەک ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و تەسجیل- هتد!! کە هەتا هەتایە لە گۆرانی گوتن ناکەون!.
بەڵام ئێستا با بگەڕێینەوە و بپرسین: گۆران چی کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێم : گۆران شیعری نوسیوە. شیعرا!! شیعریش دەرمان نییە کە بە پێی ڕەچەتەی دکتۆر وەربگیرێت ، ڕیالیزمی سۆشیالیستیش ئەم داوایە لە شاعیر ناکات. بەڵکو ئەوەی ئەو دەیەوێ تەنها ئەوەیە : کە شاعیر لە ژیان دانەبڕێت ڕاست بێ لەگەڵ خۆیدا وە لەگەڵ حەقیقەتی ژیاندا. گۆرانیش وەک پێشتر گوتم هەستێکی ئیستاتیکی ناسکی هەبووە کە ڕێگەی نەداوە نا ڕاست بێ لەگەڵ خۆیدا- و هەر شێتک (هاوهەست) نەبووبێ لەگەڵیا نەیکردۆتە کەرەستەی شیعرەکانی- گۆران لەو قۆناغەدا نەیتوانیوە داواکانی کاک ق- نەبەرد بێنێتەجێ- چونکە لە کۆمەڵێکدا ژیاوە  کە لەژێر دەستەڵاتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتیدا بووە – بزرتنەوەی سیاسی و چالاکی حیزبەکان زۆر کز بووە ، کە نەیتوانیوە خولیایەکی تازە و نوێی شۆڕشگێڕانە بخاتە بەردەمی ڕۆشنبیرە بۆرژوازیەکان ئیمپریالیستەکان خەریکی چاوبەستن و دزین و تاڵانکردنی خێرو بەرەکەتی وڵات بوون. دەرەبەگەکان لە دیوەخانا پاڵیان دابووە و سواری و ڕاوی کەو و کەروێشک و حەیوانە کێوی تەنها هیوا و مەبەستێکیان بوو. ئەفەندیە بۆرژوایەکانی شار زۆربەیان خەریکی قومار و خواردنەوە بوون و هیچی تر. جا لە کۆمەڵێکی وادا شاعیرێکی هەست ناسکی وەکو گۆرانیش: ناچارە پەنا بەرێتە بەر سروشت و تینوێتی گیانی خۆی بەو پاراو کات و ناهومێدی خۆی بە ئەو سەبووری بداتەوە- مەبەستم ئەوە نییە پاکانە بۆ گۆران بکەم ، چونکە دیارە وەزعەکە هەمووی هەر وا نەبووە- بوونی گۆڤارێکی وەک گەلاوێژ و هەڵوێستێکی چەپڕەوانەی وەک هی ق- نەبەرد شتێکە مانایەکی خۆی هەیە.
ئەگەر لە لایەکی ترەوە ئەم ڕەخنەیە (گلەیی) بێت لە شاعیر ئەوە گلەیی نییە لە (شیعرەکان)! چونکە ئەگەر پێوانەی نرخ دانان بۆ شاعیر بێجگە لە (شاعیرێتی) یەکەی پێوانەیەکی سیاسی و ئەخلاقیش بێت- ئەوە بۆ شیعرەکە وەکو هونەر و زمان سەرکەوتنە هونەریەکەی بە تەنها پاکانەی بۆ دەکات. بەڵام کە ئەمە جێی شانازیە- گۆران هەروا نەمایەوە ، بەڵکو- حەتما- لەگەڵ پەرەسەندنی بیروباوەڕی بزوتنەوەی بۆرژوازی دیموکراتی کورد و ، تەئسیری بیری پێشکەوتنخواز و ، پەیوەندی داری بە ئەدەبی تری گەلانەوە، دەبوو گۆران پێشکەوێت و

تاقیکردنەوەی نوێ بە دەست بهێنێ و لە شیعرەکانیا دەریان برێ بە بێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکا یا درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات ،هەر بەم چەشنە دەبینین کە هەڵوێستی ئەو بەرامبەر سروشت دەگۆڕێ و ئەوی تەنها خۆی لە خۆیدا مەبەست نیە و بەڵکو گەلێ مەودای تری دەداتێ– کە زۆر بە کورتی و خێرایی باسی هەندێکیان دەکەم.

یەکەم: سروشت و ئافرەت: لە هەندێ باسەکەما ئەوەم وت کە گۆران سروشتی لەئافرەت ڕاخۆش دەوێت و زۆرترین تەشبیهەکانی لە (ئافرەت) وەرگرتووە. بەڵام هەرچۆنێ بێت لەو نمونانەی پێشوودا بیری (سروشت) بەسەر بیری ئافرەتدا زاڵە. و بەربەرەکانی نێوان (ئافرەت) و (سروشت) یان جوانی ئەو دووانە لای شاعیر پەرەدەسێنێت.

ئەی قژ زەردا! ئەی گەردن بەناز لار گرتوو
دیوێکم لە پاسا تۆی ، دیوێکم باخە
ئەکەمە هەر دیوێک ، نیگای ئارەزوو ،
بۆ گیانی قەفەسیم سەرچاوەی ئاخە

لێرەدا شاعیر چ بۆ (قژ زەرد– ئافرەت) بڕوانێ یا بۆ (باخ– سروشت) هەردوکیان بۆ گیانی دیلکراوی ئەو سەرچاوەی ئاخ و خەفەتن– واتە لێرەدا ئافرەت و سروشت لە دوو تای یەک تەرازوودا بەرامبەر دەوەستن. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە لەگەڵ پەرەسەندنی بیرکردنەوەی شاعیردا– لە چەندێتی و چۆنێتیدا– ئافرەت شوێنی یەکەم وەردەگرێت . جوانی تەبیعەت بە بێ جوانی ئافرەت خۆڕاییە و ڕوناکی تێدا نیە:
لە (ئافرەت و جوانی) دا دەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکیە ، بێ بزەی ئازیز
کام ئەستێرەی گەش ، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی ، گۆی مەمکی ، لێوی

هەروەها لە (ڕەوتێکی جوان) و(بەستەی دڵدار)یشدا هەر ئەو پایە بەرزە بۆ ئافرەت دادەنێ.

دووەم: سروشت و بیری نەتەوەیی : کە شاعیر پێ دەنێتە دنیای ڕیالیزم و بیرلە نەتەوەکەی و ئازارەکانی دەکاتەوە ، بەکارهێنانی سروشتیش بوعدێکی نەتەوەیی وەردەگرێ– هۆنراوەی (پاییز)مان لە بیرە کە چۆن تاقیکردنەوەکەی گۆران تەنها تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی ساف بوو– هیچی تر. گەڵا زەردەکان دەوەرین بەڵام وەرینەکە ئاوێتە دەکا لەگەڵ مەسەلەی گەلەکەی و لێرەوە فرمێسک و هەناسە ساردەکانیش دەبنە ڕەمز بۆ شتی تر–

عاسمانی شینی ئەیلوولی قژ زەرد
نازانێ تینووی فرمێسکە ڕووی هەرد؟
نازانێ کزەی هەناسەی بێ تین؟

چەند گەڵایەکی زەردی بۆ هانین؟
بە ڕەنگی فرمێسک لێیان نوسرابوو
قالە مرد ، هەی داخ! باخ بەرەڵڵا بوو؟
شاخونچەی خەڵفی تافی جوانی ،
بوو بە داخی دڵ ، گەڵاڕێزانی!
عاسمان سا بگری بە بێ هیوایی!
فرمێسک بڕێژە تک تک ، ئاسپایی!

گەڵا وەریوەکان– لێرەدا–بە فرمێسک!! هەواڵی شەهیدبوونی ڕۆڵەیەکی خەباتکەری کوردیان لە سەر نووسر اوە– گریانەکەی ئاسمانیش (بەخۆڕایی نیە) هەربۆ قالەیە: (قالەی ئایشەخان و کورد).

سێیەم: ئەمجارە پێشکەوتنی تەواو لە هەڵوێستی شاعیردا بەدی دەکەین– سروشت و ئافرەت و گەل هەموویان لەبەر دەم ڕوئیای شاعیردا یەک دەگرن– لێرەدا مەفهومی سروشتیش بە مانا گشتیەکەی دەگۆڕێ– سروشت لە هەر شوێنێکی دنیادا بێ وەکو شتێکی ڕووت– مجرد– وەری بگری هەر سروشتە: و هیچ لەم ڕاستیە ناگۆڕێ کە ئەم سروشتە لە کوردستان بێ لە ئەمەریکا یان لە هیندوستان– هتد بەڵام ئەمجارە لای گۆران سروشت ناوێکی تری دەدرێتێ کە ئەویش وەتەن و وڵاتە چونکە ئافرەت (ئینسان)+ سروشت– وڵات. لێرەوە وڵات دەبێ بە (قضیە) و شاعیر دەبێ خۆی بۆ بەکوشت دا و ، داوا لە خۆشەویستەکەشی دەکاتکە گلەیی ئەوەی لێ نەکات کە بۆ (وەتەن) خۆبەکوشت دەدات، چونکە خۆبەخت کردنی لە پێناوی وڵاتدا ، هەر لەو کاتەدا خۆبەخت کردنە لە پێناوی خۆشەویستەکەشیدا ، مادەم ئەم وڵاتە خۆشەویستەکەی بۆ پەروەردە کردووە:

بڵێ بە بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە پێناوی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم نەژیا
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

بۆ تێگەیشتنی تەواوی هەڵوێستی فەلسەفە بەرامبەرسروشت بە درێژایی مێژوو بڕوانە کتێبی:

The Idea of Nature, dy– R .G . Collingwood.

(2) بۆ ئەو زانیاریانە کەڵک لەم کتێبە وەرگیراوە:
An Introduction to the Study of literature – by William Henry Hudson

(3)

Macbeth. Act II Scene IV

(4) سروشت و دەروون. لاپەڕە – 67 – پەراوێز.

(5)

Richards. I.A. principles of literary Criticism

چاپی ئینگلیزی. لاپەڕە (23)ەوە بەرەودوا.

(6)(سروشت و جوانی) ناونیشانی بەشی یەکەمی دیوانی سروشت و دەروونە.

(7) تکایە خوێندەوار هەمیشە تێگەیشتنی (جوانی) وەکو باسم کرد ، لە خوێندنەوەی ئەم باسەدا لە بیربێت. وەکە لە هەموو حاڵەتێکدا بریتیە لە ڕەمزێک بۆ پێویستیە مادیی و ڕۆحیانەکەی کە گۆران لە کۆمەڵەکەیدا دەستگیری نابن و لە سروشتدا بۆیان دەگەڕێت.

(8) شاعیرە میتافیزیکیەکان: ئەم ناوە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەسەر کۆمەڵێک شاعیری ئینگلیزدا بڕدرا کە بیرەکانیان بە زۆری لە ڕێگەی بەکارهێنانی metaphore (استعمارە)ی نائاسایی و سەیر کە تا ڕادەیەک موبالەغەیان تێدا بوو.. دەردەبڕی لەوانە جۆن و دۆن, Jhon Donn ، Thomas Carew , Richard Lovelace هتد

.

(9) بۆ تەواوی هۆنراوەکە بڕوانە:

The Penguin Book of English Verse. Page.. 160 .

(10) فرمێسک و هونەر.لا ، 144

(11) الدکتور ابو الهدى الاسعد– حاشیه على النقد. لا ، 62 ،

(11) قسەکە لەم کتێبە وەرگیراوە.. لاپەڕە (36):

An Introduction to Aesthe tics. T. F. Carete

(13) الرمزیه و الادب العرب الحدیث . تألیف: انطون غطاص کرم.. لا 42–43

(14) جورج طومسون. المارکسیه و الشعر. ترجمه خالد القشطینی. لا ،19

(15) ڕۆژنامەی کوردستان .. ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ژمارە (21).

(16) بایرۆنی: نیسبەت بە بایرۆن (Byron ) شاعیرێکی ڕۆمانسی ئینگلیزی بەناوبانگە .. لە نیوان 1788 – 1824 دا ژیاوە. لە شیعرەکانی سروشتیا لێکدان و ئاوێتەکردنێکی تەواوی ئینفیعالاتەکانی خۆی و ڕواڵەتە وەسف کراوەکانی سروشت بەدی ئەکرێ.

(17) الدکتور عزالدین مصطفى رسول .. الواقعیه فی الادب آلکردی. لا ، 193

(18) الدکتور معروف خزندار.. الثقافه الجدیده .. ژمارە 9 ساڵی ، 1969

(19) الدکتور عزالدین مصطفى رسول .. هەر ئەو سەرچاوە. لا ، 96

(20) هەر ئەو سەرچاوە . لا ، 96

(21) گەلاوێژ ژمارە 9 ساڵی ، 1947

(22) نمونەی شیعرەکان لە دیوانی (سروشت و دەروون) و (فرمێسک و هونەر) و (بەهەشت و یادگار) ەوە وەرگیراون.

## (4)

# ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆران – دا

دوای شەش ساڵ ئاوارەیی کوڕە لاوێ دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆیان- پێی دەڵێن گەورە کچێک هەیە جار جارە هەواڵی دەپرسێ. کاتێ چاوی پێ دەکەوێ و سەرنج دەداتە لەش و لاری پێگەیشتووی ئەو یادە کۆنانەی لەسەر تابلۆی خەیاڵی سپی ببوونەوە ، بە ڕەنگێکی تۆخ وێنەی بە پێز ی خۆیان دادەڕێژنەوە.

ئەو کوڕە گەنجە بە منداڵی دڵی بێگەردی خۆی نابووە دەستی ڕۆحی پاکی کچەوە- ئەوەندە هۆگری ببوو ، هەر ماوەیەک دوور بکەوتبایەوە ، تاسە و پەرۆشی دیدار ئارامی لێ هەڵدەگرت، گەردی غوربەت لە دڵی دەنیشت و لە دەست و پەنجەی گاڵتەو بازی کچە بەولاوە هیچ شتێ نەبوو بتوانێ ئەو گەردە لەسەر دڵی بسڕێ. هەندێ جار ڕوومەتە نەرمەکانی دەگووشین و شانەو گوڵەباخی لە قژە زەردەکانی دەدا ؛ بڕێ هەلیش لێوە قووت و چاو و برۆ مەستەکانی ماچ دەکردن.

بەڵام ڕۆژگار ئەو کوڕە بەختەوەرەی بۆ ناو دۆزەخی غوربەت و دووری فڕاند و سەرچاوەی ئەم خۆشەویستییە منداڵانە بێ نیازانەی کوێر کردەوە . وردە وردە یادی کچەکە لەسەر تابلۆی بیرەوەریدا سپی هەڵگەڕان.

بەڵام ئێستا دوای شەش ساڵ دووریی گەڕاوەتەوە.

نەئەو کچە ، کچۆڵەی جارانە و ، نە ئەویش ئەو منداڵە نەفامەیە.

بیر لەوسا دەکاتەوە و ، بیر لە ئێستاش.

هەل و دەرفەتی زۆر و زەبەندی ئەوساو ، تاسەو ئارەزووی یاساغی ئێستا.

وێنەکانی ڕابردوو ئەوەندە تینی بۆ دێنن ، بە ناچاری دەست دەداتە قەڵەم و ئەم موعاناتەی بە شیعر دەردەبڕێ- ناوی شیعرەکە (بۆ گەورە کچێک)ە و شاعیرەکەش کەس نیە گۆران نەبێت ، ئەمەش شیعرەکەیە:

ئەی گەورە کچی دولبەر و شۆخ ، وەختی مناڵیت
دابووم دڵێکی پوختە بە ئەو ڕۆحە عەفیفەت
تۆزێ ون ئەبووی کریەی ئەبەست عامیلی ئولفەت
گەردی لە دڵم ئەسڕی ، پەل و پەنجەی بازیت

گا ئەم گوشی ئەم رووومەتە نەرمە بە بەری دەست
گا شانە و گوڵباخم ئەدا لەو قژە زەردەت
گا ماچم ئەکرد لێوی قووت و چاو و برۆی مەست
چەند ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بوو بوو بە عادەت
تاکو لە پڕا کەوتمە ناو دۆزەخی غوربەت

کەم کەس سپی بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵم
ئێستاکە لەپاش بوردنی شەش ساڵە بە عەودەت
دڵشادم و تۆ دەم دەم ئەکەی پورسشی حاڵم
بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی ، عیشوە سەراپا
ئەوسا نیە تا ناخی نیگای دیدە بەری بێ

ئەوسا نیە تا ناوی قسەی دیوی دەری بێ
ئەوسا نییە ، ئەوسا نییە ، ئەوسا نییە بەخوا!!(1)

ئەم هاوارەی دوایی ، ئەم دووبارە کردنەوە پڕ لە حەسرەتەی ئەوسا نییە ، لە ناخی دڵەوە دەرئەچێ ، گۆران ڕاستییەکە دەخاتە ڕوو ، هێڵێکی ڕاست و تۆخ لەنێوان دوو کات و دەمدا دەکێشێ.
یەکەمیان: ماوەی منداڵێتی یە. گۆران ئەوسا ئەوین و ئولفەتداری کچۆڵان بووە ، بەڵام بێگومان ، بە دڵێکی پاکی منالانە و نیگایەکی بێ نیازانەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون. هەرچۆنێ بێ ئەوساش منالێکی وریا و زۆرزان بووە– دەسا لە ڕوومەت گوشین و دەسبازی و گوڵەباخ لە سەردان و چاو و لێوی قوت ماچ کردن ، زیاتر؟
دووەمیان: سەردەمی گەنجێتی یە. ئێستا گۆران بە چاوێکی ترەوە دەڕوانێتە ئافرەت: چاوی نیاز و ئارەزوو– ئێستا وەک کاتی منالیی نەفام نییە ، تا نیگاکانی بەری و بێ نیاز بن، یان قسەکانی تەنها دیووی دەرەوەیان هەبێ. ئێستا قسە و نیگاکان دیووی ناوەوەیان هەیە ، دیوی نیاز و ئارەزووی بە کوڵ ، هەڵبەتە ئارەزووی سێکس!
هەر لە سەردەمی یۆنانەوە دوو جۆر خۆشەویستی بەرامبەر بە ئافرەت دەستنیشان کراون:
یەکەمیان: حەز یان خۆشەویستی لەش ، کە وشەی eros خوای خۆشەویستی ، بۆ وەسفکردنی بەکاردێ.
دووەمیان: خۆشەویستی عوزری (Agape) ئەگاپیە ، ئەم جۆرە ۆشەویستییە زۆر جاریش بە خۆشەویستی ئەفلاتوونی دەناسرێ. چونکە ئەفلاتوون هەوڵی داوە خۆشەویستی لەش (ئیرۆسی) بخاتە ژێر تەئسیری فەلسەفە میسالیەکەی خۆیەوە و ڕەنگێکی ڕۆحی پێ بدا– لە گفتوگۆی داوەت– Banquet – دا. ئەفلاتوون لە زمانی سوکراتەوە ڕای خۆی بەرامبەر خۆشەویستی دەردەبڕێ– بەلای ئەوەوە خۆشەویستی جۆرە حەز و ئارەزوویەکە لەو شتانەی کە نیمانن؛ لەو شتانە لێیان مەحرومین و دەست ناکەون– واتە خۆشەویستی لە پێداویستی و موحتاجیەوە پەیدا دەبێ– (ئیرۆس)یش بەلای ئەفلاتوونەوە خۆی جوان نییە ، بۆیە بەدوای جوانیدا دەگەڕێ. مرۆڤیش چونکە خۆی ناتەواوە ، ئەوا هەمیشە بەدوای جوانی و تەواویدا وێڵ و عەوداڵە. مادەم هەر خوداوەندەکە بێ کەم و کورتی و نوقسان بێ ، ئەوا جوانی تەواو ، جوانی موتڵەق ، جوانی یەزدانە ، ئەو پێویستی بە خۆشەویستی کەس نییە ، بەڵام هەموو کەس پێویستی بە خۆشەویستی ئەوە ، بۆیە مرۆڤی ناتەواو و موحتاج ، لە گەشتە ئەبەدیەکەی بە شوێن جوانیدا ، دەبێ بە ناچاری پلە بە پلە سەر بکەوێ و ڕوو بکاتە ئاسمان ، ڕوو بکاتە جوانی یەزدانیی (2).
هەڵبەتە ئێمە وتەی ئەفلاتوون قبوڵ دەکەین کە خۆشەویستی جۆرێکە لە پێداویستی– بەڵکو پێویستییەکی جەوهەری غەریزەیی و کۆمەڵایەتییە کە ژیان و بوون و مانەوەی مرۆڤ فەرزی دەکا. بەڵام لەم باوەڕەشداین ئەم پێداویستییە دەتوانرێ لەسەر ئەم زەمینە بەرینە لە ژیاندا بە کۆمەڵی مرۆڤ خۆیدا دابین بکرێ و پێویست نەکا بە باڵی خەیاڵ بەرەو ئاسمانەکان بفڕین–
گۆران لە هەموو شیعرەکانیدا ، توخنی خۆشەویستی عوزری ناکەوێ بەڵکو بە شێوەیەکی واقیعی دەری دەخا کە خۆشەویستی میسالی ئەوسا سەر هەڵدەدا کە یەکێک لە لایەنەکان تووشی بێ هومێدی دەبێ و هیچی دەستگیر نابێ و بە ناچاری بووکی خەیاڵ دەرازێنێتەوە–

هەرچەند بتی جوانی ؛ بە عەکسی پەرستشم
هەر دوورە لێم ؛ لە هەیکەلی حوزن و قەلەندەریم
هەر سڵ ئەکات و بێ بەشی ناز و نەوازشم
لاکین چە باک ؟ ڕاستییەکەی چ دەستەڵات
مایە و مەداری تەسلیەیی عەشقی مەعنەویم
بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرمی ئیلتیفات (3)

کەواتە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی گۆراندا ، دەربارەی ئافرەت و جوانی ، پێویست بەوە ناکا بۆ جۆرەکانی خۆشەویستی بگەڕێین- بەڵام زۆر پرسیاری کە دێتە پێشەوە پێویستیان بە وەڵام دانەوە هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی ئافرەت و جوانی ئافرەت لە ژیان و بەرهەمی گۆراندا ، دیارە هەر دەبێ بۆ هۆنراوەکانی بگەڕێینەوە. بەڵام تەقەلایەک بۆ تێگەیشتنی خودی گۆران ، وەک هونەرمەندێک زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بکرێتە سەرەتایەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوەی ئافرەت و جوانی لە شیعرەکانیدا. چونکە ئێمە ناتوانین مەسەلەی جوانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە ژیان و هەست و بیرکردنەوەی گۆران باس بکەین.لە سەرەتاوە ئەبێ ئەوە بیسەلمێنن کە مەسەلەی جوانی لای گۆران هاوکێشەیەکی مەسەلەی ژیانە بە هەموو قووڵی و بەربڵاوییەکەوە:گەڕان بە دوای جوانیدا ، گەڕان بە دوای دۆزینەوی مانایەکی باشتر و ، شێوەیەکی باشتر و جوانتری ژیان.
بە داخەوە هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان دەربارەی ژیانی گۆران ، بە تایبەتی لە ماوەی منداڵێتیدا لە بەردەستدا نیە جگە لەو زانیارییانەی خۆی بۆ- حسێن عەلی شانۆف- ناردوون و ئەویش لە لێکۆڵینەوەکەیدا پشتی پێ بەستوون (4) مامۆستای نەمر ڕەفیق حیلمی- ش چەند دێڕێکی کەم بەڵام بەنرخی لە ژیانی گۆران نیشان داوە(5).
جگە لەمانە تاقە سەرچاوەیەکی گرنگمان هەیە کە ئەویش پارچە پەخشانێکی گۆران خۆیەتی بە ناوی (اسفی ماضی و ئەندێشەی ئیستقبالم (6). کە لە تەمەنی پانزەساڵیدا کاتێ قوتابی سەرەتایی بووە لە هەڵەبجە نوسیویەتی و لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا بڵاوکراوەتەوە.
ئێستا ئێمە بۆ وەدەستهێنانی وێنەیەکی خۆیی گۆرانی هوبەرمەند ، پشت بەو سەرچاوانە دەبەستین و لەگەڵ هۆنراوەکانیدا پێکیان دەگرینەوە. لە پێشەوە بە شیکردنەوەیەکی پارچە پەخشانەکە دەست پێ دەکەین.

**اسفی ماضی و ئەندێشەی ئیستقبالم**

دیارە جوانیخوازی و تەنانەت جوانی پەرستیش شتێکی ئاساییە. بەڵام ڕەنگە ئەم کارە برێک سەیر بێتە بەرچاو ئەگەر بزانین ئەو ئەویندار و سەودا سەری جوانییە هەر ئەو گەنجەیە کە لە هەڕەتی لاوێتیدا هاوار دەکا:

**ئاخ مردن!**

**ئاخ مردن!**
**بۆ ناتگەمێ؟**
**بەخوا مردن بۆ من بە کامی دڵ گەیشتنە و ، لە غەم خەڵستنە**
**بۆچ ئەگەر هەموو بەحرە موحیتەکان زووخاو بوونایە**
**بە قوومێ و شکم نەئەکردن ؛**
**حاسیلاتی هەر پێنج قطعەکە غەم بوایە خواردنیم بە ژەمێ**
**بە کەم نەئەزانی؟**

کاتێ بە وردی پارچە پەخشان. ئەسەفی ماضی و ئەندێشەی استقبالم شی دەکەینەوە ، هیچ هۆیەکی ماددی تایبەتی بۆ ئەو خەستەیی یە و ئازارەکانی گۆرانی گەنج نادۆزینەوە- بەڵکو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خەمەکە زیاتر خەمێکی فەلسەفی یە ؛ واتە خەمێکە لە هوشیاری فیکری و بیرکردنەوەی گۆران دەربارەی مانا و مەبەستی ژیانەوە هەڵقوڵاوە- ژیان بە هەر سێ دووریەکانیەوە: ڕابردوو ، ئێستا و ئاییندە. گۆران لەو پارچە پەخشانەدا. هەر وەک بە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێ ، بەراورد لە نێوان ڕابردووی بە فیرۆدارو و ئەندێشەی ئاییندەی نادیاردا دەکا
ئەو بۆیە غەمبارە چونکە بە لای ئەوەوە:

**(ڕابواردنی عومری ئەم دەورەی سەعادەتە ، هەر وەک سەفەری دوور و درێژی توجارەتە ، سەرمایەی ئەم توجارەتەیش تەحسیلی عیلم و مەعریفەتە- کە ئەم تەحسیلەیش لە حاڵەتی سەباوەت و شەبابەتدا تەواو دەکرێ.)**

واتە: تەمەن وەک سەفەرێکی دوور و درێژی بازرگانی وایە ، سەرمایەی مرۆڤ بۆ بەختەوەری خۆی لەو سەفەرەدا زانست و زانینە کە دەبێ لە ماوەی منداڵێتی و گەنجێتیدا بە دەست بهێنرێ- ئەمە ڕوانگەی گۆرانی گەنجە بۆ ژیان ، نهێنی ژیان هەژێنیشی لەوەدایە کە ئەو خەریکە شریتی ساڵانی تەمەنی لاوێتی دەپێچێتەوە و هیچ دەستکەوتێکی زانینی بە دەست نەهێناوە- نەمامی زیندەگانی ئەو وەک خۆی دەڵێ ، بە تینی گەرما و نەزانین و جەهالەت هەڵقرچاوە.
ئەمە دیمەنی تەڵخی ڕابردووە- ئەو ڕابردووەی تازە تێپەڕی و وەک تفی ڕۆکراو قووت نادرێتەوە. ئێستا بە تەواوەتی وەخت لە دەست چووە و (لە ناعیلاجی چاکترە). ئەو دەتوانێ هەوڵ و تەقەلا بدات و موتالا بکا و فێرکا- گەرچی ئەمەش مەحاڵە. چونکە گۆران دەڵێ:

**(با من فکریشم کرابێتەو هەر ئەتوانی قبوڵی تەربیە بکا و خۆی فێرکا- ئەگینا سەربەخۆ لە هیچ ناکا ، خولاسە مێشکی من وەک فۆتۆگرافی ژەنگ گرتووی جەڕ تێکچوو وایە- عەکسی غایەی سورەتی زیبای موتالەعە – بە تەواوی جەزب ناکا- لازمە وەستای بە دەقیقەت کە موعەلیمی ساحیب سەعادەت بێ. بە چۆڕی دروستی بە مەنفەعەت، ئەم ژەنگە لابەرێ و لە فابریقەی مەکتەبا بە ئەسبابی نەسایحی خەیرییە ئەو جەڕە چاک بکاتەوە- کە وای لێ هات دەست لەم خەیاڵە هەڵگرتن ، صرف نظر لە عەویزی چاکەی وڵات (وطن) کردن زۆر اقبال بڵندییە).**

گۆران لە پلەیەکی باڵای هۆشمەندیدایە و ، دەزانێ کە مێشکی کراوەتەوە و زۆر- بە چاوێکی رەخنەگرانە- سەیری ژیان و بوونی خۆی دەکا بە رابردووی خۆیدا دەچێتەوە و هەنگاو دەنێتە سنووری هەرێمی داهاتووەوە. ئەو مێشکی خۆی دەشوبهێنێ بە کامیرایەکی ژەنگ گرتووی جەڕ تێکچوو کە ناتوانێ وێنەی مەبەستە جوانەکانی نووسینەکان عەکس بکاتەوە؛ واتە مێشکی ناتوانێ ناوەرۆکی ئەو شتانە وەربگرێ کە دەیانخوێنێتەوە- بۆیە پێویستی بە مامۆستایەکە فێری بکات و بە چۆڕی دەرسی سوودبەخش ڕەنگی کامیرای مێشکی بشواتەوە و بە ئەسبابی ئامۆژگاری چاک جەڕەکانی بکاتەوە جێی خۆی. بەڵام مادام ئەم جۆرە مامۆستایە شک نابا و دەبێ بە تەواوی پشت بە خۆی ببەستێ ، وای بە باشتر دادەنێ چاو لەمە بپۆشی و سەری خۆی نەیەشێنێ- لێرەدا گۆران دەگاتە ئەم نوختەی ڕەشبینی و بێ هومێدییە- بەڵام لێکدانەوە مەنتیقیەکەی هەر بەردوامە ، ئێستا ڕەگەزێکی تازە دێتە ناوەوە- ڕەگەزێکی هەرە گرنگ ؛ گۆران دەڵێ:

**بەڵام چونکە ئەم وڵاتە بەسەزمانە ، ئەم دایکە مشفقمانە ، چاوەڕوانە بۆ تێکوشان ، موحتاجی یاریدانە و لێشم مەعلومە کە (الیس للانسان الا من سعی) مەقسەد لە هەوڵدانە بۆ تورەقی وەتەن و خۆوڵاتێکان- ئەم ئایەتە جەلیلە کە کەلامی خوای تەبارەک و تەعالایە ، وەک لغاوی توند ڕاکێشراو، وڵاغی خەیاڵم لە بیری ژوورتر دەگێڕێتەوە).**

ئەمە گەورەترین گەوهەرێکە گۆران لە بنی گۆمی بیرکردنەوەیدا دەری دەهێنێ و گوڕی ورەو تێکۆشانی لێ وەردەگرێ- گۆران خاوەنی خاک و گەلێکە ، وڵاتێکی بەستەزمان کە وەک دایکێکی جگەر سۆز جاوەڕێی تێکۆشانی کوڕەکانێتی- مەبەستی ئایەتی(لیس للانسان الا من سعی)هەر ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ- پێشکەوتنی نیشتمان و هاوڵاتیەکانی هەوڵ دا ، گۆران بەم بیرە بەرزە ، ڕێبازی روونی خۆی دەدۆزێتەوە و هومێدێکی تازە بووەوە تاریکایی بەرچاوی ڕووناک دەکاتەوە.
ئینجا لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم پارچە پەخشانەدا دەڵێین:
گۆرانی گەنج هەر لەتەمەنێکی زووەوە هۆشیارییەکی گەورەی بەرامبەر ژیان بە دەست هێناوە و، وەک خۆی دەڵێ ، فیکری کراوەتەوە. گۆران لەم پەخشانەدا لە حاڵ خراپی تایبەتی خۆی نادوێ ، بەڵکو لە فەلسەفەی ژیان سەبارەت بە گەنجێکی مێشک کراوەی ناو میللەتێکی هەژاری دواکەوتووی بەستەزمان دەدوێ.

هەن دەڵێن: مرۆڤی هونەرمەند ئازارو ژان دروستی دەکات بەڵام ئەمە مەحاڵە- ئەگەر بێت و ئەم ئازار و ژانە نەگۆڕێ بە ئازارو ژانێکی فەلسەفی ، واتە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هۆشیاری لەگەڵدا نەبێ (7).
هەزاران هەن لە ئازاردا دەژین و کەچی بارەکە هەرچەند قورس بێت دەیکێشین و نقەش ناکەن چونکە ئەوانە هوشیارییەکی وایان نییە ئازارەکەیان تێبگەن و ڕەگەکانی بناسن ؛ لەمەوە ئاواتێکی واش لە مێشکیاندا دروست نابێت بۆ یاخی بوون لەوەی هەیە و بەدەست هێنانی باشتر پاڵیان پێوە بنێ. ئازار گەر کەمیش بێت ، کاتێ بیرکردنەوە و هۆشمەندییەکی شمولی لەگەڵدا دەبێ گەورەتر و کاریگەرتر دەبێ و هێزێکی تازەتریش بە ژیان دەبەخشێ و دەوڵەمەندتری دەکا.

خەم و ئازاری گۆرانیش لەم چەشنەیە– ئەوە نیە خۆی لە یەکێ لە شیعرە کۆنەکانیدا دەڵێ:
زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من
بۆ غەفڵەت و نسیانە هەموو نۆشی شەرابم (8)
ئەم خەمەی لەو پەخشانەشدا دەری بڕیووە و لە تاوانی داد و فریادی مەرگ دەکا سەبەبەکەی زیاتر عەقڵ و شعورە. لەم بیرکردنەوە قوڵەیدا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ گۆران تا چ ڕادەیەک مرۆڤێکی خاوەن هیوا و ئاواتی گەورە بووە. ئاواتی گۆران بۆ ژیانێکی بەرز و پڕمانا و بەسوود هەر لە سەرەتای منالییەوە ، وەکو سەرچاوەیەکی کوردستانی بەخوڕ لەناو دڵ و دەروونیدا هەڵقوڵاوە– بەڵام ئەم ئاواتە گەورەیەی لەگەڵ واقیعێکی ماددی سەختی ژیانی پڕ لە ژانی گەلەکەیدا بەرەو ڕوو بۆتەوە.
ئەگەر ئێمە هۆیەکانی خەمی گۆران ، لەم پەخشانەدا ، لەگەڵ واقیعی ڕاستی ژیانی خۆی بەراورد بکەین ، هەست بە کەلێنێکی گەورە دەکەین ، گۆران تا مردنی باوکی لە ساڵی 1919 دا– تا ڕادەیەک لە خۆش گوزەرانیدا بووە و ئەو دەرفەتەی بۆ خوێندن و فێرکردنی ئەو خولقاوە ، بۆ لە هەزارا یەکێکی خەڵکی وڵاتەکەی نەخولقاوە ، لەو کاتەدا کە ڕابردووی خۆی بە(بطال حەطال) ناو دەبا و داخ بۆ ئەو کاتە بەسەرچووەی دەخوات کە وەک تفی ڕۆکراو قووت نادرێتەوە و هەلی فێر بوون و زانست و وەرگرتنی لە کیس چووە ، لەو کاتەدایە کە ڕۆشنبیرییەکی وای وەرگرتووە بتوانێ ئەم بیرکردنەوە بەرزەی هەبێ و بەم شێوە نوسینە بەرزە دای بڕێژێ. سلێمان بەگی باوکی گۆران کە لە جێگای عەبدالله بەگی باپیری گۆران لەلای عوسمان پاشای جاف کاتب بووە ، هەر لە منالییەوە گۆرانی فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی فارسی کردووە و ، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی تورکەکانیش لە هەڵەبجەدا ، گۆران بووە بە یەکێک لە شاگردەکانی ئەو قوتانخانەیە . هەر ئەم پارچە پەخشانە بۆمان روون دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک توانیویەتی شارەزاییەکی باش لە زمانی عەرەبی و فارسی و دەرسی دین و تەنانەت لە جوگرافیاشدا بە دەست بێنێ. ڕاستە دوای مردنی باوکی لە 1919 دا و ، کوژرانی مەحەمەد بەگی برای لە 1921 دا و دوورکەوتنەوەی خۆی لە هەڵەبجە ، تووشی گەلێ ئازار و دەردی سەری بووە و زۆرجار ئاسۆی ڕووناکی ژیانی ڕەش داگەڕاوە. تەنانەت (لە زەمانی باوکیشیا گەلێ ترش و تاڵی ئەبینێ بە تایبەتی لە بەهاری 1919 وە هەتا پاییزی ئەو ساڵە کە بەر تاڵانی لایەنگرەکانی ئینگلیز دەکەون بەپەلە پرۆزەکێ کۆچ ئەکەن و خۆیان ئەگەیەننە جێگا بەرز و سەختەکانی شاخی هەورامان (9). بەڵام گۆران وەک خۆی بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی باس کردووە (ئەو ڕۆژە ڕەشانە کاریان لە شەقامی ڕاستی ژیانی نەکردووە. (واتە گۆران) لەو ڕۆژانەدا کە پێیان ئەڵێ ڕەش ڕەنگە ڕووناکی لە دڵیا لە ڕۆژانی خۆشی زۆرتر بووبێ ، یاخود لە– هەردووکیانا تاریکی وڕووناکی وەک یەک نۆرەی کردبێ) (9).
حسێن عەلی شانۆڤ– یش لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەسەرهاتی ژیانی گۆران بە دەستخەتی خۆی دەڵێ:
(عەبدوڵلا گۆران هەر لە سەرەتای منالییەوە دڵی پڕ بووە لە خۆشەویستی ژیان و ، تامەزرۆی ڕووناکی و زەردەخەنە و شاعیریتی بووە. فەلسەفەی دنیای دوابڕاو ، ئەو دنیایەی بۆ سلێمانیش نەما ، نەیتوانیوە گۆران لە خۆشەویستی و شادی ژیان دابڕێ و گەرد بخاتە سەر دڵی بە سروش و جوانی پەروەردە بووی ) (10).

ئەم هەموو خۆشەویستنە قووڵەی ڕووناکی و ئەم گەشبینی و هیوای زۆرە بە ژیان ، هەر لە کاتێکی زووی منالییەوە ، گۆرانی کردۆتە شێت و شەیدای هەموو ئەو شتانەی جوان و پیرۆز و ڕووناکن. گۆران ویستویەتی بوونی هوشیارانەی خۆی بسەلمێنێ و ئەو ژیانە بە دەست بێنێ کە دەیەوێ– نەک ئەوەی کە هەیە– بەڵام دیارە بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی چوارچێوەی ئەو کۆمەڵ و دەوروبەرە سنووری بۆ داناوە کە گۆرانی تیا ژیاوە. ئەو نەیتوانیوە موعجیزە دروست بکا و هەموو شتە دزێو و ناشرینەکان هەڵگێڕێتەوە. بەڵام لە شیعردا ئەمەی کردووە. گۆران دیووی تاریکی کۆمەڵەکەی ، کۆمەڵی کوردەواری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە زۆر بە سەختی و بەخەستی لەژێر قورسایی بیر و ڕێ و ڕەسمی دەرەبەگایەتیدا بووە ، پێچاوەتەوە و ، لە رووناکیەکانی هیوا و ئاواتەکانی ناو دڵی ، وەک چارەسەرێکی ڕۆمانسیانە جیهانێکی تازەی دروستکردووە ، جیهانێک بتوانێ تینوێتی خۆی بۆ جوانی و ژیانێکی باشتر پێ بشکێنێ.

گرنگ ئەوەیە گۆران هەر لەگەڵ ئەو هەستی جوانیپەرستییەدا، هەستی هونەردۆستی و ئینجا هونەرپەرستی لەلا پەروەردە بوو–. گوتم گۆران هەر لە چواچێوەی سنوورەکانی کۆمەڵەکەی و دەوروبەرەکەیدا دەیتوانی بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی هەنگاو هەڵگرێ. ئەو تینووی زانین و ڕۆشنبیری بوو. لە کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی ئەویشدا لە شیعر بەولاوە هیچ شتێ نەبوو ئەو تینوێتییەی بگرێتە خۆی.هەر لە زوویەکەوە بەهۆی باوکییەوە ، گوێی بە دەنگ و ئاوازو ڕازی شیعر کرایەوە. باس و خواسی سنعەتی شیعر و ، لێکدانەوەی تێکستە شیعریەکان (لە لایەن باوکیەوە) سەرنجی گۆرانی گەنجی ڕاکێشا.

لە شەش ساڵییەوە لەگەڵ منالانی هاوڕێیدا بە شیعر شەڕە جنێوی دەکرد (11). بە کورتی هەستی هونەر دۆستیش تێکەڵ بە هەستی جوانی پەرستی بوو ، هەتا لە زمانی دەربڕیندا ، لە زمانی شیعردا ، بە جۆرێک ئاوێتەی یەکتر بوون ، کەئەستەمە بلێین کامە هونەرەکەیە و کامە جوانییەکەیە. بە واتایەکی تر، گۆران توانی شیعر بکاتە ئامرازێک بۆ دەستەڵات گرتن بەسەر جیهاندا گەرچی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی سەلبیش بێ ، واتە دەستەڵات گرتن بەسەر واقیعدا نا ، بەڵکو ئەو جیهانی خەون و جوانییەی لە خەیالی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشا بوو .

هەر ذەڕڕەیەک لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم
هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کورەیی دڵم
شیوعی عیشق و جازیبەیە بۆ جوانی ، یا قەڵەم ،
قابیل نیە فەراغەتم ، حەتا کە بشمرم (12)

جوانی وقەڵەم ، واتە جوانی و شیعر بەیەکەوە ، یان ئەم نا ئەویان ، ئەو سەرچاوە پیرۆزەن کە دڵ و دەماری ئاگراوی و هەموو زەڕەیەکی خوێنی گۆران پڕ لە عیشق و جازیبە دەکەن ، عیشق و جازیبەیەکی وا کە تەواوی ژیانی گۆرانی پڕ کردۆتەوە و ، دەرفەتێکی بۆ نەهێشتۆتەوە مەگەر مردن نەبێت– ئەگەر گۆران لە دنیای واقیعی جوانیدا ، جوانی بەرهەست و بەردەست ، تێر نەخوا ، ئەوە دنیای هونەرەکە ، دنیای شیعر خۆی خاڵقێتی و دەتوانێ بەو جوانییەی لەوێدا دەینەخشێنێ خۆی مەست بکا و وێڕای ئەمەش کەسێتی خۆی تێدا بدۆزێتەوە و مانایەک بە ژیان ببەخشێ. گۆران خۆی ناسیوە و نرخی خۆی وەک هونەرمەند زانیوە. بۆیە هێندەی شێتی جوانیە ، هێندەش شێتی شیعرە:

بۆ سەیری جەمال کردنی دنیای بەیانی
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا
وەک شێت بەڵام شێتی شیعر ، شێتی جوانی (13)

ئەو زانین و زانستەی گۆران لە تافی لاوێتیدا داخی بۆ دەخوا ، لە دوایشدا لە وشەی (شیعر) دا جێی خۆی دەکاتەوە. شیعر دەبێ بە هاوتایەکی تر بۆ جوانی ؛ بۆ ژیان گۆرانیش کە هەر لە سەرەتاوە بیری لەوە کردۆتەوە  بۆ خەڵک و بۆ خزمەتی دایکی نیشتیمان تێبکۆشێ ، زۆر بە عەزرەتەوە بووە خەڵکیش لە ئەو بگەن ، زۆر بە پەرۆشەوە بووە نرخی هونەرەکەی بزانن ، هونەری گۆران- یێک کە (بۆ شیعر و ئەدەب زاوە)(14). موخابین! کەس ئەمەی نەکردووە. ئەویش هەر دەروێش عەبدوڵڵایەکی دیکە بووە- بەڵام ئەو نهێنیەکەی زانیوە- نهێنی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵەی قەدری کەسانی وەک عەبدوڵڵا گۆران و دەروێش عەبدوڵڵا نازانێ- بۆیە بە نرخ زانینی خۆی و لە لایەن پاشەڕۆژەوە ئیکتیفای کردووە و قەت تووشی ڕەشبینی نەبووە!!

## گۆران و جوانی

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین: ئەو جوانییەی گۆران بە شوێنیدا دەگەڕێ ، لە چ دا بەرجەستە بوە؟
ئەو هەستە ئاگراویی و بەکوڵ جوانپەرستییەی چ بابەتێک هەیە بە خۆی بگرێ؟ گۆران بابەتەکانی شیعر و جوانی لە کوێندەرێ سۆراخ دەکا ؟!
یەکەم جۆری پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانی دەور و بەریەوە ، بە هۆی هەر پێنج حەواسەکانیەوە پێک دێ: بەهۆی بینین و بیستن و بۆنکردن و دەست لێدان و تامکردنەوە- هەر لە منداڵییەوە پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروپشیەکەیەوە دەبێتە پەیوەندییەکی ژیان ئامێز- لە کاتێکدا حەواسەکانی مرۆڤ جوانیەکان و سیفاتەکانی گەرمی و ساردی فێنکی تاڵیی و سوێری و شیرینی... هتد دەرک پێ دەکەن ، ئەوا خۆشییەکی زۆر لەم دەرک پێکردنە وەردەگرن.  هەر لەو کاتیشدا ، بەهۆی ئەم تەجرەبەیەوە دەوڵەمەند تر دەبن و زیاتر نە شونما دەکەن- تا لە ئەنجامدا مێشکیش پەرە دەستێنێ و مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی سەرباری خۆشی وەرگرتن ، لە تاقیکردنەوەکانیەوە فێر بێ و بیر لە شتەکان بکاتەوە- بیرکردنەوە لەشتەکان مانای بەستنەوەی یەکێکیانە بە ئەوانی ترەوە و بە ڕێرەو و ئامانجی ژیانی مرۆڤەوە، مانای گەڕان بە شوێن هۆ و ئامانجدا ، لە دوایشدا مانای وەرگرتنی هەر هۆ و ئامانجێکە لە چوارچێوەی یاساکانی پەرەسەندنی ژیاندا بە گشتی و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی.
پەیوەندی جوانی خوازانەی گۆران بە جیهانی دەوروبەرەوە ، لە قۆناغی ڕۆمانسیەدا ، پەیوەندییەکی هەستی (حسی)یە ، پەیوەندییەکی بە هۆی حەواسەکانەوە بە ئامانجی تێرکردنیان- مەودای ئەم پەیوەندییەش جوانی و سروشت و جوانی ئافرەتە.

بەڵام خاسیەتی گرنگی ئەم پەیوەندییە تەنها لایەنە هەستییەکەی نیە ، بەڵکو لایەنە هونەریەکەشیەتی– واتە هەر لە سەرەتاوە گۆران لە ڕوانگەیەکی هونەرمەندانەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ بابەتەکانی جوانیدا دەکا– هەر لاسەرەتاوە جوانی و هونەر لە یەکا لە یەکایەتیەکی هارمۆنیدار تێکەڵ دەبن.

ئەگەر گۆران جوانی پەرستە و هەموو جوانییەکی خۆش دەوێ ، بەڵام تەبعێکی هونەرمەندانەی تایبەتی هەیە– گەڕان بە شوێن شێتی دڵگیر و نایاب و پەنهاندا ، ئەو شتانەی کە ئەگەر چی دیار و بەرچاو نین بەڵام نهێنییەکی گەورەی جوانی لە دووتوێی بونیاندا حەشار داوە ، خولیای ڕۆحی جوانپەرستی گۆران و زەوقی بەرز و باش پەروەردەکراوی ئەو دەردەخەن. گۆران بە هەستی حەساس و زیرەکانەی خۆیەوە ، لەناو دنیای جوانیشدا هەمیشە بۆ جوانتر و جوانترین دەگەڕێ. سۆراغی نمونە دەگمەن و نایاب و هەڵبژاردەکان دەکا ، ئەو نمونانانەی لە بارایاندا هەیە تینوێتی گیانی نەسرەوتی ئەو دابمرکێننەوە:

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە
کە لە ژێر سێبەری توتڕکا خامۆشە
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم نزمە!
کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتەبەر تیشکی ڕۆژ شلْپ و هوڕ(15)

ئێمە ئەگەر لێرەدا بەراوردە ئیستاتیکیەکەی (کانت) (16) بەکاربێنێن: دەڵێین گۆران زیاتر بۆ شتە (جوان)ەکان دەگەڕێ ، نەک بۆ شتە مەزنەکان.

واتە ئەو شتانەی هێمن و ناسک و خامۆشن ، نەک ئەو گەورە و بەربڵاو و بەهەراو هوریان. بەڵام ئەو شتە بچووک و خامۆشانەی گۆران هەڵیان دەبژێری ، لە (مەزنی) بێبەش نین– خۆ ئەگەر ئەوانە بە ڕواڵەت و قەوارە و دەنگ گەورە نەبن ئەوا لە مانا و واتادا گەلێ مەزنن– ئەو مانا و واتایانەی تەنها مرۆڤ دەتوانێ لە وجودی شتە بچوکەکانی هەڵێنجێ ، یان بیداتە پاڵیان. گەڕانی گۆران بە دووی ئەو شتە بچووک و هێمن و شاراوانەدا ، گەڕانی ڕۆحی تینوو نەسرەوتووی گۆرانە بە دوای دۆزینەوەی مانایەکی تازەدا بۆ شتەکان واتە دۆزینەوەی مانایەکی تازە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەریەوە ، بۆ ژیان– هەر لەو کاتەدا سەرنجی وردی گۆران لە دەوروبەرەکەی و ، دۆزینەوەی ئەو نمونە مات و خامۆش و لەسەرنجی درشت بە دەرانە ، ئەو ڕاستییە دەردەبڕێ کە گۆران هەمیشە و لە هەر لە حزەیەکدا ، چ لە گەشتێکی دوور و درێژی هەورامانیدا بووبێ یان لە گوزەرکردنێکی جوانپەرستانەی ئەو لە چالاکییەکی ئەوتۆدا بوە کە کامێرای سەرنجی بچوکترین وێنەی سەرنجڕاکێشی بە خەسار نەداوە و ، هەست

و زەوقی هونەرمەندانەشی خێرا قۆزتویەتیەوە و گوازتویەتیەوە بۆ ناو ئەلبومی ڕازاوەی هونەری جوان. ڕاستە گۆران جوانی سروشت و جوانی ئافرەت دەکاتە مەودای هەست و هەناسە ڕۆمانسییەکانی ، بەڵام لە نێو ئەو دوو جوانییەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە- مرۆڤ لە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ جوانی سروشتدا ئازاد و سەربەستە ، بەڵام جوانی سروشت دەشێ لە هەموو شرێتێکدا هەر بەو چەشنە خۆی دووبارە بکاتەوە بە بێ ئەوەی گۆڕانێکی گەورە هەست پێ بکەین چونکە دەتوانین بڵێین سروشت دیوی ناوەوەی نیە.

سروشت ، ئەگەر بێگیانیش نەبێ ، واتە ژیان و زیندوێتی هەبێ ، ئەوا بێگومان بێ دڵە، بێ هەست و سۆز و پەرۆشە و ناتوانێ تینوێتی ڕۆحی مرۆڤ بشکێنێ- ئەو تینوێتییەی لە جەوهەردا لە پێداویستی دابین کردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ساغ و شاد و هێمنەوە هەڵدەقوڵێ.بناغەی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەش پەیوەندی نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی ترە ، پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە. مارکس لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفیەکانی 1848یدا دەڵێ: (پەیوەندی ڕاستەوخۆ و سروشتی و پێویست لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی تردا ، پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە. لەم پەیوەندییەب چەشنییە سروشتییە دایە کە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەبێتە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە و ، پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە پەیوەندی ئەو بە سروشتەوە. دەبێتە سنوور دانانی سروشتی خۆی لە خۆیدا- لەم دیاردە بەرچاوەدا ، ڕادەی بوونی ماهیەتی ئینسانی بە سروشت سەبارەت بە مرۆڤ و ڕادەی بوونی سروشت بە ماهیەتی ئینسانی ئینسان بەدیار دەکەوێ. لە سەرەتاگەی ئەم پەیوەندییەوە ، دەتوانین حوکم بەسەر ئاستی ڕۆشبیری مرۆڤدا بدەین. لە شێوەی ئەم ڕۆشبیرییەوە دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک مرۆڤ بە نیسبەت خۆیەوە بۆتە بوونێکی چەشنی ، بۆتە ئینسان و بەم جۆرە هەستی بە خۆی کردووە. چونکە پەیوەندی پیاو بە ژنەوە سروشتیترین پەیوەندی نێوان مرۆڤیک و مرۆڤێکی ترە. لەم پەیوەندیەدا ئاشکرا دەبێ تا چ ڕادەیەک پیداویستی مرۆڤ دەبێتە پێداویستییەکی ئینسانی ، واتە تا چ ڕادەیەک مرۆڤەکەی تر وەکو مرۆڤ دەبێتە پێداویستی ، و تا چ ڕادەیەک لە بوونی هەرە تاکی خۆیدا، هەر لەو کاتەدا دەبێتە بوونێکی کۆمەڵایەتی) (17).

مەبەستەکە بە کورتی ئەمەیە: پەیوەندی نێوان ژن و پیاو سروشتیترین پەیوەندی نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی ترە ، جا هەرچەندە ئەم پەیوەندیەببێتە پەیوەندییەکی سروشتی ئەوەندە مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی دەسەلمێنێ. دیسان ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی چەشنییە- پەیوەندییەکە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا ، جا هەرچەندە ئەم پەیوەندیە سروشتیە ببێتە پەیوەندیەکی چەشنی- ئینسانی ئەوەندەش دەبێتە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی. شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی (شیلی) لە (فەلسەفەی خۆشەویستی) دا بەشی یەکەمی ئەم تێگەیشتنە ، بە زمانی شیعر ، بەم جۆرە دەردەبڕێ:

سەیر کە چیاکان: ئاسمانی بەرز ماچ دەکەن
شەپۆلەکان یەکتریان لە باوەش کردووە.
خۆرەتاو زەوی لە ئامێز دەگرێ
مانگەشەو دەریا ماچ دەکا!
بەڵام هەموو ئەم ماچانا چ نرخێکیان هەیە

ئەگەر تۆ من ماچ نەکەی! (18).

لیرەدا ئەو پەیوەندییانەی شیللی لە نێوان ڕواڵەت و دیاردەکانی سروشتدا دەیاندۆزێتەوە ، لە بناغەدا سروشتی کردنی پەیوەندیەکانی ئینسانی نێوان ژن و پیاوە ، یان بە مانایەکی تر ئینسانی کردنی پەیوەندی سروشتە: واتە شیلی خۆی ئەو سیفەتانە: سیفەتی ماچ کردن دەداتە پاڵ چیاو شەپۆل و ئاسمان و دەریاکان. هەر لەو کاتیشدا ئەو ڕاستیە دەردەبڕێ کە ئەم پەیوەندییانەی سروشت هیچ بایەخێکیان نیە ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەو ودڵدارەکەشی وەک ئەوان نەبێتە پەیوەندیەکی سروشتی. خۆ ئەگەر سروشتی کردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو ، یەکسان بێ بە سەلماندنی ئینسانیەتی ئینسان ، واتە گرنگ لێرەدا ڕوانینە بۆ ئەو پەیوەندیە وەک پەیوەندیەکی چەشنیی ، نەک وەک پەیوەندییەکی چەندیی- وەک پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ کە هەردوکیان شایانی خۆشی و خەم و ئازارن و خاوەنی هیوا و ئاوات و نیازن. واتە وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و بڕیاردانی دەوری یەکسانی ژن و پیاو لەو پەیوەندیەدا.
گۆران لە بەراوردکردنی جوانی ئافرەت لەگەڵ جوانی سروشتدا ، هەر وەکو شیلی ، تای تەرازووی پەیوەندییە ئینسانییەکە قورس دەکا و ، زیاد لەمەش ، جوانی سروشت دەکاتە ئەنجامێک و پاشکۆیەکی جوانی ئافرەت. گۆران، وەک ڕەفیق حیلمی دەڵێ: (هەست بەوە دەکا کە جوانی ئافرەت کانگای هەموو جوانیەکی تەبیعەتە ، و بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە دەکرێ کە لە تەبیعەتا جوانی هەیە)(19). ئەستێرە گەشەی ئاسمان ، گوڵە ئاڵەکانی باخی بەهاران ، شەونمی بریقەداری درەخت ، زەردەپەڕی ئێواران ، پەلکە زێڕینەی پاش باران ، میوەی گەیشتووی زەرد و سوور:

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە ، بێ بزەی ئازیز
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی باڵای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟
کام تاسە ، کام مەیل ، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەک هی دڵداری

گۆران بەراوردی جوانی ئافرەت لەگەڵ ڕواڵەت و دیاردە فیزیکییەکانی سروشتدا دەکا و دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئافرەت ئەو سەرچاوە نورانییەیە کە ڕۆشنایی جوانی و ئاواز بە هەموو سروشت دەبەخشێ- خۆ ئەگەر بەراوردەکە لەم هۆنراوەیەدا تەنها شتە بێ گیانەکان جەمادەکان-ی گرتبێتەوە ، ئەوا لە هۆنراوەی (ڕەوتێکی جوان)دا ئەم بەراوردە دوورییەکی باڵاترو کاریگەرتر وەردەگرێ.

لێرەدا گۆران ، نموونە زیندو و دڵگیر و سەرنج ڕاکێشەکانی سروشت وەردەگرێ: کۆمەڵێک گیانلەبەری جوانکیلە ، قاز و مراوی و کەو ، کەروێشک و پۆڕ و کۆتر ، لە هەڵوێستی جیا جیای دڵگیردا دێنێ و لەبەر تیشکی مانگەشەو و خۆرەتاودا ، خۆپیشاندانێکی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە بزوتنەوە و لەنجە و ئاوازیان پێ دەکا– کەچی هەر ئەوەندە ترپەی پێی ئافرەیێکی باڵابەرز دێ ، لە عاستی ئەم هەنگاوە کچانییەدا ، گۆران هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە فەرامۆش دەکا و ، تەنها ئاوازی دەنگی پێی کچەکەیەتی جێی خۆی لە دڵیا دەکاتەوە:

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا
بەناو جیمەنی گوێی ئاوا
چەند بە ئاهەنگ چەندسیحراوی
ئەگەڕێ قاز یان مراوی
یا کەو لەسەر بەفری نزار
بۆ لوتکەی هەزار بە هەزار
چەند ئێسک سووک چەند گورج و گۆڵ
ئەکشێ پشت لە تۆی تەختی دۆڵ
یا کەروێشکی تێر و قەڵەو
لەبەر تریفەی مانگەشەو
چەند جوان ئەڕوا بە قوونە قوون
سرکە و گورج و سپی و خرپن
یا پۆڕ لە گوێی ڕێگای دەشتا
لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا
چەند ورد و جوان ، بە لەنجە و لار
ئەشێلێ سەوزەگیای بەهار
یا کۆتری حەوشی مزگەوت
چەند خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت
ئەوەندە جوان ، لەوە جوانتر
لە شنەی بای شەو ڕەوانتر
لە لەرەی پرشنگ ، ئاوازە
لە خوڕەی ئاو ، شیعری تازە
بە ئاهەنگ تر ، بە خرۆشتر
بە گوێچکەی دڵ ، دەنگی خۆشتر
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا (21)

لێرەدا ئافرەت ، وەک جوانی وەک مرۆڤ ، وەک جوانییەکی ڕۆحی بێ هاوتا ، وەک تاسە و مەیل و چاوەڕوانی و ناز و بزەی شیرین ، وەک هەموو ئەو شتانەی لە سروشتدا دەست ناکەون ، دەبێتە نموونەی یا ئایدیالی جوانی.
دیارە ئافرەت ، وەک جوانی ، خۆی لە خۆیدا شایانی ڕێزگرتن وبایەخ پێدانە. بە تایبەتی ئەگەر زانیمان لەناو هەموو گیانلەبەرانی دیکەی ئەم گەردوونەدا ، نێر لە مێ جوانترە ، تەنها لە توخمی مرۆڤدا، بە شێوەیەکی گشتی ، مێ لە نێر، واتە ژن لە پیاو جوانترە. گۆرانیش کە (قیبلەی ئایینی جوانییە) بەو دڵە پڕ لە هیوا و گەشبینی و شادیخوازییەوە ، لە هەورامانی جوانییدا ، لە نێو کچە باڵابەرزو چاوڕەشەکانی جافدا ، لە خۆشیی جوانی بێ هاوتا شاگەشکە دەبێ و ڕەحمەت دەبارێنێ:

سیا چەمانە ، سیا چەمانە
بە هەشتی عەشقە ئەم هەورامانە
ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان
ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵاجوان (22)

هەروەها لە هەڵبەستی (هەرچەن)دا دەڵێ:

لای من چ جامی نەشئە ؛ چ میحرابی دینی عەشق ،
ئەو چاو و برۆی کچە کوردێکی جافییە!(23)

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ڕاستییەیە کە گۆران جوانی ئافرەت وەک شتێکی سەربەخۆ (مجرد) وەردەگرێ- کلیلی جۆری پەیوەندیەکەش لە وشەی (دڵداریدا) دەدۆزینەوە:
کام تاسە ، کام مەیل کام چاوەنواری
تەلیسماویە وەک هی دڵداری
یان:
بە ئاهەنگتر ، بە خروشتر
بە گوێچکەی دڵ ، دەنگی خۆشتر

کەواتە پەیوەندیە ئینسانییەکە بە ئافرەتەوە پەیوەندی دڵە. گوێچکەی دڵە کە ئاوازی دەنگی پێی ئافرەت لە گشت دەنگ و ئاوازێکی دیکەی سروشت خۆشتر دەبیستێ و دڵداریشە کە خۆشییەک بە مرۆڤ دەدا ، لە هیچ جوانییەکی دیکەی سروشتدا دەستگیر نابێ...
دڵداریی بە مانای کۆکردنەوەی ژن و پیاو لەسەر بناغەی حەز نەک خۆشەویستی- حەز کردن لە جوانی ئافرەت وەک شتێکی دابڕاو لە هەست و نەست و سۆزی ناوەوەی  لە بوون و دەورە کۆمەڵایەتییەکەی. گومانی نییە ، حەز حەزێکی بێ سنوور ، حەزی جینسی ، بە ئاشکرایی لە وەسفەکانی گۆراندا بەدی دەکەین-  تەنانەت لە هەندێ هۆنراوەدا کە تاقیکردنەوەی دڵداری خۆی نیشان دەدەن ، ئەم ڕووە بە ڕوونی بەدەردەکەوێ لە هۆنراوەی (خۆزگەم بە پار )دا ، گۆران

دوانزه مانگ بۆ دووری یار دەگری و دەناڵێ- بەڵام گریانەکەی زیاتر بۆ ئەو دەم و ساتەیە کە لەگەڵ یاردا بەسەری بردووە و ئێستا لە کیسی چووە و ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ:

هەر ڕۆژە ، عیشوەیەک ، نازێ
هەر خەڵوەتە چەشنە ڕازێ
لەو توانج ، لە من نیازێ
بۆ ماچێ نوقرچێ ، گازێ
هەر بەزمە دەنگێ ، ئاوازێ
بە چاوبینینێ ، دڵخوازێ
بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار
سەد هەزار جارە ، خۆزگەم بە پار(24)

لە هۆنراوەی ، بۆ گەورە کچێک ، بۆ خانمێک و شەوێک لە عەبدوڵڵا ، ئەم هەڵوێستە دووبارە دەبێتەوە. حەزی (ئیرۆسی) لە هۆنراوە (جیلوەی شانۆ)دا ، لە وەسفی زۆر تۆخ و خەستی لەش و لاری کچی سەمادا خۆی دەردەخا- تەنانەت لەو هۆنراوەیەدا گۆران جوانی و سەما و عیشوە و ناز پڕ بە پێستی ئافرەت دەزانێ و ئەویش لە ڕێگەی ئەو عیشوە و نازەوە ، ڕووناکی خۆشی دەرژێنیتە ناو ژینی مرۆڤەوە. (یان ڕاستر بڵێین ناو ژینی پیاوەوە).

سەما ، سەمای سەنعەت
حەیاتی جوانی ، جەمالی بزوتن و ، گیانی
وجودی ءیشوە و ناز
لە خواوە بە هرەیەکە پڕ بە پێست بۆ ئافرەت
ئەویش بە سەد ئیعجاز
ضیای سروە ئەڕژێنێتە ژینی ئینسانی! (25)

سەیرکردنی جوانی ئافرەت وەک بابەتێکی ڕۆمانسی سەربەخۆ (مجرد) وای لە گۆران کردووە ، کە لەم هۆنراوانەدا بیر لە بوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەندێ جار، بوونی ئینسانی ئافرەت، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و سۆز و عاتیفە ، نەکاتەوە. لە هۆنراوەی (شەوێک لە عبدلله دا) گۆران زۆر بە ئاساییەوە ، تەنانەت بە خۆشییەکی زۆرەوە ، وەسفێکی ڕەنگاوڕەنگی ئەو ئافرەتە دەکا ، کە یەک یەک ، یان دووان دووان بەسەر مێزی دەوڵەمەندەکاندا دابەش بوون و جوانی لەشی خۆیانیان پێشکەش دەکەن:

ئافرەت چرای کۆڕی ئاهەنگ
لەنجەی جوڵان ، مۆسیقای دەنگ
لەسەر هەر مێزە یەک دوانێ
بۆ چەشنی جوانی نیشانێ

یەکێ قژ زەردێکی چاو ڕەش
یەکێ لێو وەک گوڵ خونچەی گەش (26)

تەنانەت کاتێ لە نیوەشەودا ، مەلهایەکە بەجێ دێڵێ ، داخ بۆ ئەوە دەخوا ، خەو ئەو بەهەشتەی لە دەست داوە و هیچ بیر لە هەست و سۆز ی ئەو ئافرەتانە ناکاتەوە کە بەم نیوەشەوە هێشتا لە (نیوەڕۆی ئاهەنگ) (36 دان و خۆش خۆش بێ وچان هەڵدەپەڕن، یان هەڵدەپەڕێندرێن– نە جیاوازی ئەو هۆیە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە دەرک پێ دەکا ، کە کۆمەڵی ئافرەتەکانی لە لایەکەوە و ، کۆمەڵی پیاوەکانی لە لایەکی دیکەوە گەیاندۆتە ئەو شوێنە. گۆران خۆی هەست بەوە دەکا کە پەیوەندی بە ئافرەتەوە ، پەیوەندییەکی (هەستی–حسی)یە– پەیوەندییەکە لە ڕێگەی حەواسەکانەوە ، ئەو حەواسانەی هەردەم ویستویانە خۆیان تا ئەو پەڕی لە بۆن و بەرامەو خۆشی ژن تێرکەن بۆیەکا کاتێ دوور دەکەوێتەوە و دەستی بە دڵدارەکەی ڕاناگا، بە ناچاری پەنا دەباتە بەر حەواسەکانی و یەک یەک بانگەوازێکی گەرمیان لێ دەکا کە نەهێڵن لەو دووری و غوربەتەدا لە ڕەنگ و بۆن و لەشی دلبەرەکەی بێ بەش بن، یەک لە دوای یەک هاواری– چاو و گوێ و لووت دەکا کە ڕەنگ و دەنگ و بۆی یارەکەی بۆ بێنن– ئەم هاوارە زۆر خەستترو گەرمترو بەهێزتر دەبێ کاتێ دەگاتە سەر حاسەی دەست لێدان– لە مس– چونکە ئەمیان بەرپرسیاری تەواوی لەزەتەکەیە:

## هۆنروەکە نوقسانە

ئێستا گومانمان لەوەدا نیە کە جینس بەشێکی جەوهەری لە هەڵوێستی گۆران بەرامبەر ئافرەت پێکهێناوە.هەروەک لەسەرەتاوە گوتمان گۆران تەنها لەو کاتانەدا پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و حوببی مەعنەوی کە چارە و دەستەڵاتی ژوانی ڕاستەو خۆی نامێنێ– هەر لەم هۆنراوەیەدا کاتێ هیچ یەکێ لە حەواسەکانی فریای ناکەون، بە نەچاری دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ ، بۆ خاتیراتی عومری ڕابردووی و تکای لێ دەکا هەرگیز نوستنی لا نەبێ و هەمیشە ، تا وەختی مردن، وەک ئاوێنە ، وێنەی عەشقی کۆنی پار بنوێنێ.

بەڵام ئایا گۆران بە ڕاستی مرۆڤێکی شەهوانی بووە و ئافرەتی تەنها وەک (جینس) سەیرکردووە؟ ئەگەر وایە ، ئەی ڕوانگەی گۆران بەرامبەر (جینس) خۆی چۆن بووە؟!
مرۆڤی شەهوانی نرخی ئافرەت تەنها وەک لەزەت دەزانێ و ، ئافرەت وەک ژەمە خواردنێک سەیر دەکا کە تێری لێ خوارد توڕی هەڵدەدا و بیر لە ژەمێکی تریا ئافرەتێکی تر دەکاتەوە بە بێ ئەوەی ئافرەتەکە هیچ شوێنێک لە دڵ و دەروون و سۆزی ئەودا داگیر بکا. ئەگەر ئێمە جارێکی تر بە وەسفەکانی گۆران– دا بچینەوە ، دەبینین گۆران وەسفێکی واقیعی جوانی ئافرەتی کردووە (28) ، ئافرەت وەکو هەیە ، لە شێوە و ڕەنگ و ڕوخساردا ؛ گۆران بە تەواوەتی ئەو وێنە دۆزەخییەی توڕ هەڵداوە کە بەشێکی شیعری کلاسیکی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەربارەی ئافرەتی پێکهێنا بوو ، ئافرەتێک پرچەکانی ڕەشمار بن و چاو و برۆکانی تیرو کەوان بن و پەنجە و نینۆکی لە خوێنی عاشقاندا سوور بوو بن.– جگە لەمەش ئێمە لەو وەسفانەدا جوانی

ڕۆحیی ئافرەت هەست پێ دەکەین، ئەو جوانیە ڕۆحییەی لە تیشکی نێونیگا و تاسەو مەیل و نازی دڵداریدا ڕەنگ دەداتەوە. هەتا لەو نمونانەشدا کە زیاتر لە ڕواڵەتی جوانی لەشیان پێوە دیارە ، گۆران دانەبەزیوەتە ئەو ئاستەی وەسفی (جینس)بکا ، هەر وەک بۆ نمونە شاعیری بۆرژوازیەتی نزار قبانی دەیکا (29). وەسفەکانی گۆران لە چوارچێوەی سنووری ڕێزگرتنی جوانی ئافرەتدا ، وەک مرۆڤ ، نەچوەتە دەرەوە... خۆ ئەگەر گۆران وەک عادەتی زۆربەی شاعیرە ڕۆمانسییەکان ، پەنای نەبردبێتە بەر داد و هاوار و خەون و خەیاڵ ، ئەوە ڕوویەکی گەش و واقیعیەتی شیعری ئافرەت لای گۆران نیشان دەدا ، واقیعیەت بە مانا سروشتییەکەی نەک بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی. لێرەوە گۆران توانی جەمسەری ڕۆمانسیەت بە واقیعیەت بگەیەنێ و ڕۆمانسییەتی واقیعی یا سروشتی بێنێتە کایەوە. ڕاستە گۆران زۆر چار گرنگی بە سۆز و عاتیفەی ناوەوەی ئافرەت نەداوە ، جا چ جا دەورە کۆمەڵایەتیەکەی، بەڵام ئەگەر شیعرەکانی بە شێوەیەکی مەوزوعی شیبکەینەوە ، دەبینین ڕوانگەی گۆران بۆ ئافرەت ڕوانگەیەکی جینسی تەواو نییە ، ئەگەر چی وەک دەرمان خست ئەم لایەنە بە ئاشکرایی لە زۆر هۆنراوەیدا خۆی دەنوێنێ. بە واتایەکی تر ، جینس وەک جینس، وەک ئامانجێک خۆی لە خۆیدا، مەبەستی گۆران نییە– گۆران جوانی پەرستە و هەموو شتێکی جوان و دڵگیر بام چڵە شەوبۆیەکی خامۆشی ژێر توتڕکێکیش بێ ، سەرنجی ئەو ڕادەکێشێ. بەڵام ئەوەی پاڵی پێوە دەنێ وا بەتامەزرۆیی باوەش بە جوانی ئافرەتدا بکا، هەر پاڵنانە غەریزەییەکە نییە، بەڵکو ئەو هیوا و ئاواتە گەورەیە کە هەر لە منداڵییەوە لە دڵیا جۆشی خواردووە و هیوای بە دەست هێنانی ژیانێکی پڕ مانا ، ژیانێک هۆشی کراوەی ئەو ڕازی بکا. ئەگەر گۆران ئافرەتی تەنها وەک جینس و مەبەستی ئارەزووی جینسی سەیر کردبایە ، ئەوا ئافرەت قەت ئەو شوێنە بەرز و بەهێزەی لەناو قوڵایی گیان و دڵ و دەروونیدا داگیر نەدەکرد. ئێمە هەست و سۆزی ناوەوەی ئافرەت لە شیعرەکانیدا ، بەدی ناکەین ، بەڵام عەکس بوونەوەی ئەو هەست و سۆزە ، یا جوانی ڕۆحی لای ئافرەت ، لەو تەئسیرە گەورەیەدا بەدی دەکەین کە ئافرەت لە گۆرانی کردووە.

ژنە کە جیلووەی حوسنی بە عیشق ئەکا تەعزیز
ژنە کە قوەت ئەخاتە خەیاڵی ڕەقص ئەنگیز
ژنە مووەللیدی عیشق و ژنیشە عەشق نەواز
ژنە کە تاری ڕوبابی حەیات ئەکا تەهزیزا!
سەمایی واسیعی دڵ گەر لە ژن بکەی خاڵی
تەجەللیاتی بەدایع غروب ئەکا دەیجور
بەسەر سەمای تەهیدا گوشاد ئەکا باڵی
لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسومی نورا!
ژنە کە گەوهەری سەر تاجی ئیحترامە ژنە
بە نوکی نەشتەری ئەلماسی تیژی عیشق و غرام ،
خطوطی قدسیەتی حەک کراوی قەلبی منە!
بە سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام!
لە کونجی خاتیرەما تا ژنێکی شۆخ ئەکا

پەڕی سیفەت ، بە پەلوپۆی جەمالەوە جلوە ،
لە کوێ لە سەهلی زەمینا ، لە سینەی فەلەکا ،
ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا؟ (30)

وا بزانم ئەگەر نموونە هەرە بەرزەکانی شیعری جیهانی دەربارەی ژن کۆ بکەینەوە هیچیان لەم هۆنراوەیە زیاتر نرخیان بۆ ژن و جوانی ژن و دانەناوە: تاری ڕوبابی ژیان بە دەست ئافرەتەوە دەکەوێتە جوڵە ، عیشق لە ئافرەتەوە لە دایک دەبێ و هەر ئەویشە باوەشی بۆ دەکاتەوە، ئەو خەیاڵانەی دەفڕن و سەما دەکەن هێزی خۆیان لە ئافرەتەوە وەردەگرن، ئەگەر ئاسمانی دڵ ژنی تێدا نەبێ هەرچی پرشنگی جوانی و خۆشی تێدا هەیە ئاوا دەبێ و تاریکایی باڵی بەسەردا دەکێشێ و ئەستێرەی هیوای مرۆڤ بە بێ زەردەخەنەی ڕووناکی دەکەوێتە گۆڕێ. ئەو گەوهەرەی بەسەر تاجی ڕێز و ئیحتیرامەوەیە: ژنە.
تەنانەت گۆران لێرەدا دەری دەبڕێ کە سەرچاوەی سەرەکی قەریحە و ئیلهامی ژنە و بەهۆی ئەو جوانییەوە کە ژن دەیڕێژێتە سەر ڕووی زەوی و بۆشایی گەردوون هەموو شتەکانی تر جوان دەبن و دەبنە چاوگی ئیلهامی شیعری. خۆ ئەگەر بە حسابی متەسەوفەکان یەکێتی بوون- وحدە الوجود- هەبێ ئەوا بەلای گۆرانەوە تەنها پرشنگی جوانی ئافرەتە کە زیندوێتی و جوانی و یەکێتی بە بوون دەبەخشێ.
دەوری ئافرەت لە ژیانی گۆراندا، دەگاتە ئاستی دەورێکی سیحری لە هۆنراوەی (نیاز)دا گۆران دەگاتە ئەوپەڕی بێ هومێدی و دۆش دامان و دەست لە ژیان شتن.

لەشم بێ هێز، گیانم بێزار، دڵم غەمگین بوو ،
هیوام تاریک، مەیتی عەشقم تا بووتی ژین بوو!
نا هومێد بووم وام ئەزانی دەردێکە کاری
بەرەو پیری چون هێناویە دیاری ئێجگاری
ئیتر ئەبێ کونجێ بگرم ، دۆش دابمێنم
لەسەر مەرگی عومری جوانیم ، یاسین بخوێنم (31)

بەڵام بە سیحری زەردەخەنەی ئافرەت سەر لە نوێ سەرچاوەی عومری جوانی دەژێتەوە و باخچەی ژیانی پڕ دەبێتەوە لە نەمامی گوڵ، ڕاستییەکەی گۆران، وەک خۆی دەڵێ : دڵێکی بە پەرۆشی بۆ ئافرەت هەیە و زەبوونی دڵە، ئەو ناتوانێ بۆ لەحزەیەکیش بێ چاو لە جوانی بتروکێنێ ، جا چ لەسەر ڕێیەکا بە ئافرەتێک گەیشتبێ، یا قولینچکێکی عەباکەی لاچووبێ و لەش و لاری دیبێ، یا ماوەیەکی دوور و درێژ دڵداری بووبێ . ئەمانە لە ڕووی جوانی پەرستییەوە ، هەمان کاری گەورەیان کردۆتە سەر گۆران و هەستی هونەرمەندانەیان هاروژاندووە:

تصادفا کە جوانیت ، جەمالی بێ وێنەت
بەرامبەری نەزەرم ، ناگەهان تەجەسومی کرد ،

لەبەر ئەوەی بەشەرێکم ، زەبوونی دڵ هەڵبەت
هەقم بوو پەردەی شەرم و حەیام دڕی لام برد
بریمە نەخشی جەماڵت ، بە بێ حەزەر لە قسەت
لە هەردوو چاوەوە ، نوکی بڵێسەیی سەودا
لە وردترینی دەمارم وەکو پزیشک پژا
تەحەسوساتی دڵێکی پەرۆش بۆ ئافرەت(32)

سەردەمی مناڵێتی گۆران کارێکی گەورە لە دروستکردنی ئەم دڵە بۆ ئافرەت پەرۆشەدا بووە گۆران وا دەردەکەوێ گەرچی ڕێزی لێ گیراوە و گرنگی بە فێرکردن و پێگەیاندنی دراوە ، بەڵام ئەو خۆشەویستی و سۆزە گەرمەی نەدیوە کە مناڵێک لەناو خێزانەکەیدا پێویستێتی.نیزامی عەشیرەتگەری ، تەنانەت لەناو چوارچێوەی خێزانیشدا ، لەسەر بناغەی گەورە و بچوکی و ڕێزگرتن و فەرمان بەجێگەیاندن ، دامەزراوە. ئەم حاڵەتەش، زۆر جار بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئاوات و تەمای کەسێکی هەڵکەوتووی ناو خێزانەکە، وەک گۆران و ئەندامانی دیکەی خێزانەکە دروست دەکا. هەر چۆنێ بێ چ خێزانەکەی و چ خەڵکی دەوروبەرەکەی نەیانتوانیوە لە گۆران بگەن و مافی خۆی بە پێی ئەو تێگەیشتنە بدەنێ. بەداخەوە گۆران هیچ شتێکی دەربارەی ژیانی مناڵی و پەیوەندی خۆی بە دایک و باوک و براکانیەوە بۆ بەجێنەهێشتووین تا بیکەینە بەڵگەی ئەم ڕایەمان ؛ مەگەر ئەو چەند دێڕە نەبێ کە ساڵی 1921دا کاتێ لە کەرکوک قوتابی بووە ، واتە لە تەمەنی 16 ساڵیدا بۆ دایکی نوسیووە:

ئەی دایە ! ئەگەر ئەپرسی حاڵم
ئێ! تۆش وەکو باقی بێ ڕەحم نیت
تۆزقاڵێ ، کەمێ ڕەحم ئەزانیت
ڕاسی شەو و ڕۆژ هەر ئەناڵم

لێرەدا گۆران بە ئاشکرایی دەری دەخا کە تەنها دایکی بووە تۆزقاڵێ ڕەحم بزانێ ، ئەگینا ئەوانی تر هەموویان بەرامبەر ئەو بێ ڕەحم بوون. ڕەنگە ئەمە لایەنێکی ئەو پەرۆشییەمان بۆ ڕوونکاتەوە.
لایەنێکی تر بەلای منەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە ماڵ و شارەکەی ، کە زۆر جار لە ژیانیدا تووشی هاتووە. گۆران هەر لەسەرەتای گەنجێتییەوە ، تەنانەت لە منداڵییەوە ، هۆگری کچان بووە و ، بێگومان ، دڵداریشی لەگەڵ کردوون. بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوە و ئاوارەییەوە ، هەموو جارێک (خۆشەویستیەکەی) پچڕاوە و لەداخ و حەسرەت بەولاوە هیچی بۆ نەماوەتەوە– ئەمەش بۆشاییەکی عاتیفی گەورەی لە ژیانیدا دروست کردووە کە زۆر بە زەحمەت توانیویەتی ، یان هەر نەیتوانیوە ، لە تەمەنی لەوەودوایدا پڕی بکاتەوە.
هەر لەو چەند دێڕەشدا بۆ دایکی ، ئەو هەستە غەریبییەی دەری دەبڕێ ، بەلای منەوە ، زیاتر غوربەتی ناوەوەی دەگەیەنێ:

دەگریم و دەسوتێم هەر وەکو مۆم
ئاهم ئەگاتە کۆشی گەردوون ،
مات و کز و مەلوول و مەحزوون ،
بۆ حاڵی غەریب و بێکەسی خۆم! (33)

دەبێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش نەکەین ، کە گۆران ژنی یەکەمی لە خۆشەویستیەوە نەهێناوە. دوای مردنی باوکی و کوژرانی محەمەد بەگی برای ، دایکی ئەو ژنەی بۆ هێناوە ، کە خزمی خۆی بووە. لەبەر ئەوە ئەو ژن هێنانە ئەگەرچی گۆران ڕواڵەت بەسەر خۆی نەهێنابێ ، بەڵام لە دەروونا ، ڕۆحی ئەوی ڕازی نەکردووە. ئەمەش وای لێ کرد جارێکی تر ژن بێنێتەوە. جگە لەمەش ، وەک مامۆستا ئەژی گۆران مەعلوماتی دامێ ، گۆران پێش ئەو ژن هێنانەی کچێکی خۆش ویستووە و زۆر عاشقی بووە و بەتەما بووە ببێتە هاوسەری– بەڵام لەبەر هەندێ هۆ ، بۆی نەبووە (34)– بێگومان دەبێ ئەمەش کارێکی گەورەی لە ژیانی گۆران کردبێ. بەهەر حاڵ، ئەم هۆیانەی سەرەوە، هەموویان بە پێکڕایی لەگەڵ جیاوازی پلەی گرنگییاندا ، دەوریان هەبووە لە دروستکردنی دڵی تینوو بۆ ئافرەت بە پەرۆشی گۆران سەرباری ئەو جوانپەرستییەی وەکو خۆشەویستییەکی گەورە بۆ ڕووە ڕووناکەکانی ژیان لە ناو دەروونیدا کڵپەی سەندووە. ئەم پەرۆشە بەتینە ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو دڵی گۆراندا گەورەتر و گەورەتر بووە. گۆران لە ماوەیەکی درێژی تەمەنیدا بەر لەوەی تێگەیشتنی جوانی بگوێزێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی و خەباتی میللەت لە پێناوی ئازادی و بەختیاریدا و خەباتی مرۆڤایەتی لە پێناوی ئاستی و برایەتیدا ، ئافرەت لەلای ئەو نمونەی هەرە گەورەی جوانی بووە و پەیوەندی بەو جوانییەوە ، پەیوەندی سۆفیگەریانەی بێ– یا لە هێز و تینی کەم بکاتەوە– گۆران هەر بە تەما بووە لە ئافرەتدا بەو جوانیە ڕۆحییە بگات کە تەواوی هەستی خۆشەویستی ئەو ، نەک تەنها بۆ ئافرەت ، بەڵکو بۆ تەواوی ژیان ، دابمرکێنێتەوە– لە هۆنراوەی (کچێکی بێگانە) دا دەڵێ:

لە هەچ باخێ گوڵێکی سوورم دیبێ
بۆی چووم هەزار دڕک لە پێم چەقیبێ
هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم
ناشارەزا و پەپولەی دوور بە دوور بووم
ئەمجا ئیتر کەوتومەتە بەیایی
بۆ جوانێکی تری پێش ئاشنایی
جوانەی تریش هەروەکو ئەم جوانانە
نەیتوانیوە ، دامرکێنێ ئەم گیانە
هەر سەرگەردان ، هەر ئاوارە ، هەر برسی
(بۆچی؟) باشە پێت بڵێم با ، ئەپرسی:
چونکە کاتێ دێنێتە دی خۆزگەی دڵ
جوانی گیانیش ، هاوکاری بێ ، جوانیی گڵ
لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشتی

ئاسمانێکی ئەویۘ فەڕ با بەگشتی
بۆ کلۆڵیم ، ڕەنجەڕۆییم ، بەدبەختیم
تا ئێستاکە هەر نازداریۘ من ناسیم
بەڕواڵەت چەن پرشنگدار و شیک بوو ،
پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو؟
کۆشی گەرم و دەروونی سارد و سڕ بوو
زمانی نەرم ، نیهادی ئێجگار دڕ بوو(35)

زیاد لەوەی ئەم هۆنراوەیە بە بێ دوو دڵی ، ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەندی گۆران بە جوانی ئافرەتەوە زۆر بەرزتر و بالاتر لەوەی پەیوەندییەکی جینسی یا بە مەبەستی دابینکردنی ئارەزووی سێکسی بێت- زیاد لەمەش ڕوونکردنەوەیەکی تر دەداتە پاڵ ئەو ڕایانەی دەرمان برین- گۆران بە چاوی ڕۆشنبیرو هونەرمەندەوە ڕوانیویەتە ئافرەت بە پەرۆشەیەوە ، وێنەیەکی میسالی دەربارەی ئافرەت لە مێشکیدا گەڵاڵە کردووە لەم قۆناغەی ژیان و تەمەن و شیعریدا ، وای داناوە کە ئافرەت خۆی لە خۆیدا جەوهەر و مەبەستی ژیان بێ ، بە بێ ئەوەی دەوری ئافرەت لەو ژیانەدا بگرێتە بەرچاو و ئەو ڕاستییە دەرک پێ بکا کە ئافرەتیش وەک بەشێک لە کۆمەڵ، ناتەواوی و کەم و کوڕی و دواکەوتوویی کۆمەڵەکە دەیگرێتەوە و سەرمایەی جوانی بەس نییە بۆ ئەوەی بیکا بە ئافرەتێکی میسالی. بۆیە گۆران کە ئافرەتە بێگانەکە، وەک شاعیر قەدری ئەو دەگریۘ و ڕێزی هونەرەکەی دەزانیۘ و دیوانێکی (برۆش)ی پێشکەش دەکا بە تەواوی هەستی دەهارۆژیۘ و یەکسەر جیاوازی نێوان ئەو کچە بێگانە و هەموو ئەو کچانە هەست پێ دەکا کە لەوەپێش دیونی و ناسیونی و خۆشی ویستوون و لە دڵی تاریک و دەروونی سارد و ڕواڵەتی جوان بەولاوە هیچی لە لاشک نەبردوون.

ئەم شیعرە ڕۆمانسییانە تەمەنێکی شیعری درێژی گۆران داگیر دەکەن(36). هەتا لەگەڵ هەنگاونانی بەرەو واقیعییەت، ئەو ڕاستییە تیۘ دەگا کە مەسەلەی ئافرەت بتێک و پەیکەرێکی جوانی نییە ،کە لە پێناوی جوانیەکەیدا خەڵق کرابیۘ و هیچی تر. جوانی ئافرەت زۆر جار لەژێر پێی زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا دەپلیشێندرێتەوە. گۆران لە هۆنراوە ڕۆمانسییە کۆمەڵایەتیەکانیدا وێنەی ئافرەت لە ڕوانگەی ئافرەت خۆیەوە نیشان دەدا، واتە ئێستا ئافرەت لە شیعرەکانیدا هەست و سۆزی ناوەوەی خۆی لە پێناوی خۆیدا دەردەبڕیۘ. ئێستا ئافرەت خاوەنی هەست و خواست و ئیرادەیە- نە بە نیعمەت و ناز و سامانی کۆشک ، نە زوڵم و زۆری چینایەتی و ستەمکاری ئاغا ناتوانیۘ خۆشەویستی کچە جوتیارێک بۆ کوڕێکی شوان دوایی پێ بێنیۘ. گۆران لە (بوکێکی ناکام)دا بەسەرهاتی ئەم خۆشەویستییە لە سنووری تەسک و تایبەتی ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە دەردەکا و بوعدێکی گشتی و شموولی پێ دەبەخشیۘ و دەیکا بە نمونەیەکی بەرزی بەهێزی بیرو باوەڕی ئینسان بەرامبەر زوڵم و ستەمکاری زۆرداران لە هەموو کات و شوێنێکدا- گەرچی کوڕەی ئاغا دڵدارەکەی کچە جوتیار بە تاوان دەکوژیۘ، بەڵام ئەم تاوانە هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی دڵی کچە جوتیار بگۆڕیۘ یان خۆی بە دەست ئاغای زۆردارەوە بدا بەڵکو:

ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەت و نازە
هەمووی ئەدا بە یەک دڵۆپ فرمێسکی تازە
لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ و بڵێ
دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا ناگاتە دڵێ!!(28)

هۆنراوەی(بەردەنوسێک) و (ئەنجامی یاران)یش لە سنووری ئەم ڕوانینە ڕۆمانسییە کۆمەڵایەتییەدان. بەڵام دوای ئەوەی گۆران بە تایبەتی دوای ساڵی 1950 ئایدیالی جوانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ ناو میللەت و گرنگی بە عەکس کردنەوەی هیواو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدا، مەسەلەی ئافرەتیش دەبێتە بەشێکی ئاوێتە بوو و جیا نەبووەوەی تێکڕای مەسەلەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لە جوانی و ئاشتی و داپەروەری– لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی ئەژدەهاک)دا ، مەسەلەی ڕوانینی گۆران بۆ ئافرەت دەگاتە هەرە پلەی بەرزی و پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕیی. کچان لەو ئۆپەرێتەدا بەوە ڕازی نابن کە ئەوان لە ماڵەوە دانیشن و ئەژدەهاکی خوێن ڕێژیش کوڕە لاوەکانی کوردستان سەربڕێ. ئافرەتانیش خۆیان دەگۆڕن و دێنە کۆڕی خەباتەوە و داوا دەکەن کە ئەوانیش لە مردن لە پێناوی نیشتماندا هاوبەش بن:

کاوە: (لەبەر خۆیەوە):
هۆی ژیانی گەل ژنە
خەنجەر نێچووی ئاسنە
زامی جەرگی ژن و پیاو
هی دەستی یەک دوژمنە..

کچان: (لە ڕێزی پشتەوە)
مێشکی کوڕ و کچ لای مار
لای ئەژدەهاکی زۆردار
هەر یەکە.. هەر یەک بێ گومان!
ئیتر بۆ بێبەش بن کچان
لە خەبات و قوربانیدا

بەستەی کچان:
بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نییە ،
بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نییە!!(39)

بەڵێ!! ئەو ساتەی ئافرەت دیلێتی خۆی و هۆی دیلێتی دەدۆزێتەوە، ئەو ساتەی تەواو هوشیار دەبێتەوە و نرخی ئینسانی خۆی لەناو کۆمەڵ و گەلەکەیدا دەزانێ ، ئەو ساتەی کە ئەو باوەڕە پیرۆزە بە دەست دێنێ کە دەبێ لە خەباتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیشدا هاوشانی پیاو بڕوا و

له زیندان و سێداره و سه‌ربڕینشدا هاوبه‌ش بێ ، ئه‌وسا مه‌سه‌له‌یه‌ک نامێنێته‌وه پێی بگوترێ مه‌سه‌له‌ی ئافره‌ت- به‌ڵکو ته‌نها یه‌ک مه‌سه‌له له گۆڕی ده‌بێ: ئه‌ویش مه‌سه‌له‌ی ئینسانه ، مه‌سه‌له‌ی سه‌ربه‌ستی و شادی و که‌رامه‌تی ئینسان ، چ ژن، چ پیاو-!!

دوا وشه:

ئێستا که بیرێکمان ده‌رباره‌ی مه‌سه‌له‌ی ئافره‌ت و جوانی له شیعره‌کانی گۆران- دا وه‌ده‌ست هێنا ، واچاکه سه‌رنجێکی خێراش له‌و سه‌رده‌مه بده‌ین که ئه‌م شیعرانه‌یان تێدا نوسراون بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین به شێوه‌یه‌کی ته‌واو مه‌وزوعی هه‌ڵیان سه‌نگێنین. له دوای کۆتایی شه‌ڕی جیهانی یه‌که‌م و بڵاوبوونه‌وه‌ی ده‌نگی ئازادی به‌نێو گه‌لاندا و دروست بوونی ناکۆکیه‌کانی ئیستیعماری گه‌وره له نێوان ده‌سه‌ڵاتی عوسمانی به‌سه‌ر چوو- و حوکمی ئینگلیزی تازه په‌یدا بوودا ، کۆمه‌ڵێک ڕووناکبیرو ئه‌دیبی کوردیش که‌وتنه خۆ. زۆربه‌ی ئه‌و ئه‌دیب و ڕووناکبیرانه له تورکیای عوسمانی گه‌ڕابووه‌وه زمانی تورکیان باش ده‌زانی، ئه‌ده‌بی ڕۆمانسی تورکی به تایبه‌تی و بیری ڕاپه‌ڕینی بۆرژوازیه‌تی نیشتمانی تورکی به گشتی کاری تێکردبوون (40) ئه‌م ڕۆشنبیرانه توانیان نوێنه‌رایه‌تی بیری بۆرژوازی نیشتمانی تازه سه‌رهه‌ڵداوه‌ی گه‌لی کورد له عێراقدا بکه‌ن و (41) ئه‌ده‌ب بکه‌نه مه‌یدانی کارپێکردنی ئه‌و بیرانه- ڕۆمانسیه‌تیش له ئه‌ده‌بدا باشترین ده‌ربڕینی زمانی حاڵی بۆرژوازیه‌ته. ئه‌وان. رومانسیه‌تیان به‌رامبه‌ر به بیروباوه‌ڕی کۆنی ده‌ره‌به‌گایه‌تی و ئه‌ده‌بی کلاسیکی له میلله‌ت دووره‌په‌رێز وه‌ستا و ، ڕاست کرده‌وه و ، زۆر گرنگییان به‌لایه‌نی نه‌ته‌وه‌یی دا/ حاجی تۆفیقی پیره‌مێرد ، یه‌که‌مین ئه‌دیبێک بوو که پێشڕه‌وایه‌تی ڕێبازی ڕۆمانسی له رووه نه‌ته‌وه‌ییه هه‌ره چاکه‌کانیدا کرد: مه‌به‌ستم زمان و گه‌ڕانه‌وه بۆ که‌له‌پوری میللیه- پیره‌مێرد دروشمی نوسینی کوردی په‌تی به‌رز کرده‌وه و ئه‌م دروشمه به گورجی له نێو ڕووناکبیرانی کوردد‌ا بڵاو بووه‌وه. گه‌ڕانه‌وه بۆ زمانی قسه پێکردنی خه‌ڵک و بژارکردنی له وشه‌ی بێگانه ده‌ستی پێکرد- نمونه‌ی فۆلکلۆری کوردی له گۆرانی و به‌یت و سه‌رگوزشته و حیکایه‌ت و داستانی میللی هاتنه مه‌یدانه‌وه و- ئه‌م بزوتنه‌وه‌یه به‌رده‌وام بوو تا ئه‌م تێگه‌یشتنه نوێییه‌ی ئه‌رکی ئه‌ده‌ب- ئه‌ده‌بی ڕۆمانسی- به شێوه‌ی تیۆری پراتیکی له دوو کۆمه‌ڵه نوسینی(یادگاری لاوان1933 )و (دیاری لاوان 1934 )دا به ڕوونی خۆی به‌ده‌رخست، به تایبه‌تی له وتاری(شاعیره‌کانمان) له (یادگاری لاوان)دا که بانگه‌وازی ڕۆمانسییه‌ت له ئه‌ده‌بی کوردیدا ده‌ژمێردرێ (42) شان به شانی ئه‌م گێڕانه‌وه‌یه بۆ ڕه‌سه‌نێتی ، وه‌رگرتنی شێوه‌ی نوێی ده‌ربڕینی شیعری له شاعیرانی تورک و ئه‌وروپایی و تازه‌کردنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی کوردی به لاسایی کردنه‌وه‌ی ئه‌وان، به‌رده‌وام بوو. خوالێخۆشبوو ع. و. نوری زووتر ئه‌م شێوه نوێییه‌ی به‌کارهێنا ؛ به‌ڵام به داخه‌وه به‌رده‌وام نه‌بوو- له ئه‌نجامدا (گۆران) بوو به نوێنه‌ری هه‌ره گه‌وره‌ی ئه‌م ڕێبازه نوێیه‌و په‌ره‌ی پێدا. بێگومان هۆنراوه ڕۆمانسیه‌کانی گۆران، له چوارچێوه‌ی ڕوانینی بۆرژوازییانه‌دا بۆ ئافره‌ت خۆیان ده‌نوێنن، به‌ڵام له‌و قۆناغه مێژووییه‌دا، له چاو بیری ده‌ره‌به‌گایه‌تی و تێگه‌یشتنی ئه‌ده‌بی کلاسیکی، هه‌نگاوێکی گه‌وره بوون بۆ پێشه‌وه جگه له‌وه‌ش وه‌کو گوتم ده‌بێ وه‌ک بزوتنه‌وه نوێخوازییه‌که هه‌ڵیان بسه‌نگێنین- وه‌ک نوێکردنه‌وه ، وه‌ک گه‌ڕانه‌وه بۆ وشه و خاک و ئاو و هه‌وا و مۆسیقای کوردانه، به مانایه‌کی تر ، ئه‌و هۆنراوانه له‌و سه‌رده‌مه‌دا خۆیان

له خۆیاندا مەبەست و ئامانج بوون. گەرچی ڕۆمانسییەت بۆ ئەدەب ، شێوە و ئسلوب بوو ، بەڵام ڕاستییەکەی هەر لەو کاتەدا ناوەڕۆکی بیری ڕاستەقینەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی بۆرژوازی ئەوسای گەلی کورد بوو  کە ناوەڕۆکەش ئەو ناوەڕۆکی پاراستنی زمان و ژیاندنەوە و پێشخستنی نوسینی کوردی و بە کوردی نوسین بوو: ئەو ڕوناکبیرانە دەیانویست ژیاندنەوەی زمانەکەمان بکەنە بەڵگەی شیرینی و پتەوی زمانەکەمان و کۆنی و زیندوویی و خۆڕاگرتنی گەلی کوردمان. بۆ ئەم مەبەستەش شیعرەکانی گۆران بوونە گەورەترین و ڕاسگۆترین شایەت بۆ ئەوساش و ئێستاش و لەمەودواش...

پەراوێزەکان:

1. بەهەشت و یادگار- چاپخانەی معارف: بەغدا. لاپەڕە 49-50
2. بڕوانە (د. زکریا ابراهیم ) مشکله الحب.
3. گۆران (ئاوێتەی هەستیم) سروشت و دەروون 1968ل ،66
4. گۆران بەسەرهاتی ژیانی خۆی نوسیوەتەوە و بۆ (حسێن عەلی شانۆف)ی ناردووە تا لە نامەی دکتۆراکەیدا پشتی پێ ببەستێ. تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی لەوە سەرەکیتر و باشتر دەربارەی ژیانی گۆران نیە. بڕوانە (شیعر الشاعر الکردی المعاصر- عبدلله گوران) وەرگێڕ: شوکر مستەفا لاپەڕە ، 11
5. بڕوانە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. بەرگی دووەم- ل 148- ل ،150
6. یەکەم جار ئەم پەخشانە لای مامۆستا کاکەی فەلاح بە دەست کەوت. زۆر سوپاسی ئەکەم.

7. مامۆستا کاکەی فەلاح لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی گۆران باسی ئەوەی کردووە کە عەبقەرییەتی گۆران بەهۆی ئەو ئازار و ژانە سەختەوە دروست بووە، کە لە مناڵییەوە توشی هاتووە.. بەڵام وەک لە دواییدا ڕوونی دەکەینەوە بەپێی قسەی گۆران خۆشی ئازار و ناخۆشی ژیان کاریان نەکردۆتە سەر هیوا و ئاواتی گەورەی گۆران.

8. هۆنراوەی (تاوێ نەگەڕا) بەهەشت و یادگار ل ، 79

9. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی– ل ، 149

10. (شیعر الشاعر الکردی المعاصر– عبدلله گوران) ل 10

11. گۆران بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی– نەمری– گێڕاوەتەوە کە (یەکەم شیعر لە ژیانیا چوار پێنج بەیت بووە کە ئێستا هەرچەند ئەکات دوانیان نەبێ نایەتەوە بیری. ئەوانەب دیارە بۆ نوسین ناشێن. چونکە وەختی خۆی بە زمانێکی بێ شەرمانەی مناڵی توخن کەوتنی هاوڕێیەکی مناڵی تیایە) (بڕوانە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. ل 150

12. هۆنراوەی (ئاوێنەی هەستیم).. سروشت و دەروون. ل 66

13. هۆنراوەی (تاریکە شەوێ).. (سروشت و دەروون. ل 23 هەروەها بڕوانە شی کردنەوەی تەواوی ئەو هۆنراوەیە لەباسی (سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا– نوسەری کورد–ژ9،

14. دێڕە شیعرەکە ئەمەیە:

ئەندامێکی وەک منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو،
تیا نابێتە پارەدزی برسی و ناتەواو!
(هۆنراوەی: لە بەندیخانە.. سروشت و دەروون ل 45،

15. هۆنراوەی (جوانی بێ ناو): بەهەشت و یادگار ل. 55–66

16. بڕوانە (کەمال میراودەلی– فەلسەفەی جوانی و هونەر– کانت–).

17. الموآە فی الترات الاشتراکی– ترجمە جورج طرابیشی.

18. بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: English Velse. IV London.p.303

19. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ل161

20. بەهەشت و یادگار ل 17–18

21. بەهەشت و یادگار ل 19–20

22. فرمێسک و هونەر ل 135

23. هۆنراوەی (هەرچەند) بەهەشت و یادگار ل 75

24. بەهەشت و یادگار ل 29

25. فرمێسک و هونەر ل 127–128

26. بەهەشت و یادگار ل 63–66

27. هۆنراوەی ئاواتی دووری ل21–23 (بەهەشت و یادگار).

28. مامۆستا د. عزالدین مستەفا رەسول دەڵێ: (گۆران کە ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی شیعری بۆ ئافرەت و جوانی ئافرەت تەرخان کردووە و بەرهەمێکی زۆری لەم بارەوە هەیە لە وەسفەکانیدا لە وێنەیەکی واقیعی جوانی ئافرەت دەرناچێ و بە داهێنانەوە ئەمە دەکا.. گۆران کارامەترین کەسێکە کە وەسفێکی واقیعی ئافرەتی کردبێ).

(بڕوانه: الواقعیه فی الادب الکردی ل 158).

29. دەبێ ئێمە ئەم ڕاستیە بگرینە بەرچاو کە ئەم هۆنراوانەی گۆران قۆناغێکی شیعری تایبەتی ئەو پێک دەهێنن و گۆران دوای ئەو قۆناغە نەک هەر تەنها تێگەیشتنی بەرامبەر ئافرەت دەگۆڕێ ، بەڵکو ئافرەت وەک مەبەستێکی سەربەخۆ لەلای ئەو ون دەبێ و دەبێتە بەشێک لە مەسەلەیەکی گەورەتر کە مەسەلەی ئازادی و بەختەوەری مرۆڤە ، بەڵام (نزار قبانی) لەو تەمەنە شیعرییە دوور و درێژەیدا ، لەم سەردەمەی خەباتی نەتەوەی عەرەب و مرۆڤایەتیشدا خۆی بۆ مەسەلەی ئافرەت تەرخان کردووە و بەلایەوە ئافرەت کەرەستەیەکە بۆ ڕابواردنی پیاو و هیچی تر. بڕوانە:(نزار قبانی ، الاعمال الشعریه الکامله– الجزء الاول– منشورات نزارقبانی. بیروت).

30. هۆنراوەی (ژن) بەهەشت و یادگار ل 87

31. بەهەشت و یادگار ل 53–54

32. هۆنراوەی (سێبەری هیوا) بەهەشت و یادگار ل،86

33. سروشت و دەروون ل ، 970

34. بە پێی قسەکانی کاک ئەژی– ئەو ژنە هێشتا ماوە و لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ناتوانێ ئاشکرای کا.. بە پێی ڕایەکی مامۆستا کاکەی فەلاحیش پەیوەندی گۆران بە دایکیەوە باش نەبووە و خۆشی نەویستووە و بەڵکو زیاتر لێی ترساوە ، بۆیە ژنی یەکەمی بە قسەی دایکی هێناوە.. بەڵام من بەڵگەی وام دەست نەکەوت ئەم ڕایەم بۆ ساغ ببێتەوە.

35. هۆنراوەی (بۆ کچێکی بێگانە) بەهەشت و یادگار ل 57–59

36. بە پێی قسەی حسێن عەلی شانۆف گۆران تا ساڵی 1925 خەریکی غەزەلی تەقلیدی بووە.. بەهەر حاڵ شیعرەکانی گۆران دەربارەی ئافرەت شیعرە ڕۆمانسیەکانیشی دەکەنە نێوان ساڵانی 1925–1940 چونکە زۆربەیان لەو ماوەیە بڵاوکرانەوە.. گەرچی دیوانی(بەهەشت و یادگار) و (فرمێسک و هونەر) لە ساڵی 1950دا لە چاپخانەی معارف لە بەغدا چاپ دراون.

37. هۆنراوەی (بوکێکی ناکام) ل 67–68 دیوانی بەهەشت و یادگار. ئەم هۆنراوانەو هۆنراوەی (گوڵی خوێناوی) لە لایەن د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە– الواقعیه فی الادب الکردی– و حسێن عەلی شانۆف لە (شعر الشاعر الکردی المعاصر– عبدلله گوران)دا بە درێژی لێیان کۆڵراوەتەوە.. بۆیە بە پێویستمان نەزانی باسیان بکەین.. خوێندەواری بەرێز دەتوانێ بۆ ئەو دوو کتێبە بگەڕێتەوە.

38. ئەنجامی ئەژدەهاک. گۆڤاری بەیان. ژ 4 بەرگی دووەم.. ئایاری 1959

39. مامۆستای ڕەحمەتی ڕەمزی قەزاز لە کتێبی (بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست دەڵێ:(لەدوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی لە 1919و1920 دا جوڵانەوەی ڕۆشنبیری کورد لە عێراقدا پێشکەوت. ئەو برا کوردانەی لە دەرەوەی عێراقدا دەژیان و لە ئەستەمبوڵ بوون هەموو ڕۆشنبیر بوون و لەبەر زۆرداری و ستەمی تورکەکان هەموو گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە دوو شوێنی گرنگدا جێنیشین بوون لە سولەیمانی و بەغدا.. لە

سولەیمانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەساڵی 1919 تا ساڵی 1922 دەرکرا ، وە بانگی کوردستان ، ڕۆژی کوردستان ، بانگی حەق ، ئومێدی ئیستیقلال ، ژیان ، زانستی ، ژین، .. دەرکران. (لاپەڕە 54)

هەروەها نابێ دەوری ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری گەوردیدا فەرامۆش بکەین کە ئینگلیزەکان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە بەغدا دەریان کردووەو (67) ژمارەی لێ دەرچوو.

(تێگەیشتنی ڕاستی) گەلێ خزمەتی بە ژیانی ڕوناکبیری کورد گەیاندووە.. زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بۆ یەکەم جار بەو جۆرە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی کوردی ڕەنگیان داوەتەوە– بڕوانە (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا.. کەمال مەزهەر ئەحمەد.. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1978بەشی پێنجەم.. ل 148–200

40. د.عیزەدین مستەفا ڕەسول دەربارەی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردیدا دەڵێ: (ئەو دەستە ڕۆشنبیرەی لە قوتابخانەی نوێدا پێگەیشتبوون لە دەرەوە کۆ بوونەوە.. ئەوانیش ئەدەبی ڕۆمانسی تورکی و ئەدەبیاتی ئەوروپی لە ڕێگەی زمانی تورکیەوە کاری تێکردبوون.. ئەم دەستەیە لە ڕوناکبیران نوێنەرایەتی ئەفکاری بۆرژوازیەتی سەرهەڵداوی ناو بزوتنەوە نیشتمانی کوردییان کرد..)

41. بڕوانە– (وتاری شاعیرەکانمان). یادگاری لاوان– بەغدا ، چاپخانەی کەرخ 1933، ل 33–44

لە یادگاری لاواندا دوو هۆنراوەی گۆران بڵاوکراوەتەوە: (هەوری پاییز ، ل 26 و گەشتی هەورامان ل 57–60

لە دیاری لاوانیشدا ئەم هۆنراوانەی بڵاوکراونەتەوە: بۆ

1. هەڵبەستی دەروون.
2. ئافرەت و جوانی.
3. گوڵی خوێناوی.
4. بەسەرهاتی ئەستێرەیەک. جگە لە پارچە پەخشانێک بە ناوی (لاواندنەوە بۆ برایەکی جوانەمەرگ) بێگومان ئەمە دەوری سەرەکی و پێشڕەوانەی گۆران لە بزوتنەوەی ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردیدا نیشان دەدا.

**بۆ هیوای کوڕم**
**شیعری: گۆران**

هیوا ، مەگری ، هەنسکی نیوە شەو بەس هەڵدە بەس بگری!
لە چاوی بێ قەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟

کوڕی خۆم کۆرپەلەم! میوانی دنیای تازە خوڵقاوم!
ئەدا گریەت بەزەربەی چز لە ڕۆحی پڕ گلاراوم!

چی یە ئەم گریە بێ غایە. کروزەی نیوەشەو خورپێن؟
چیە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ ئەمەل ئەڕژێ؟

لەگەڵ ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵقی بەهار ئەڕوێ
چی یە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ؟

وەکو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایک بوو ،
لەبەرچی نەشئەیی یاری هەڵت ناداتە سەر پاشوو؟

ئەڵێی ئەو زەڕنەقوتەی پەپکە مارە فەرشی هێلانەی:
چ ئێشێکە ، کوڕم ، بۆچی لەسەر ئەم هەڵکروزانەی؟

چی یە ، توخوا چ سرێکە وەها مەحکومی گریانی ،
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی؟ لە مەعنای گریە نازانی؟
ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە ،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە!

لەناو کڵپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر ،
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!

بەڵێ ، ڕۆڵەم ، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختی ئیدراکیش ،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە ، نەوەک شەو ڕۆژی ڕووناکیش ،

حەقت بوو عەرش بلەرزێنێ بە ناڵەی عومری پڕ ئێشت ،

**لە ئەستێرەی سەما بپژێنێ فرمێسکی دڵی ڕێشت!**

**حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهوم و بێ مەعنا:**
**زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!**

**حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما ،**
**بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!..**

**بەڵام ڕۆڵەم ، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای ،**
**لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهول و نیهانیتای ،**

**بەچی مەعلوم بە شوێنی هی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟**
**سەراسەر پێکەنین و خووڕەمی نابێ خەمی عومرت ؟**

**بەڵێ بەرخم! ئەگەر چی هەر وەکو یەک ژینی گشت لایە**
**لە بەینی بێشکە و قەبرا ، بڕینی عەینی ڕێگایە!**
**هەموو هەر قافڵەی بێ ئیخیاری سەرزەمینێکن ،**
**هەموو دێین و دەڕۆین ، تاکو ئەگەین ، یەعنی ئیتر ئەمرین ،**

**وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە:**
**لە یەک سەرچاوەی دوو قەترە: یەکێ لێڵە ، یەکێ ڕوونە!**

**هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە ،**
**هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!**

**ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا ،**
**ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا!**

**کوڕم! هەر وەک لە ئەعجوبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری ،**
**شتێکیش ، بەختیاری ، پێکەنین ، گرتوویە چوار دەوری!**

**بە خۆڕایی مەترسە ، خەم مەخۆ مەگری لە ئێستاوە**
**بەچی مەعلووم ، کەچی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە؟!**

**ئەم هۆنراوەیە لە (سێ هەنگاو)دا داڕێژراوە. هەر هەنگاوەی بەستراوەتەوە ، بە کاتێکی دیاریکراوەوە– مەبەستمان(کاتە شیعرییەکەیە– کاتی ئەزموونی شیعرەکە. واتە پەیوەندی**

نێوان، بابەتەکە، واتە مەسەلەی شیعریەکە، لە لایەکەوە و حاڵەتی دەروونی و فیکریی شاعیر، واتە خودی ئینسانیی، گۆران، لەلایەکی دیکەوە. ئەم سێ هەنگاوەش لە ڕوانگەی کاتەوە ئەمانەن:
لە ئێستاوە، بۆ ئێستا. ئەمە تەقینەوەی لەحزەکەیە ، واتە تەقینەوەی مەسەلە شیعریەکە: گریانی مناڵەکە.
لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو– یان ئامادەکردنی ڕابردوو لە ئێستادا. شەپۆل خواردنی مەسەلەکەیە لە مێشک و بیری شاعیردا و، ئامادەکردنی حاڵەتێکی خەست و چڕی موعاناتی ژیانی خۆیەتی و بۆ دروستکردنی پێشبینەیەکە و زەمینەیەکە، کە لێیەوە بڕوانێتە چلۆنایەتی مەسەلەکە: گریانەکە– ڕوانین لە ئێستاوە بۆ ئایندە، بە شوێن دۆزینەوەی ئاکامێکدا.
***

بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەم سێ هەنگاوە، هەوڵ دەدەین هۆنراوەکە، بە وردی شی بکەینەوە.

هیوا ، مەگری، هەنسکی نیوە شەو بەس هەڵدە بەس بگری!
لە چاوی بێ قەرارم بۆ چی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟

کوڕی خۆم کۆرپەڵەم! میوانی دنیای تازە خوڵقاوم!
ئەدا گریەت بە زەربەی چز لە ڕۆحی پڕ گلاراوم!

شەو درەنگە. دەرمانی وەنەوز لە چاوی بێ قەراری گۆراندا، خەریکە بێداری لا دەبا و خەوێکی شیرین دەیباتەوە– بەڵام لەولاوە کۆرپەڵەیەک، بە کوڵ ئەگری، لە سی یە بچکۆلەکانیەوە، هەنیسک لەدوای هەنیسک سەرهەڵ دەدا. ئەم گریانە گەمەی هیوای کۆرپەڵە، هیوای میوانی دنیای تازە خوڵقاوی گۆران، دەرمانی وەنەوز لە چاوانی دەسڕێ و، هەر کوڵێکی گریان ، دەبێتە کلوویەکی ئاگر و بە ڕۆحیدا دەچزێ!
بەڵام ئایا گۆرانی شاعیر بۆ خەو و ئارام و حەسانەوەی خۆی بە پەرۆشە؟
ئایا بە گریەی هیوا قەڵسە؟
نەء. خەمی گۆران، خەمێکی ئینسانی قووڵە. پەرۆشێکی شاعیرانەیە. پەرۆشی گەڕان بەدوای نهێنی حاڵەت و ڕووداوەکاندا؟
دەسا بە ڕاست، هیوایەکی ئاوا مناڵ، کۆرپەیەکی ئاوا پاک و بێ گوناە ، بۆ دەگری؟!

چی یە ئەم گریە بێ غایە. کروزەی نیوەشەو خورپێن؟
چیە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەئال ئەڕژێن؟

ئەم گریانە بێ ئامانجە، ئەم کرووزەی نیوەشەو هەژێنە، بۆ؟ ئەم قەترە وردانەی بێ گەڕانەوە لە چاوی هیواوە هەڵدەوەرن، چ ڕازێک دەردەبڕن؟! ئاخر ئەم گریانە بۆ؟! دەبێ لەبەر ئەوە بێ کە هیوای کۆرپەڵە، بە چکەی ئینسانە و ، ئینسانیش، هەر لە سەرەتاوە، مەحکومی گریانە؟!

ئەگینا، ئەگەر وانییە، بۆ جگە لە مرۆڤ، هیچ گیانلەبەرێکی دی، تەنانەت، لە لەحزەی لە دایکبوونیشا، ناگری؟

لەگەڵ ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چی یە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ؟
وەکو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایک بوو،
لەبەرچی نەشئەیی یاری هەڵت ناداتە سەر پاشوو؟

ئەرێ، بۆ هیوای ساواش، وەکو ئەو خونچەیەی لەسەر خەڵقی بەهار دەڕوێ، بەهێمنی خەو نایباتەوە؟ یا بۆ لەجیاتی گریان، وەکو ئەو بەرخۆلەیەی تازە لەدایک بووە، تاسە و ئارەزووی یاری و خۆشی ژیان، نایخاتە سەما؟!
بەڵام هیوای کۆرپەڵە، هیوای کوڕی مرۆڤ، دەڵێی زەڕنەقووتەیە و پەپکە مار بووەتە فەرشی هێلانەکەی، هەر خەریکی گریە و هەڵکڕوزانە:

ئەڵێی ئەو زەڕنەقوتەی پەپکە مارە فەرشی هێلانەی:
چ ئێشێکە، کوڕم، بۆچی لەسەر ئەم هەڵکڕوزانەی؟

با بڵێین هیوا ئینسانەو، ئینسانیش مەحکومی گریانە، باشەخۆ ئەگەر گریان جیهانێک بێ تایبەتی بە مرۆڤ و، زادەی خەمی قووڵ بێت و مانای ئازاری گەورەی مرۆڤ دەربڕێ، ئەوا هیوای ساوا (پلە گۆشتێکی مەعسوم)ەو، نە لە خەم تێدەگات و نە لە واتای گریان حاڵی دەبێ؟ ئەی بۆ دەگری، چ ڕازێکە، ئەئاوا حوکمی گریانی بەسەردا دراوە؟!

چی یە، توخوا چ سرڕێکە وەها مەحکومی گریانی
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی، لە مانای گریە نازانی؟

لێرەدا هەنگاوی یەکەم، تەقینەوەی لەحزەکە کۆتایی دێت. بەڵام ئەو وشەی هێشتایە، مەسەلەکە، دەگوێزێتەوە، بۆ ڕۆژێک، بۆ هەنگاوی دووەم. هیوا– هێشتا– لە خەم ناگات؟! کەواتە ئەبێ، ڕۆژێک، کاتێک، یا تامەنێکی تر هەبێت، تێیدا لە خەم بگات. یان ئەوەتا بە دیار هیواوە، کەسێک هەیە، لەخەم و ئازار تێدەگات و، هەر لەم خەمەی خۆیشیەوە دەڕوانێتە گریانەکەی هیوا– ئەو کەسەش باوکی هیوایە، گۆران خۆیەتی.
ئەمە گۆران پاڵ پێوە دەنێ، تاقیکردنەوەی چڕ و پڕی تەمەنی پڕ لە مەینەتی خۆی بێنێتەوە یاد و ، لە ناکاویشدا، لێپرساوی خۆی بەرامبەر بەم گریانە دەرک پێ بکات. گریانی ئەو کۆرپەیەی کە ئەم هێناویەتیە دنیاوە– ئەم، باوکێکی حەسرەت دیدەکە لە ژیاندا هەر ژەهری چەشتووە و گەرد و تۆزی هیوا و ئاواتەکانی بەدەم باوە بڵاوبوونەتەوە، هەموو بەهاری جوانی تەمەنی بە گوڵ و چرۆو بەرەوە، لەناو کڵپەو بڵێسەی نائومێدی و نەهامەتیدا هەڵپڕوکاوە:

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە بپێژایە!
لەناو کڵپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر،
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!

بەڵام، وەنەبێ خەم و مەینەت، خۆیان لە خۆیاندا، سەرچاوەی گریان وناڵەی مرۆڤ بن. مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر، لەوەشدا جودا دەبێتەوە، کە تێدەگا- ئیدراکی هەیە. هەست بە پاشەڕۆژ و چارەنوسی خۆی دەکا؛ مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە لە سبەینێ دەپرسێ، هەموو ڕواڵەت و ڕوداوەکان لێک دەداتەوە، نەخشەکان بنیات دەنێ، تەمەنی دەکاتە پارووی سەدان خەم و خەیاڵی بێ ئامان، لێرەدا ئەم زانین و تێگەیشتنەی مرۆڤ لە واقیعی پڕ ئازارو خەم و کەسەر، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژی ڕوناکیش بەشەو ببینێ- وەک گۆران بۆی دەچێ- لێرەدا شاعیر، ڕوو دەکاتە هیوا و پێی دەڵێ: ئەگەر ئەو هەر تۆزقاڵێک لەو تێگەیشتنەی شک ببردایە، کە باوکی هەیەتی، ئەوا هەقی بوونەک تەنها، نیوەشەو بخروشێنێ، بەڵکو عەرشی گەردوونیش بە ناڵەی ڕۆحی بلەرزێنێ:

بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو ڕۆژی ڕووناکیش،

حەقت بوو عەرش بلەرزێنێ بە ناڵەی عومری پڕ ئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت!
حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهوم و بێ مەعنا:
زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!

گریانێک کە نامەفهوم و بێ مانایە، چونکە دیار نییە بە سۆنگەی چی یەوەیە؛ بۆ چ مەبەستێک فرمێسک دەڕێژێ، لە کاتێکدا گۆران بیر لە ژیانی بابردووی خۆی دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەگاتە ئەو ئاکامەی ئیدراک و تێگەیشتن بەدبەختی یە و سەدان دەروازەی ئازاری مەزن بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، ئەوسا دەزانێ، کە ئەگەر ئەو منداڵە لەم تەمەنەیدا، ئەم ڕاستییانەی بزانیبان هەقی بوو بە چریکەی گریان ، عەرش بخاتە هەژان. هەر ئەوساش گۆران بە بیریا دێ، کێ تاوانبارە؟ کێ لێپرسراوە؟! کێ لێپرسراوە لەوەی منداڵ بخاتە ناو گێژاوی ئەم دنیا تاریکەوە؟!
بیرێکی (ابو العلاء المعری)یانە وەڵامەکەی پێ دەداتەوە- تاوانەکە هی ئەوە- ئایا کە گۆران باوک نەبایە هیوا ی کۆرپەی دەبوو؟ لێرەدا هەست و هەڵچوونی گۆران دەگاتە لووتکە: بە هیوا دەڵێ:

حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،

بەحر پڕ کەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!..

لەدوای ئەم بە لوتکە گەیشتنە؛ هەڵچونەکەی گۆران هەست بە نیشتنەوە دەکا– چونکە ئەوانەی وتنی واقیعێکی مەرجدار بوون بە (ئەگەر) نەک واقیع خۆی– وشەی (بەڵام) سەرەتای هەنگاوی سێیەمە، هەوڵدانێکە بۆ لێکدانەوەی مەنتیقی، بۆ هێدی کردنەوەی ئەو هەڵچونە بێ سنوورە!.

بەڵام ڕۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای،
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهول و نیهانیتای،
بەچی مەعلوم بە شوێنی هی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خووڕەمی نابێ خەمی عومرت؟

ئێ؟ کەوابوو ئەو ڕەشبینییەی پێشوو، لە پێوانەی چلۆنایەتی ژیانی خۆیەوە هاتبوو، ژیانی باوکی هیوا. بەڵام خۆ هیوا هێشتا لە تاریک و ڕوونی ژیانیدایە و لەبەر دەرگای تەلیسمی بەخت و چارەنووسێکی نادیاردا وەستاوە؟! کێ دەڵێ چەمی ژیانی ئەویش هەر بە شوێن چەمی ژیانی باوکیدا دەڕوا؟! بە چی مەعلوم، چەمی ژیانی ئەو، سەراپا، خوڕڕەمی و پێکەنین و قەڵبەزەی خۆشی و شادی نابێ؟!
لێرەدا، تەنها یەک شت هەیە، کە بەڵگە نەویستە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێبازی ژیان ئاشکرایە: لە بێشکەوە بۆ گۆڕ: ئەمە حەقیقەتێکی هێندە سارد و ڕوونە، کە گۆرانیش بە شێوەیەکی سارد و تەقریری دەری دەبڕێ، هەر وەک شتێ بێ، چار نەبێ پێویست بێ بوترێ، وەک چۆن مەرگ خۆی حەتمیەتێکی سروشتی یە:

بەڵێ بەرخم! ئەگەرچی هەر وەک یەک ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکە و قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە !
هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەرزەمینێکین،
هەموو دێین و دەڕۆین ، تاکو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین

ئەمە سەرەتاو کۆتایەکەن: لەدایک بوون ، مردن. بەڵام لە نێوان ئەم دوانەدا کۆچێک هەیە، کە کۆچی ژیانە.
ژیانیش تا بڵێی سەیر و پڕ نهێنی و ئەفسونە.
لێرەدا گۆران بیر لە چییەتی ژیان دەکاتەوە و، بە سەرنجی واقیع بینانەی خۆی،حەقیقەتی دیالیکتیکیانەی ژیان دەرک پێ دەکات: کۆبوونەوەی دژەکان لە یەکێتییەکدا، جەوهەری ژیان پێک دێنێ. بەڵام گۆران بیری بۆ ئەوە نا چێ کە هەر ئەم حەقیقەتە دیالیکتیکیەشە جەوهەری گۆڕان و پەرەسەندن پێک دێنێ.
لە یەک سەرچاوە دوو قەترە هەڵدەقوڵێ، یەکێ لێڵ و یەکێ ڕوون. ئەمە لە سروشتا– لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا کەسانێک هەن وەکو گۆران، کە بەشیان هەر ئازار و کوێرەوەریە و بەسەر دڕک و داڵدا هەنگاوی ئاوارە دەنێن. کەسانێکیش هەن کە فەرشی ژێر پێیان ئاوریشمی گوڵ و گوڵزارە!

دنیاش پڕە لە ڕۆحی تاریک ڕێژی مەلوول و هیوا بڕاو، هەروەکو چۆن پڕە لەو ڕۆحە شادانەی ڕوناکی بەسەردا دەڕێژن.

وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە:
لە یەک سەرچاوەی دوو قەترە: یەکێ لێڵە، یەکێ ڕوونە!
هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە،
هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!
ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا،
ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا!

کەواتە ژیان، هەردوو ڕەگەزەکەی بە یەکەوە تێدایە، تاریکیی و ڕووناکیی، شادیی و مەلوولیی، پێکەنین و گریان- هتد. بە پێی ئەم حەقیقەتە دیالیکتیکیەی ژیان، گۆران دەیەوێ هیوا هێمن بکاتەوە و، دڵنیای بکا کە لە ژیاندا هەر وەکو چۆن بەدبەختیی هەیە، بەختەوەرییش هەیە- ئەویش با لە ئێستاوە نەگری و پێ بگا بزانێ کام لەم دووانەی لەناوچەوان نووسراوە؟!

کوڕم! هەر وەک لە ئەعجوبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،
شتێکیش ، بەختیاری ، پێکەنین ، گرتوویە چوار دەوری!
بە خۆڕایی مەترسە ، خەم مەخۆ مەگری لە ئێستاوە
بەچی مەعلووم، لەچی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە؟!

ئەمە شیکردنەوەیەکی ناوەڕۆکی هۆنراوەکە بوو، وەک خۆی!! ئێستاش با لەڕووی هونەرییەوە، سەرنجێکی تر لە هۆنراوەکە بدەین.

بەشی یەکەم یا هەنگاوی یەکەم، زیاتر سکاڵا و دادە. بێگومان گۆران وەک شاعیر سەیری گریانەکە دەکا، گۆران ئەم گریانە لەوە هەڵدەبوێرێ کە ڕووداوێکی کاتی بێ و ، هۆیەکەی برسێتی یان ئازار، یان پێویستییەکی غەریزەیی بێ.ئەو لە ڕوانگەی مانا ئینسانیە قووڵەکەوە، سەیری گریانەکە دەکات و بە شاعیرێتی بێ وێنەی خۆی توانیویەتی حاڵەتی گریانەکە و هەڵوێستی شاعیرانەو باوکانەی خۆیمان بە کاریگەری پێ بگەیەنێ.
وتمان: هەنگاوی یەکەم، تەقینەوەی لەحزە شیعریەکەیە، کە بەندە بە تەقینەوەی گریانی منداڵەکە. (بێ گومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گۆران هەر لە عەینی لەحزەدا قەڵەمەکەی تاوداوەتێ و دەستی کردووە بەشیعر نووسین، بەڵکو لەحزەکەی لە مێشکیدا هەڵگرتووە، تا پێگەیشتووەو تەقیوەتەوە).
هیوا، مەگری، هەنسکی نیوە شەو بەس هەڵدە بەس بگری!
لە چاوی بێ قەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟

ئەم بەیتە دادە لەدەست گریانەکە! (هیوا مەگری) پەرچە کرداری- رد الفعل-ی خرۆشانی شاعیرە، بۆ گریانەکە. بەڵام گۆران لێرەدا تەنها، خرۆش، واتە- انفعال- ی خۆیمان بۆ دەرنابڕێ. بەڵکو لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی وەستایانەی دەنگەکان و دروستکردنی هارمۆنی مۆسیقی لەنێوان ئەو دەنگانە و هەست و عاتیفەی ناوەوەی خۆیدا، توانیویەتی: یەکەم: وێنەی دەنگی گریانەکەمان نیشان بدا،

دووەم: قووڵی پەرۆشی مرۆڤانەی خۆی دەرببڕێ- گۆران لەم هۆنراوەدا کێشی شازدە بڕگەیی بەکارهێناوە و ئەم شازدە بڕگەیەش ، لەهەر دێڕێکدا بەسەر چوار هەنگاودا دابەش دەبن. ئەم کێشەش یارمەتی گۆرانی داوە ، سەنگ و قورسایی تەواوی مانای تاقیکردنەوەکەی دەربڕێ.

گەر سەرنج لە یەکەم بەیت بدەین، دەبینین ئەودەنگانە دووبارە بوونەوە، زیاتر ئەو دەنگانەن، کە ئاواز و گریە و کڕوزانەوەی منداڵ دەربڕن، وەک دەنگی (هە) کە س سێ جار دووبارە بووەتەوە، دەنگی(گ) دوو جار، (ن) دوو جار، (س) سێ جار- بەڵام بێ گومان دووبارە کردنەوەی دەنگەکان خۆی لە خۆیدا ئەوەندە گرنگ نیغە، وەک گونجاندنیان لە بزوتنەوەی ئیقاعی تەواوی دێڕەکەدا لێرەدا دێڕەکە خاسیەتێکی (ئۆتۆمۆتۆیی)دراوەتێ، وەک دەنگەکان ماناکە یان حاڵەتەکە، دەردەبڕن. وشەی (هەنسک) خۆی یۆنۆمۆتۆیی یە، واتە وشە خۆی وەک دەنگ، ئینتیباعی حاڵەتی هەنیسک دانیمان دەداتێ- بەڵام شاعیر ئەم وشەیەی بە وشەیەکی (ئۆنۆمۆیۆپی) تر بەهێز کردووە، کەئەویش وشەی (هەڵدە)یە.

لێرەدا وشەی (هەڵدە) جگە لەوەی کە بەهۆی دووبارە بوونەوەی (هەر) پارچە جیناسێک لەگەڵ هەنیسک دا دروست دەکات، ئینتیباعێکی تەواویشمان، دەربارەی بەرز بوونەوەی هەناسە گریاناویەکانی منداڵەکە دەداتێ. لە لایەکی کەشەوە دووبارەبوونەوەی دەنگی (نی) لە (هەنیسکا) لەگەڵ دەنگی (نی) لە وشەی (نیوەشەو)، حاڵەتی گریانەکە بە شێوەیەکی زیندووتر دەردەبڕێ. واتە دەنگی (نی-نی) یەکسەر تۆنێکی ئاوازی گریانەکەیە- ئێستا با جارێکی تر دێڕەکە بە پێی بڕگەکان بخوێنینەوە:

هیوا مەگ/ری.. هەنی/سکی نی/وەشەو بەس هەڵ/دە، بەس بگری!

لە چاوی بێ/ قەرارم بۆ/چی دەرما/نی وەنەوز/ ئەبڕی؟

لەدێڕی دووەمیشدا- دەنگی (ئا) لە (چا، قەرا، دەرما، دا)و دەنگی (چ) لە چاوی و بۆچی، داو دەنگی (ب) لە (بێ و بۆچی)دا، لەگەڵ ئەو نەرمییەی وشەی (وەنەوز دەیگەیەنێ، هەستێکی هێمن دروست دەکەن کە لەگەڵ توندو تیژی دەنگی (بڕ)لە وشەی (ئەبڕی)دا، یەکسەر مانای بڕین دەگەیەنێ- ئەگەر لە رووی قافیەشەوە سەیری هۆنراوەکە بکەین، ئەوا دوبینین گەرچی لەسەر شێوەی (کەپلێت) واتە (بەیت)داڕێژراوە، واتە هەر بەیتەی قافیەی سەربەخۆی هەیە، c-c, d-d، a-a, b-b ، , - هەتا دوایی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی هەر بەیتە لەوانی تر دابڕێ و یەکێتی ئۆرگانی- عضوی- هۆنراوەکە تێک بچێ، چونکە لە لایەکەوە قافیەکان زۆر سروشتکردانە دانراون و هیچ جۆرە ناسازیەکیان دروست نەکردووە و دووەمیش ، لەناو کێشە شازدە بڕگەییەکەدا تواونەوە. دیارە مەبەستمان لە کێش لێرەدا ڕێکخستنی میکانیکی

هەنگاوە بڕگەییەکان نیyە، بەڵکو کێش بەو مانایە مەبەستمانە کەشاعیرێکی گەورە هەروەک H.Koombes دەڵێ: بەکاری دەهێنێ بۆ(دەستنیشانکردنی بایەخی نیسبی و گرنگی تێبینیەکان و هەستەکان و بیرەکانی، چڕ بوونەوە و کورتە وەستان و شوێنی هێمن، بەکاردێنێ، کێشەکەی یارمەتی دەدا سەنگ و قورسایی تەواوی ماناو ئەزموونەکەی بگەیەنێ) .لێرەوە دەتوانین سەرنج بدەین گۆران تا چ ئاستێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. زۆربەی دێڕەکان شێوەی موخاتەبەیان هەیە. لەناو هەر دێڕێکدا کورتە وەستانێک یان زیاترمان هەیە، کە بۆ پرسیارکردن، یان دەربڕینی سەرسامی و حەپەسانی عاتیفیانەی شاعیر بەکار بردراوە. بەڵام ئەم کورتە وەستانە چ لەناو تاکە دێڕێکدا و، چ لە بەشەکانی هۆنراوەکەدا ، نەبوونەتە هۆی ئەوەی دابڕانێکی واتایی یان مۆسیقی لە هۆنراوەکەدا بەدی بێت:
ئەوەش لەبەر ئەو گونجاندنە مۆسیقییەی (کێشە)کەیە، کە بە تەواوەتی کورتە وەستان و پرسیارەکانی لەگەڵ مەناخی گشتی و هەڵچوونی عاتیفی شاعیردا گرێ دراوە.

کوڕی خۆم (.)! کۆرپەڵەم (.)! میوانی دنیای تازە خوڵقاوم! (.)
لەدوای (کوڕی خۆم) کورتە وەستانێک هەیە– هەروەها لەدوای (کۆرپەڵەم)دا– بەڵام دەنگی (ک) لە (کوڕی خۆم)دا، یەکسەر هاوارەکە دەداتە دەست دەنگی دووبارەکراوەی (ک) لە (کۆرپەکەم)دا– هەروەها دەنگی (م) لە کۆتایی وشەی (کۆرپەڵەم)دا، هاوارەکە لەگەڵ دەنگی (م) لە سەرەتای وشەی (میوانی)دا، جووت دەکات.
کوڕی خۆ(م)! کۆرپەڵە(م)! (م)یوانی دنیای تازە خوڵقاو(م)!

هەر بەم چەشنەش دێڕەکان بە یەکەوە، لەناو مۆسیقای تایبەتی حاڵەتی دەروونی شاعیردا جۆشدراون، مۆسیقای حیرەت و سەرسامی و پرسیاری بێ وەڵام! لە بەیتی سێیەمەوە هۆنراوەکە ڕێچکەی کۆمەڵە پرسیارێکی عاتیفی گەرم و توندو کاریگەر وەردەگرێ، کە حەوت جار ئامرازی پرسیارکردن چییە، چی و لەبەرچی؟ تێدا دووبارە بۆتەوە و هەر دووبارەکردنەوەیەک، هێزێکی تازە، بۆ گەیاندنی بایەخ و گرنگی عاتیفەی باوکانەی شاعیر زیاد دەکا و لەلایەکی دیکەشەوە، یەکێتیەکی ئۆرگانی خۆکردی پێ دەبەخشێ. هەنگاوی دووەم گوازتنەوەیە لە تەقینەوە عاتیفیەکە بۆ هەندێ لێکدانەوەی مەنتیقی و زەینی. لێرەوە ڕەوتی هۆنراوەکەش دەگۆڕێ و لەگەڵ بایەخدان بە دەنگ و کێش، شاعیر بایەخ بە مەنتیقی زمانیش وەک داڕشتن دەدا– ئەم بەشە بە وشەی (ئەگەر) دەست پێ دەکا–

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە،

ئەگەر– ئامرازی مەرجە! واتە: وتەیەکی مەرجدار پێشکەش دەکا، کە وەڵامێک بە دوا خۆیدا، کێش دەکا بەو مەرجەوە بەستراوەتەوە– ئەم (ئەگەر)ەی یەکەم دوو بەیت دەداتە ژێر باڵی خۆی و، لە سێیەمیش دا دووبارە دەبێتەوە؟! تا دوای ئەمە وەڵامی مەرجەکانیش لە سێ بەیتدا پێشکەش بکرێ؛ هەرسێکیان بە وشەی: حەقت بوو دەست پێ دەکەن: واتە ئەگەر ڕستەکە ڕووت

کەینەوە ئاوای لێ دێ: ئەگەر مەسەلەکە بەم چەشنە بایە، تۆ حەقت بوو ئاوا بکەی! دوای ئەمە هەر بەپێی مەنتیقی زمان، کە مەنتیقی بیرکردنەوە دەنوێنێ، هەنگاوی سێیەم دێ کە بە وشەی (بەڵام) دەست پێ دەکات، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە پێویستی بە کۆمەڵە وشەیەکی تەواوکەر هەیە– هەر دوای ئەمیش وشەی (ئەگەرچی) دێ، کە ئەویش وشەیەکە ڕستەی تێکەڵ بۆ دەربڕینی واتای پێچەوانە دروست دەکاو، دوو بەیت بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ. دوای ئەمە دیسان وشەی (وەلێ) دێ بە مانای (بەڵام) تا ئەگاتە کۆتایی هۆنراوەکە و یەکەم دێڕی دوا بەیت بە (کەوایە)یەکی هەستپێکراو بەڵام نەنوسراو، دەست پێ دەکاو، دوا نیوە دێڕ بە (بەچی مەعلوم) دەست پێ دەکا، کە پێشتریش لە شوێنی کەدا دووبارە کراوەتەوە. بەکورتی ئەگەر هۆنراوەکە بکەینە چەند ڕستەیەکی ڕووت بەم چەشنەی لێ دێ:

هەنگاوی یەکەم: کوڕم، ئەم گریانەت لە چی یە، کە هێشتا منداڵی و لە خەم تێناگەی.
هەنگاوی دووەم: ئەگەر وەک من تاڵاوی ژیانت چەشتبایە، تەمەنی جوانیت بە فیڕۆ بڕۆشتبایە، یان کەمێ توانای زانین و دەرک پێکردنت هەبایە، هەقت بوو بگری و بەناڵەت گەردوون بلەرزێنێ و دەریای تف بە ناوچەوانی باوکێتیما بکەی.
بەڵام بە چ مەعلوم کۆچی ژیانی تۆش وەک من بەدبەختانە دەبێ. گەرچی هەمووومان هەر بەرەو مردن دەچین، بەڵام کۆچی ژیان شادیش و بەدبەختیشی بەیەکەوە تێدایە، کەوایە لە ئێستاوە خەم مەخۆ و مەگری، بەچ مەعلوم ناوچەوانی تۆ چی لێ نووسراوە.

ئەم هەموو بەکارهێنانەی ڕستەی (ئەگەر، بەڵام، وەلێ، بەچی مەعلوم) ڕاستی حیرەت و سەرسامی و گومان و دوودڵی شاعیر دەردەبڕێ– ئەو لەناو گێژاوی دوو هێزی جیاوازدا خۆی دەدۆزێتەوەو، نازانێ چۆن خۆی قوتار بکات، یان چ وەڵامێک بدۆزێتەوە:
یەکەم: تەئسیری گریەو هەنیسکی پڕ نهێنی ئەو منداڵە ساوایە لەسەر مێشک و بیری ئەو.
دووەم: هەستکردنێکی قووڵ بە تاوانی باوکێتی خۆی، نەک تەنها گریانەکەی ئێستای ئەو منداڵە، بەڵکو لەبەر ئەو هەموو ئازار و ژانە سەختەش کە لە ژیاندا گەمارۆی مرۆڤ دەدەن.
سێیەم: سەرسام بوونی بەرامبەر چارەنووسی نادیاری کوڕەکەی و هەستکردنی بە حەتمیەتی مردن. کەواتە دەتوانین سەرنج بدەین ئەو زمانە شیعرییەی گۆران بەکاری هێناوە، بە تەواوی واقیعی ئەو ئەزمونە دەگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیریێتی گۆران لەوەدایە کە نەیهێشتووە، مەنتیقی هونەر، واتە مەنتیقی هەڵبەستەکە، بکەوێتە ژێرمەنتیقی زمان یان ڕێزمانەوە– واتە میکانیزمی زمان و دەبڕین تەنگ بە ڕۆحی داهێنانەکەی هەڵبچنێ، ئەمەش بە هۆی:
یەکەم: کێشی گونجاوی مۆسیقای شیعرەکەوە– کە لەبەشی یەکەمەوە بەردەوامە:
وشەکان بەسادەیی و خۆکردی باوەش بە یەکدیدا دەکەن و ئاوازە شیعرییەکە بۆ یەکتری دەسێنێتەوە، هەروەکو بەیەکەوە لەدایک بووین.(8–13)
دووەم: لەو بەشەدا، کە مەترسی ئەوە هەیە، مەنتیقی زمانەکە، ڕەنگی داهێنانەکە تەڵخ بکات، شاعیر پەنای بردۆتە بەر وێنەی شیعری، بۆ ئەوەی لەگەڵ مۆسیقای شیعرەکەدا، بە یەکەوە گرنگی هەڵچونە دەروونیەکەی بە دیار بخەن– بە تایبەتی کە دەگاتە لووتکەی هەڵچونەکەی،

ئەوسا وێنەکە لە سنووری سروشتیش دەچێتە دەرەوە و، لە ڕێگای موبالەغەوە، ڕەنگێکی(سریالی)بە خۆیەوە دەگرێ:

حەقت بوو ئەم بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕ کەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!..

لێرەدا ناڵەی منداڵەکە، کە ڕاستییەکەی ناڵەی گۆرانی داخدار و خاوەن ئەزموونی ژیان، خۆیەتی و وەک مافێکی مەرجدار داویەتی بە ئەو؛ ئەم ناڵەی گیانی پڕ ئازارە، دەگاتە ئاستێک دەشێ عەرشی گەردوونیش بلەرزێنێ و ئەستێرەکانی ئاسمان بپرێنێ و بیانکاتە فرمێسکی دڵە بریندارەکەی!! دەریای تفیش بدا بە ناوچەوانی ئەو باوکەدا، کە تاوانی دروستکردنی ئەوی ئەنجام داوە. لە ڕێگەی ئەم وێنەی پڕلە موبالەغانەوە گۆران ئاستی هەڵوێستەکە و هەستکردنی قووڵی بە لێپرسراوی باوکێتی خۆی بەرامبەر چارەنووسی نادیاری کوڕەکەی دەردەبڕێ. ئەم وێنانە وەک (میتەفۆر) استعمارە، هەر بەردەوامن: فەجری زیندەگانی، واتە بەرەبەیانی ژیان، کە تەمەنی ساوایی منداڵ بە بەرەبەیانی ژیان دادەنێ یان ژیانی ئەو بە (دەرگای تەلیسمی بەختێکی شاراوە)، دادەنێ.
هەروەها: چەمی عومر، قافڵەی سەرزەمین، کۆچی ژیان، بەکارهێنانی کینایە وەک: بێشکە، قەبر، سەرچاوە، قەترە، دڕک، ئاوریشم– هتد– بەڵام لەو بەیتانەدا کە (بیر) زاڵە، شیعرەکە شێوەی ڕاستییەکی تەقریری وەرگرتووە. (12)، (14)، (15)، (16)، (17).
***

**لە ڕووی بیرەوە:**

پرسیارێکی ئینسانی خۆی دەخاتە بەردەم سەرنج و لێوردبوونەوەی شاعیر، کە نهێنی گریەی بە کوڵی منداڵی ساوایە. گۆران، ئەم حاڵەتە، لەحاڵەتێکی تایبەتییەوە، دەگوێزێتەوە بۆ حاڵەتێکی ئینسانی گشتی و شمولییەتێکی ئینسانی پێ دەدا. ئەگەرچی ئەم پرسیارە بەناچاری دەبێتە پرسیارێکی فەلسەفی و(بیر) یان (بیرکردنەوە) خۆی دەخاتە ناو ئەزمونەکەوە و لە شەقڵی شیعرەکەشدا ڕەنگ دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا (گۆران) لە سنووری هەڵچونە شاعیریەکە بەولاوە ناچێ و لە چوارچێوەی تێگەیشتنە سەرەتایی و ئاساییەکاندا دەگیرسێتەوە. واتە پرسیارەکە گەرچی جەوهەرێکی فەلسەفی هەیە، نابێتە پرسیارێک کە دەبێ گۆران، مێشک و بیری بۆ وەڵامدانەوەی بخاتە کار. گۆران هەر لە ڕوانگەی هەست و عاتیفەو بیرە باوەکانەوە، هەڵس و کەوت لەگەڵ بابەتەکە دەکات.
گەرچی لە گەڕان بە شوێن دۆزینەوەی پاکانە بۆ(تاوانی) باوکێتی خۆیدا، ئەو دیاردە دیالێکتیکیە دەرک پێ دەکات، کە ژیان خۆشی و ناخۆشی، شادی و خەم، تاریکی و ڕووناکی و بەیەکەوە تێدایە، بەڵام پەی بەو ڕاستییە نابات کە هەر ئەم خاسیەتە دیالیکتیکییەی ژیان سەرچاوەی گۆران و بەرەوپێش چونیەتی، هەتا لەمەوە کۆتاییەکی گەشبینانە بۆ کوڕەکەی دەستنیشان بکا. بەڵکو، وەک وتمان، مەسەلەکە دوای هێنان و بردنێکی زۆر، هەر بۆ چارەنوس، بۆ ناوچەوان، دێڵێتەوە ئەمە تێگەیشتنی باوی کۆمەڵەکەیەتی بەرامبەر بە قەدری مرۆڤ، بە تایبەتی تێگەیشتنی ئایینی کە سەدەها ساڵە بنکەی خۆی لەناو کۆمەڵ و مێشکی مرۆڤی وڵاتەکەماندا چەسپاندووە. بەڵام گۆران، وەک شاعیرێکی ڕاستگۆ، هەر لە چوارچێوەی هۆنراوەکەیدا،

بەهانەی ئەو هەڵوێستە ڕەشبینەی خۆیمان دەداتێ.(7،8،9). گۆران بە ئەنقەست لە بیر، زانین، ئیدراک، دوور دەکەوێتەوە و (هۆش و لێکدانەوە) ناکاتە سەرچاوەی خۆشبینی بۆ؟!

گۆران ئەم هۆنراوەیە لەسەرەتای سییەکاندا نوسییوە و بڵاوکردۆتەوە- لەناو کۆمەڵی هەرە دواکەوتووی ژێردەستی ئیمپریالیزم و دەربەگی و دەردەکانی نەزانین و نەخۆشی و نەخوێندەواری- کۆمەڵێکی پڕ لە تاوان و هەڵە و گوناح- لە کۆمەڵێکدا کە مرۆڤ تەنها ژەهری چشتووە و هەموو هیوایەکی بای بێدادی بردوویەتی و بەهاری تەمەنی لەناو ئاگردانی نائومێدیدا هەڵپڕوزاوە- لەو کۆمەڵەدا کە هیچ پێوانەو بەهایەکی ئینسانی تێدا بەدی نەکراوە و هەموو جوانییەک لە ژێر پێی ستەم و تاواندا پلیشێندراوەتەوە، (ئیدراک) واتە زانین، یا هەست پێکردن و فامکردنی شتەکان و ڕووداوەکان و سەرەنجامەکان، تەنها بوونەتە دۆزەخی مێشک و ڕۆژی ڕووناکیش لەبەرچاوی هۆشدا بوەتە شەو- بۆیە گۆرانیش، نەیتوانیوە، لە سنووری ئەزموونە شیعریەکەیدا، بۆ کۆرپەڵەیەک، کە کۆمەڵێکی ئاوا چاوەڕێی دەکات، هیچ ڕێبازێکی ئاشکرابخاتە بەردەم و بەناچاری داویەتیە دەست چارەنووس و هۆنراوەکەی بە هەڵوێستێکی غەیبی کۆتایی هێناوە. بەڵام، ئایا گۆران، ئەگەر لە کۆمەڵگایەکەی ڕێ ون بوایە، ئەگەر هەستی بکردایە دۆزەخی ئازار چاوەڕێی منداڵەکەی ناکات، ئاوا ڕەشبین دەبوو؟! ئایا لە کۆمەڵێکی ئیشتیراکیدا، کە ژیان و تەندروستی و پاشەڕۆژی منداڵ دابین دەکرێ، باوک ئاوا بیر لە ڕێ ژیانی منداڵەکەی دەکاتەوە؟ یان هەست دەکا کە تاوانێکی گەورەی کردووە. کە ئەوی هێناوەتە دنیاوە؟ یان ژیان و بەختەوەری ئەو دەداتە دەست ناوچەوان و بەخت و شانس؟!

**ئەنجام:**

هەندێ ئەدیب کەشتی عاتیفی دەنووسن، بە ئاسانی هەست دەکەین کە باسی عاتیفەکەی خۆیان دەکەن: وەسفی دەکەن، بەڵام عاتیفەکە خۆی لە خۆیدا، دەرنابڕن. بەڵام گۆران، لەم هەڵبەستەدا، عاتیفەکەی خۆی بە گەرم و گوڕی لەدایکبوونە هەوەڵییەکەوە، دەردەبڕێ- وشە، لێرەدا، دەوری وەسفکردن، لە دەرەوە ڕا، نابینێ- بەڵکو یەکسەر حاڵەتەکە دەنوێنێ و سۆزە دەروونیەکەی دەگەیەنێ، وشە، خۆی، چ وەک دەنگ و ئاواز،چ وەک مەبەست و مانا و نیاز، هەست و حاڵەت و عاتیفەکەیە.

ئەمەش لە دوو شتەوە سەری هەڵداوە:

یەکەم: ڕاستگۆیی دەروونی: واتە ژیان لەگەڵ بابەتەکەدا، پێگەیشتنی بابەتەکە لەناو منداڵدانی مێشکی شاعیردا.

دووەم: بوونی توانست و بەهرە و ئەداتی هونەری- پەک نەکەوتن لەسەر وشە- دەست ڕۆیشتن بەسەر دەربڕین و دارشتنی ساغ و دروستی کوردانەدا.

***

بیرکردنەوەی گۆران لەم هۆنراوەدا، لە سنووری هەستکردن بە واقیعەکەدا گیرساوەتەوە، سنووری هەڵچوونە عاتیفیە شیعرییەکە- کە توانیوێتی لە قۆناغەکانی دواتردا، ڕێبازی گۆڕینی واقیع و ڕێبازی خەباتی ڕاستەقینەو تێگەیشتنی ڕاستەقینە و تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ژیان بدۆزێتەوە.

***

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو کۆڕە فراوانەدا پێشکەش کراکە لقی سلێمانی یەکێتی نوسەرانی کورد، بە بۆنەی یادی حەفتاو پێنج ساڵەی لەدایکبوونی گۆرانەوە لە 29–2–1980دا لە سلێمانی پێکی هێنا.

**گۆران**

**هونەر و هەرێمی پرسیارە بێ وەڵامەکان**

**کێشەکە:**

**هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**
**لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:**
**بۆچی وەها دوورن لە یەک ؟ نازانم!**

**ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار**
**دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار**
**دەرکەوتایە، هیوا، ئاوات، خەوبینین.**
**پەشنگدارتر لە ئەستێرەی قویبەی شین!**
**دەرکەوتایە مانای مەنگی دەریایی**
**کە نەرمەبا لە ڕووی ئەدا ئاسپایی**
**دەرکەوتایە ئەو دنیایەی کە شیعری**
**بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری**
**زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو**
**تێشکێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو!**
**بەڵام ئەفسوس: کە ئەو شیعرە جوانانە**
**باڵدارێکن، جێ ناهێڵن هێلانە،**
**لە ناوەوە، ئەجریوێنن، ئەخوێنن**
**هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن!**

**ئایا ئەمە دادێکە لەدەست شیعر، یان هاوارێکە بۆ دەست بەسەردا گرتنی ڕۆحی شیعر،یان خۆبەدەستەوەدانی ئاکامێکی ڕەشبینانەیە، کە تەنانەت هونەریش هاوتای ئەو هەستە دەروونییە شاراوانە نییە کە لەناو قوڵلایی پەی پێ نەبراوەکانی مرۆڤی هەستیاردا مات و بێدەنگ ماونەوە؟! شیعر چییە؟ هونەر چییە؟ دەربڕین یان زمان چییە؟ ئەم پرسانە بەقووڵی، بە گەرم**

وگوڕیی، بە خەستی و سەختی، لەناو دوو توێی وشە و مەبەستەکانی ئەم هۆنراوەدا دەنگ دەدەنەوە.

**کاکڵەی بیری هۆنراوەکە:**

کێشەی نێوان هەست و دەربڕینە، شاعیر دەڵێ: زۆر هەستی ناسک، زۆر خەیاڵی ڕازاوە، لە دەروونندا لەدایک دەبن، بەڵام زمان و وشە توانای دەربڕینیان نییە، ئەمەش مرۆڤی هونەرمەند تووشی ئازارو ژانێکی بێ ئامان دەکا و مەگەر تەنها بە خۆزگە و بریا لەم کوورەی ئەم ئازارە دەرباز بێ، ئەو بیرە بەسێ هەنگاوی لۆژیکی دەربڕدراوە:

لە دوو بەیتی یەکەمدا، ڕاگەیاندنی چۆنێتی و چییەتی کێشەکەیە: شاعیر دەڵێ: زۆرجار خەیاڵی بەهێز مەستم دەکەن، بەڵام هەر چەند ئەکەم ناتوانم لە شێوەی هەڵبەستدا دایانڕێژم. نازانم بۆ چی خولیاو بیرو لێکدانەوەکانی دەروونم هێندە لەو قسەو وشانە دوورن کە بۆ دەربڕینیان بەکاریان دێنم. واتە شاعیر لەو حەلانەدا هەست بە غوربەت لە شیعرەکانی خۆشی دەکا– هەست دەکا کە هەڵبەستەکەی دەربڕین و نوێنەرێکی ڕاستگۆ و پڕ بە پێستی تاسەو ئارەزوو و ئەندێشەکانی نیە.

هەست دەکاکە هونەر و حەزو تینوێتی ئەو بۆ دنیای جوانی ناشکێنێ.

**هەنگاوی دووەم:**

لەبەردەم ئەم دراوەدا، دژەدراوەیەک (دژە تیزێک)دادەنێ. ئەمە حاڵەکەیە. ناتوانێ ڕاز و نیازی ناخی دەرببڕێ. بۆیە ئێستا وێنەیەکمان دەداتێ چۆن بیتوانییایە (وەکو گریان، وەک خۆزگە) دەست پێ دەکا:

دەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە وشەی جوانتر لە بەهار

(دەمویست) گواستنەوەیەکی بۆ دژە تێزەکە. واتە: نەمدەویست قسەی زمان و هەستی دەروون هێندە لێک دوور بن– بەڵکو خۆزگەم ئەوە بووە– دەروون هێندە دنیایەکی مات و ئاڵۆزو دوورەدوست و لە دەربڕین نەهاتوو نەبایە، بەڵکو وەک تۆمار بکرابایەوەو هەرچی لەناو توێی توێیەکانیدا حەشاردراوە بدرەوشایەوە. لێرەوە شاعیر چەند نمونەیەکی ئەو بابەتانەمان دەداتێ، کە دەروون پێیان ئاشنایەو وشە دەرەقەتی دەربڕینیان نایە: دنیایەک لە بەهار جوانترە– پڕە لە ئاوات و هیواو خەون کە ئەستێرەکانی ئاسمانی شین، پرشنگدارترن، ئەو ماناو مەبەستە قووڵانەی گرتۆتە خۆی کە لە مەنگی دەریادا مەییون کاتێ نەرمەبایەک بە ئاسپایی بەسەر ڕوویدا دەکشێ. دنیایەک پڕە لە شیعر، شیعرەکانی بێ فرمێسکن و لە فرمێسک زیاتر دەگرین، پڕە لە زەردەخەنە، زەردەخەنەیەک کە لەدەم و چاوی ئاوێنەییدا وێنە ناداتەوە، بەڵام لە هەتاو ڕووناکترە. بەکورتی: دنیایەکی جوانی تایبەتی کە خەون و هیواو زەردەخەنەو گریان و ڕاز و ماتی و بێدەنگی، لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا، کە شیعر و زمان و وشە، پەی پێ

نابا، دەنوێنێ. خۆزگەی شاعیر ئەوەیە: دەروون وەک تۆمار بکرابایەوەو ئەو بابەت و مەبەستانە ببونایە بە هونەری شیعر.

**بەشی سێیەم:**
لێکدراوەی دوو دراوەکانە- واتە (سینتزیز) شاعیر دەری دەخا کە خۆزگەکەی بێ ئاکامە. بەداخەوە ئەو شیعرە جوانانەی لە دنیای دەرووندان، وەک باڵدارێک وان کە قەت هێلانەکانیان بەجێ ناهێڵن، هەر لە ناوەوە، بۆ خۆیان و لەبەر خۆیانەوە جریووە و چریکەیان دێ، بەڵام نابنە قەڵەم و ناکەونە سەرکاغەز: واتە لە شێوەی هۆنراوەی بەزمان و وشە داڕێژراودا دەرناکەون!
با سەرنجێکی هەموو مەسەلەکە بدەینەوە:
شیعرەکە خۆی (پەردۆسێک)ە- واتە خۆی پێچەوانەی خۆیەتی بێ ئەوەی ڕاستییەکە یان مەبەستەکە ڕەت بکاتەوە. شاعیر دەڵێ: کۆمەڵێ هەست و مەبەست ناخم دەهەژێنن بەڵام نابنە شیعر و لە چوارچێوەی هەڵبەستا دەرناکەون، کەچی هەر ئەم حاڵەت و هەست و خواستەی لە چوارچێوەی هەڵبەستدا دەربڕیوە، هەڵبەستێکی بەرز و کاریگەر و جوانیش !!
بەڵام ئەمە مەبەستەکەی گۆران ڕەت ناکاتەوە: ئەو دەیەوێ بڵێ: مەسەلەکە زۆر لەمە قووڵترە، ئەوەی ئەو دەریبڕیوە، ئەوەنیە کە (دەیویست)دەری بڕێ، ئەو دونیای لەم شیعرەدا چەند گۆشە و چمک و جەمسەرێکی دەستنیشان کردوون- ئەو دنیا پڕ سۆز و ڕاز و نیازە نییە کە لەناو خوێنی دەمارەکانیدا دەجۆشێ و مێشکی پڕ دەکا لە تاسەو خەون و حەز.!
ئەو تەنها شتێکی تازەمان پێ ڕادەگەیەنێ: وا مەزانن هەموو باڵدارە جوانەکان، دەکەونە باڵە فڕێ و بە ئاسمانی بەرهەستتدا لە شەقەی باڵ دەدەن و بە جریوەو جووکەیان دنیای سروشت و هونەر ئاوەدان دەکەنەوە، نەء، موخابن- زۆر باڵندە هەن، کە هێلانەکەیان، بەجێ ناهێڵن و هیچ گوێیەک بە ئاواز و بەستەکانیان ئاشنا نابێ.
ئەوانە: باڵندەی شیعری جوانی ناخن، کە لە هێلانەی دەروونی مرۆڤی شاعیردا دەمێنێتەوە- ئەمە کێشەی نێوان هەست و دەربڕینە.
خەیاڵێک بەرزتر لە شیعر، شاعیر وەها مەست دەکا، هێزی هەڵبەستی سست دەکا، مەودایەکی بێ پرد، بۆشاییەکی پڕنەکراوە- دەکەوێتە نێوان لێکدانەوەی دەروون و قسەی زمانەوە؟
دەسا ماوە و مەودای نێوان لەدایک بوونی بیر و هەست و دەربڕینی لە شێوەیەکی هونەریدا چەندە؟
هەموو گیرکارییەکە (ئیشکالەکە) خۆی لەزماندا دەردەخا؟ هەموو مەتەڵەکە لە وشەدا تەڵە دەنێتەوە؟!
مەگەرزمان یان وشە نییە مرۆڤ و دنیای مرۆڤ لەم هەموو گەردوونە بەرین و بەربڵاوە دادەبڕێ و ڕووکار و ڕوخسارێکی ئەفسوناوی و هونەراوی وفەلسەفاوی و زانستی پێ دەبەخشێ؟ مەگەر پێغەمبەران و پەیامهێنەران و جادووگەران و مەزداکاران، بە هێزی وشە توانستی دەربڕین و دارشتن، خۆیان جیا نەکردۆتەوە؟ مەگەر خاوەن کتێب، ئەو گەل و هۆزانە نەبوون، کە وشەیان کردۆتە دەستووری ژیان و پەیامی مرۆڤ؟!

مەگەر دەستبەسەرداگرتنی ڕێشمەی ڕازی وشە بۆ سوارچاکانی زمانی نەنواندووە، لە دەشتە دنیای خەیاڵ و ئەندێشەی بێ بندا. بدەون؟

دەسا بۆ دەربڕینی بیرە قووڵەکان، بۆ دەرخستنی هەستە پەنهانیە پەنگ خواردووکان، بۆ وێنە بەخشین بە سروشە سێبەرییەکان، لە پەنا بردنە بەر وشە و زمان زیاتر ئامانێکی دی شک دەبەین؟ دەسا بۆ شیکردنەوەو تاڵ تاڵ و توێ توێکردنی وێنە نادیارەکانی ڕۆح، بۆ ڕەنگدان بە بێ ڕەنگ، بۆ دەنگدان بە بێدەنگ، بۆ بەدیارخستنی نادیار و ڕازاندنەوەی ڕازەکان، لە زمان بەولاوە زاتێکی دیمان دەست دەکەوێ؟

باشە زمان، خۆی چییە؟، وشە خۆی چییە؟

جەوهەری زمان، لەدوو جۆرە دەنگ پەیدا دەبێ– یەکێکیان پێ دەڵێن: دەنگی مات یان وەستاو(consonant) وەک: پ ت ڤ ز ک ل م–کە ئەم دەنگانە گەر هەر هەموویان بەسەر یەک بخەینەوە زمان و وشە و مانا دروست ناکەن: چ حاڵێ دەبن گەر هەروا بە وەستاوی دانیان پێدا بنێم و بڵێم پتخزژکلم!!

دەنگی دووەم: بەدەنگی بزوێن (vocal) ناویان دەبەی وەک ئە ، ئا ، ئۆ ، ئی ، ، ئێ چونکە هەم خۆیان بزاڤیان تێدا هەیە، هەم دەبنە هۆی بزواندنی پیتە ماتەکان و لەبەر کردنی گیانی ئاواز و مانا و مەبەست بە بەریاندا، بەپێی تاقیکراوەی تایبەتی ژیانی هەر کۆمەڵگایەک و لەمەوە دامەزراندنی قەڵای زمان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی– مێژوویی هاوبەش و مەزن. لەلێکدانی پیتی وەستاو–و بزوێندا برگە دروست دەبێت. لە لێکدانی بڕگەکاندا وشە دروست دەبێت، ڕستە دروست دەبێت، لە لێکدانی ڕستەکاندا ئاخاوتن دروست دەبێ. لە لێکدانی ئاخاوتندا، زمان بە شێوەو کارکردنە کۆمەڵایەتیەکەی دروست دەبێت، ئەوسا زمان دەبێتە ئەو ئامراز و بۆتەو ناواخن و چوارچێوەی دنیای تایبەتی مرۆڤ، دنیای هەست و نەست و بیر و بوون و هیوا و ئاوات و خەبات و– هتد.

ئەو دنیایەی لە داوێنیا: شارستانێتی و فەلسەفەو زانست و هونەر وەک پەیکەری مێژووی مرۆڤ ڕاست دەبنەوە. مرۆڤی تاکیش، وەک گیانلەبەرێکی بە سروشت و بەپێداویستی کۆمەڵایەتی، چار نییە، دەبێ بۆ مەسەلماندنی هەویتی خۆی و دەیەوێ. بۆ ئەو کون و کەلەبەرو هەورازو لێژانەی ڕادەکێشێ کە خۆی مەبەستێتی.

جا لە کاتێکدا، هەموو ئیحتیمالاتەکانی زمان، لە بۆشایی نێوان بڕگەو بڕگەیەکی تردا، وشە و وشەیەکی تردا، شاردراونەوە، ئەو بۆشاییەی یا ئەو ئێستە کورتەی تەنکترە لە تەنافی ڕۆح، ناسکترە لە سیمای سروە، خێراترە لە هەناسە! تیژترە لە پرشنگی تاسە، ئەوا سەیر نیە، کە زۆر کەس لە عاست توانستی گونجاندنی زمان، بۆ دەربڕینی هەست و گێژاوی ژیانیان، چۆکی بێدەسەڵاتی دابدەن. سەیر نییە زمان بۆ نەخشاندنی نیگاری خەیاڵ، خۆی بەدەست هەر خامەدارێکەوە نەدا و، لە دوورگە نهێنیەکانی دەنگ و ئاوازدا، وەک نەوایەکی قەت نەبیستراو و، ڕستەیەکی هەرگیز هەڵنەبەستراو بمێنێتەوە.

سەیر نیە کە هەر قەڵەم بەدەستێک ڕاست بێتەوە و دەرەقەتی یاسای ئاخاوتن نەیاو بۆی نەلوێ لە دەرگای دەربڕین بدا؟ بەڵام گۆران! ئاه گۆران!

کاتێ گۆرانی وەستای وشەی کوردی و دەروێشی دنیای ئەندێشە و کارسازی سازی دەروون، لەعاست هێزی خەملاندنی خەیاڵدا، سکاڵا دەکا و دامێنی دامان دەگرێ و لەناو مەودای توند و

تیژی کەف و کوڵی تاسە و بیرو بریا و ئارەزوو، نواندنیان لە چوارچێوەی وشەی بە دانسقە هۆنراوەدا، گێنگڵی دوو دڵی و نابەدڵی و ئاسوودە نەبوون لێدەدا– ئەوسا ئێمە دەرک بەوە دەکەین کە پرسێکی قورس لە گۆڕێدایە، پرسێک کە بە توندی لە دەرگای گیرکاری فەلسەفی دەداو داوای کردنەوەی ئەڵقەڕێزی مەتەڵێکی پیتۆڵی دەکا؟

ئایا ئاست و توانستی زمان خۆی چەندە؟

ئایا، تەنێ لەبەر بێتوانایی شاعیرەکەیە کە شیعرە خوازراوەکە خۆی بە دەستەوە نادا؟ یان زمان خۆی، لە ئاست هێزی هەستی مرۆڤ و مانای قووڵ و بەربڵاوی ژیاندا، هێشتا ئامرازێکی ناتەواوە، یان زۆر بابەت هەیە لە زمان باڵاتر و بڵاوترە؟ دەسا، چ ڕوو دەدا، لە کاتێکدا زمانیش زەنگی زویری لێدەداو، شیعریش ناگاتە ئەو ئاستە هونەرییەی قنیات بە رووحی تینوو– و بە پەرۆش بێنێ. با جارێکی دی گوێ لە ئاوازێکی خەماوی گۆران ڕابگرین:

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم، هەڵسا زڕەی زەنگی فکاری،
بە ئەسپایی، بە بێهێزی، بە ئەستەم،
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
بە ئەسپایی، بە لەرزۆکی، هەژاری
ئەناڵێنێ ، لە شوێنی نادیاری!

زەمانێک دێتە گۆ هەرچەند زڕەی دێ،
کە تێر نابم لە گوێگرتن بە دوو گوێ!
زەمانێک ، بەستەیەک، دەنگێک، نەوایەک،
سکاڵایەک، هەناسە و ئاخ و ئایەک..
کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی،
بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری!
چیە ئەی رۆحی بێ لێوار و بێ پەی،
لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی

چیە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە؟
کە پێ هەڵهێنەری چاوی شعورە؟
کە دێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ،
بە روویا وێڵ ئەبێ ، مەنزڵ بە مەنزڵ

چیە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بە ماتی
کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی؟

گۆران ئەم هۆنراوەی ناو ناوە (زەنگی پەستی)و لە پەراوێزیشدا ئەم ڕوونکردنەوەیەی نووسیوە:

(هەندێ جار قووڵایی دڵما، هەستی پەستییەک ئەکەم، لە چەشنە مەستییەک ئەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیرو خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ، شەکەتم ئەکات، کەچی ئەگەر سەردەمێکی نەختێ زۆرخۆیم لێ بشارێتەوە، گیانم وەکو منالَ، ئەکەوێتە بەیاییەکی بەکوڵ بۆی- ویستم ئەم بیرانەم لە قالَبی شیعردا دارێژم، هەرچەن تێکۆشام، هەر توانیم ئەمە بێنمە دی).

هەستێکی پەستی کەلە مەستی ئەچێ- مەستییەک کەدنیای بیر و خەیاڵ و لێکدانەوە دەهاروژێنێ و مرۆڤ ماندوو- و شەکەت دەکات، هەستێک کە گۆران دەکاتە منالَێکی هۆگری خۆی، لە لایەکەوە قنیاتی بە بوونی نایە و لایەکی دیکەشەوە بە دوورکەوتنەوەی دەکەوێتە گروویەکی بەکوڵ؟

ئەو هەستی پەستییە چییە؟

هۆنراوەکە دوو بەشە: بەشی یەکەم وەسفی هاتنی ئەو هەستەیە، بەشی دووەم: قسەکردنیەتی لەگەڵ ڕۆحی و سکاڵاکردنیەتی بۆی.

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم هەڵسا زڕەی زەنگی فکاری،

ئەوا دیسان؟! دەستنیشانکردنی ئەو ڕاستییەیە کە ئەوەی گۆران باسی دەکا، حاڵەتێکی یەکجارەیی لامسەرلایی نییە- بەڵکو حاڵەتێکە ناو بەناو ڕوو دەدا، چەند بارە دەبێتەوە، وشەی دەستپێکردن (ئەوا): سەرنج ڕاکێشانە بۆ هاتنەوەی حاڵەتەکە. (دیسان): بەڵگەی زۆری ڕوودانیەتی، لە لێکدانەوە پەراوێزەکەشیدا، دەڵێ (هەندێ جار) هەستی ئەو پەستییە دایدەگرێ، سەرچاوەی هەستەکە: گۆشەی نادیاری دڵە، یان ڕۆحە!

شێوەی ڕوودانەکەی وەکو زڕەی زەنگی پەستییەک (مەستییەک)! وایە کە یەکەمجار، بەئەسپایی، بەبێهێزی، کزی، لەرزۆکی، هەژاری، دێ، لە شوێنی نهێنی و نادیاری خۆیدا، دەکەوێتە ناڵە، ڕۆحی گۆران دەخاتە سەر لەرەی خەم.

هەر کە ئەو هەستە دێ: دەبێتە دەنگ و ئاوازێ، کە بە گوێ لێگرتنی بە هەردوو گوێ تەسەلای دانایە، ئەو هەستە ئەو مەستییەیە، ئەو ناڵینە: لە شێوەی دەنگ و ئیحتیمالاتەکانیدا: بەستە، زمان نەوا، سکاڵا، هەناسەو ئاخ و ئا ، دەردەکەوێ، بەڵام نابێتە وشەی ڕوون و نابێتە مانای ڕەوان. هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بە بێ ئەوەی ئەو شاراوەییە لە تین و هێزی کەم بکاتەوە.

بە پێچەوانەوە: ئەم نهێنی و شاراوەیی ئەو هێزەیە کە سەرتاپای ڕۆحی گۆران دەگرێتە خۆی، وای لێ دەکا، بە ناچاری، خوڕ خوڕ، لەگەڵیدا بکەوێتە کوڵی گریان-

بەڵام گۆران وەک مرۆڤێ کە خواستی مرۆڤانەی هەیەو دەیەوێ هیچ شتێک بە داپۆشراوی و پەنهانی نەمێنێتەوە. کە دەردی دەرک پێنەکردن ئازاری دەدا، بە سەرسامییەوە ڕوو دەکاتە ڕۆحی و نهێنی خۆی و ئەو دەنگەی لێ دەپرسێ، کە ئاوا بە هێزی چارە بۆ نەهێشتنەوە، ڕایدەژێنێ و دەیهەژێنێ.

لێرەدا، گۆران ڕۆح و دەنگە نهێنیەکە وەک یەک سەیر دەکا، هەردوکیان، بزر و بێ ناونیشانن، ئەوەندە شوێنەواریان هەیە کە شاعیر دەهەژێنن و تووشی شەیداییەکی لێکنەدراوەی دەکەن،

ڕۆح: بێ سنووره، بێ بوار و بێ پەیە، ئەو دەنگەش، ئەو زەنگی زویرییەش، ئاوازێکی دووره، بەڵام چاو بە هەست و شعووری هەڵدێنێ، ماتە، شوێن و وڵاتەکەی ژێر تەم کەوتووه، کە دێ: خەمێکی قورسی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، کە ناشیا، بۆ شاییەکی بێ ئامان بەجێ دێڵێ، دڵ وا لێدەکا، بە ڕوویدا دیل بێ، هەواره و هەوار بە شوێنیدا عەوداڵ بێ.

لە هۆنراوەی(هەڵبەستی دەروون)دا، دنیای جوانییە، کە لە منداڵدانی ژانی شیعریدا دەمێنێتەوه، نازێ و نابێتەوه کۆرپەی شیعری جوان، بەڵام لێرەدا تاقیکردنەوه هونەرییەکە، هەویەتێک و چییەتێکی دیاری نیە، شتێکە تەنیا وەک تەئسیرو کارتێکردن وەسف دەکرێ، دەنا وەک بابەت و وێنە ناگیرێ، بۆیە ئەو وەسفانەی بۆی بەکارهاتوون دژایەتیەک دەنوێنن کە ئەو حاڵە، ئەو کارتێکردنە دەردەبڕێ، ئەو ئاوازه، دەنگە، نەوایە، ناڵەیە، لە لێواری ڕۆحەوه سەرهەڵدەدا، کەچی دووریشە، مەنزڵ بە مەنزڵ دێ، لە یەک کاتدا خەم هێنەرو شادی هاوەره، خەندە بەخش و گریێنەره، وڵاتەکەی دووره، نەناسراوه، بە تەم داپۆشراوه.

مرۆڤ: لە کۆنەوه ڕاهاتووه، دیاردە نەدۆزراوەکان و هەست و هێزە لێکنەدراوەکان، بداتە پاڵ بوویەک، کە خۆی لە بیر و زماندا خوڵقاندوویەتی و، کردویەتیە بۆتەی بە خۆگرتنی هەموو پرسە قورس و ڕازە ئاڵۆزەکان، بیر و خودا و ڕۆح، ئەو بیره دێرینە مێژووییانەی کە بوونە بارەگای پرسیاری بوون و نەبوون، زانراو و نەزانراو، توانراو و نەتوانراو.

جا ئەگەر ئەم شاراوەیی هەستە، ئەم مەستییە پڕ مەبەستە، سەر بە دنیای گیان بێ، ئەوا گیان خۆی چییە؟! لەم هۆنراوەدا، کە تاقیکردنەوەیەکی دەروونی و هونەری دەنوێنێ، گۆران ڕۆحی بە دیاردەیەکی بێ سنوور و بێ بن(بێ لێوار و بێ پەی) ناو بردکە بیری پێی شارەزانییە، لە هۆنراوەی (گیان)دا، ڕۆح وەک تاقیکردنەوەیەکی ناوەوه نا، بەڵکو وەک پرسیار و بابەتێکی دەرەوەیی بەرامبەری دەوەستێ و ئەویش، بەسادەیی و ڕوونی پرسیاره بێ وەڵامەکانی خۆی بەرەو ڕوو دەکاتەوه.

نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟
یاری نازداری ژیان
هێزی لەش جوڵاندنم
هۆی گەرم و سارد چەشتنم
تینی دڵەی پڕ جۆشم
بزوێنێ بیر و هۆشم
هاوڕێی هەمیشەی عومرم
لەوساوه بووم تا ئەمرم!
نازانم تۆ چیت ؟ من چیم؟
تۆ من نیت ، یامن تۆ نیم!
تۆ دنیامی یان دنیام
تۆی تیا هاتوویتە ئەنجام؟
تۆ و ژیان کامتان کامن؟
کامتان نەوتی چرامن؟

**یاخۆ پرشنگ کامتانن**
**یا هەردوو: هەردووکتانن؟**
**نازانم و حەیران،**
**ئەی تەلیسمی ژیانم!**
**هەر ئەوەندەم لێ ڕوونە:**
**ئەنجام لە یەک جوێ بوونە!**
**ڕۆژێک، سبەی، دووسبەی!**
**عایەن نیە، چۆن، یان کەی،**
**تۆ ون ئەبی، لەش ئەمرێ**
**لەشی بەیادگار قەبرێ**
**جێ دێڵێ تا زەمانێ!**
**بەڵام، ئەی گیانی، تۆ کوانێ**
**بەڵگەی مان و نەمانت:**
**قەبرت یان ناونیشانت؟**

**پرسیارەکان زۆرن و یەکسەرین و بە دووری یەکدا دێن، هەر بەو پێیەش شێوەی شیعرەکە سادەیە و دێڕەکان کورتن و هەر یەکە لە پرسیارێک کە وەڵامەکەی تێدا مەییوە، یان وەڵامێکدا کە پرسیارەکەی تێدا خەست بووەتەوە، پێک هاتوون! چونکە پرسیار و وەڵام هەر یەکن: هەردووکیان دوو دیووی یەک مەتەڵن، پرسیارە سەرەکیەکەی گۆران، پرسیارێکی سەرەکی فەلسەفەشە، کە مەسەلەی جیاوازی و لێکدابڕانی لەش و گیانی، یان ژیان و هوشیاری،ماتریالیزم و ئایدیالیزم پێک دێنێ، چییەتی و هەوێتی ڕۆح دەهاروژێنێ. لە بەشی یەکەمدا ؟ هەر لەگەڵ پرسیارەکاندا، بیرە باوەکان، دەربارەی گیان دەخاتە روو. گیان یاری نازداری ژیانە، سەرچاوەی هێزی لەش و هەست و دڵ و بیرو هۆشە، تا مرۆڤ لە ژیاندا بێ گیانی لەگەڵە، بەڵام مەتەڵەکە لێرەوە دەست پێدەکات: ئایا مرۆڤ دنیای ڕۆحە، یا هەریەکە دنیایەکی تایبەتییان هەیە، ئایا ژیان دەدرێ بە مرۆڤ ئەوسا ڕۆحیش دەبێتە هێز و وزەی، یا ڕۆح بەر لە بوونی ژیانی مرۆڤەوە هەیە؟ یان ژیان و گیان یەک شت و یەک کردار و یەک ڕێبازن!**

**گۆران ئەم وەڵامەی لا نییە، گیان تەلیسمی ژیانە، چونکە هەموو زیندوێتی و چالاکی ژیان بە گیانەوە بەستراوەتەوە، هەروەکو کۆتای پێهاتنی ژیان بە دەرچوونی گیان لێک دەدرێتەوە، بۆیە گۆرانیش دەڵێ ئەو هەر ئەوەندە دەزانێ: کە جوێ بوونەوەی لەش و گیان (واتە مردن) کارێکی حەتمییە، درەنگ بێ یان زوو– کارەساتەکە ڕوو دەدا، بەڵام ئایا ئەمەش لە ڕوانگەی پێوەندی نێوان لەش و گیانەوە یانی چی؟ لەش دیارە حەقیقەتێکی مادییە، کە مرۆڤ دەمرێ لەش دەبێتە یادگاری گۆڕێک و شوێنەوارێک لە کاتدا جێ دەمێنێ، بەڵام گیان؟ چی لێ دێ؟ کوا بەڵگەی مان و نەمانی؟ کوا قەبر و ناونیشانی؟!**

**کە ئەو هەموو هێزو کارە دراوەتە پاڵ گیان و کراوەتە یار و سەرداری ژیان، بەڵام گیان لە تەلیسمێک بەولاوە نییە، کاتێ مرۆڤ لە ژیاندایە، ژیان خۆی دەدرێتە پاڵ گیان هەر وەک گیان هێزێکی جیا و دابڕاو لە ژیان و لەش بێ، کە مرۆڤیش دەمرێ و دوای مردنیش حەقیقەت و**

شوێنەواری مادی خۆی بەجێ دێڵێ، بەڵام گیان هیچ بەڵگەیەکی بوون و نەبوونی دیار نییە- هەر بۆیەش گۆران- هەست و سەرچاوەو حاڵە نادیارەکانی دەداتە پاڵ ڕۆح.
مەسەلەی (گیان) وەک مەتەڵێکی فەلسەفی، بە مەسەلەیەکی ترەوە بەندە کە مەسەلەی مەرگە و لە ئاست ئەویشدا بیر دادەمێنێ و مرۆڤی هۆشمەند بێ چارە و دەستەوەستان دەکەوێتە گۆڕێ، مردنی نائاسایی لەو مەسەلە وجودییە چارەنوسییانە کە جگە لە هەڵڕشتنی داد و سکاڵای بێ بەرو بێ ئاکام، جگە لە کوتانی دەرگای بێ وەڵام، جگە لە نۆشینی تاڵاوی ڕەشبینی و هەڵڕشتنی فرمێسکی بێهودەیی، چارێکی دی نییە، مردن هاوکارێکی دیالێکتیکی ژیانە، ژیانی مردن خەباتە، خەباتە دژی ئازار و سەختی و لە پێناوی ئاسوودەییدا، بۆیە ئەزموونی هەر مرۆڤێک پڕە لە وێنەی مەرگ و ژیان: سەرفرازی و نووچدان، هیوا و بێهومێدی، بەرهەم و بێهودەیی- بۆ مرۆڤێکی هەستیاری وەک گۆرانیش کە ژیانی خۆشی زنجیرەیەکی بێ پسانەوەی مەرگ و حەسرەت و کوێرەوەری و ئازار بووە، ئەوەندە بەسە، گریە و هەنسکی نیوەشەوی کۆرپەیەکی ساوای خۆی ببیسێ تا چەندان بیرو لێکدانەوەی بە ژان و پرسیاری مەرگ و ژیان، لە ناخەوە بیهەژێنن، هەر وەک لە هۆنراوەی (بۆ هیوای کوڕم)دا دەبینین:

هیوا، مەگری، هەنیسکی نیوە شەو بەس هەڵدە بەس بگری!
لە چاوی بێ قەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟

کوڕی خۆم کۆرپەڵەم! میوانی دنیای تازە خولقاوم!
ئەدا گریەت بە زەربەی چز لە ڕۆحی پڕ گلاراوم!

چی یە ئەم گریە بێ غایە. کروزەی نیوەشەو خورپێن؟
چیە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ ئەمەل ئەڕژێن؟

لەگەڵ ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چی یە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ؟
وەکو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایک بوو،
لەبەرچی نەشئەی یاری هەڵت ناداتە سەر پاشوو؟

ئەڵێی ئەو زەڕنەقوتەی پەپکە مارە فەرشی هێلانەی:
چ ئێشێکە، کوڕم، بۆچی لەسەر ئەو هەڵکڕوزانەی؟

چی یە، توخوا چ سیڕێکە وەها مەحکومی گریانی،
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی؟ لە مەعنای گریە نازانی؟
***

ئەمەش دنیایەکی ترە، لە دنیای هونەر، بەرزکردنەوەی ڕووداوێکی- بە پێوانەی گشتی و باو- زۆر ئاسایی، گریەی نیوەشەوی منداڵێک، بۆ ئاستی پرسیارێکی فەلسەفی، بۆ هەرێمی پرسیارە

بێ وەڵامەکان، بەچکە مرۆڤێکی تازە، بۆ دەبێ بگری و بکڕوزێتەوە بێ پەروا فرمێسکی ورد بە گۆنایا هەڵڕژێتە خوار، خولیای فەلسەفی مرۆڤ، گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی مانا بۆ هەر کردارێک، دۆزینەوەی ئامانج و لێکدانەوە بۆ هەر دیاردەیەک، بەڵام فرمێسکی منالێک لە نیوەشەوا، بێ غایەن، بێ مەعنان، چونکە مرۆڤ لەبەرخەم و کوێرەوەری دەناڵێ، بەڵام خۆ کۆرپەی ساوا هێشتا لە خەم ناگا، کەوایە بۆ مەحکومی گریانە؟ بۆ وەکو زیندەوەرو باڵندەی دی نەشئەی ژیان نایخاتە خەندە و سەما؟

ئەوسا گۆران: مەسەلەی گریان بە خەمەوە دەبەستێتەوەو خەمیش وەک خەسڵەتێکی و جودی– و کۆمەڵایەتی مرۆڤ سەیر دەکا، لێرەوە لە ڕوانگەی ژیانی پڕ حەسرەت وکوێرەوەری خۆیەوە سەیری خەم و ناڵەو گریە دەکا و دەشێ خەم و گریەو زاری هۆو غایەی کۆمەڵایەتییان هەبێ، بەڵام بۆ کەسانێکی کوێرەوەری چێژی وەکو، باوکی هیوا: نەک هیوا کۆرپە ساوا–

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە!

لەناو کڵپە و بڵێسە نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر،
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!

بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو ڕۆژی ڕوناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزێنێ بە ناڵەی عومری پڕ ئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت!

حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نافهوم و بێ مەعنا:
زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!

حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!..

لێرەدا هەست دەکەین گریانی بێ مانا و غایەی هیوا، چ مەسەلەیەکی ئینسانی قووڵی لە ناخ و ویژدانی گۆران دا تەقاندۆتەوە، چونکە وەک مرۆڤێکی هەست ناسک و ویژدان زیندوو، هەست بە لێپرسراوێتی باوکێتی خۆی بەرامبەر بە چارەنووس و ڕێ ژیان و پاشەڕۆژی ڕۆڵەکەی دەکا– هەروەها ئەو پارچەیە بۆمان دەردەخا گۆران خۆی لەلایەکەوە چ تاڵیی و کوێرەوەری و ناکامی و بەدبەختییەکی لە ژیاندا چەشتووە و– لە لایەکی دیکەشەوە چۆن (ئیدراک) واتە توانستی دەرکپێکردن و تێگەیشتنی ژیان، لێی بۆتە بەدبەختی و ڕۆژی ڕووناکیشی لێ کردووە بە شەوە زەنگ، تا ئەو ڕادەیە موچورکی ئەو خەیاڵە پێشبینەی کە ڕەنگە کوڕەکەشی شوێن پێی ژیانی

ئەو هەڵگرێ ڕۆحی ڕادەتەکێنێ، کە ئەو حەقە بە هیوا دەدا، لە مەترسی ئەو چارەنووسەیە بە ناڵەی ڕۆحی عەرش بلەرزێنێ، ئەستێرەکان فرمێسک باران کاو هەروەها:

حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕ کەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!..

بەڵام گۆران دڵی خۆی بەوە دەداتەوە، کە هێشتا هیوا منداڵەو، گرۆڵەی ژیانی نەکراوەتەوە و ڕەنگە کۆچ و تەلیسمی ژیان، بەخت و جیاوازیان بۆ ئەو حەشاردابێ و ژیانی ئەو پڕ لە خوڕەی هۆرەی شادی بێ:

بەڵام ڕۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای،
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهول و نیهانیتای،

بەچی مەعلوم بە شوێنی هی منا ئەڕوێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خووڕەمی نابێ خەمی عومرت؟

بەڵێ بەرخم! ئەگەرچی هەر وەکو یەک ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکە و قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە!

هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەرزەمینێکن،
هەموو دێین و دەڕۆین، تاکو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین،

وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە:
لە یەک سەرچاوەی دوو قەترە: یەکێ ڕوونە!

هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە،
هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!

ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا،
ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا!

کورم! هەر وەک لە ئەعجوبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،
شتێکیش ، بەختیاری ، پێکەنین ، گرتوویە چوار دەوری!

بە خۆڕایی مەترسە ، خەم مەخۆ مەگری لە ئێستاوە
بەچی مەعلووم، لەچی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە؟

لێرەدا هەروەکو چۆن گۆران دان بە حەتمیەتی مردندا، وەک حەقیقەتێک کە هەر لە بێشکەوە دەست پێ دەکات دەنێ، هەواش ژیان بە چەمە- ئاو و، گەشتە کۆچێکی پڕسیحر و ئەفسوون دەزانێ. تاکە مرۆڤانیش چارەنووسی جیاوازیان هەیە و، هەیە ڕێبازی ژیانی هەر ڕکە و هەمیشە فەرش و ئاوریشمی گوڵزارە- لەگەڵ بەدبەختی گریان، خۆشبەختی پێکەنینیش هەیە،

کەوایە، چ ئیحاب دەکا، هیوا لە ئێستاوە بگریی؟
کێ دەڵێ بەختی باش تەختی ناوچەوانی نەنووسراوە؟

بەڵام ئەفسوس، ژیان دەرفەتی ئەوە نادا، ئەو پێشبینییە، یان سەرسامییەکەی گۆران بە ئەنجامێک بگا، ئەوەی گۆران بینی چەمی پڕ خوڕەی شادی عومری هیوا نەبوو، بەڵکو مەرگی جوانەمەرگانەی هیوا بوو- گۆرانیش، هۆنراوەیەکی بەرز و ناسکی دڵگیری ئەمجارە لە سەرمەرگدا دەیلاوێنێتەوە:

ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانم
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم
ڕۆژی نەورۆزی پرشنگ زێڕینم
تریفەی سپی مانگی هاوینم
شنەی شەماڵی کەلی بەهارم
لەرەی ئاونگی مێرگی ئاودارم،
جریوە و جووکەی شادی هێلانەم
شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم،
خونچە پشکووتووی باغی جوانییم،
ڕۆڵەی شیرینم، ئەی گیانی گیانیم!
توخوا بەو جووتە چاوە شینانە،
ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە!
با بە کلۆڵی ، بە ڕۆڵەڕۆیی،
کە دانیشم کز، وەختی بێ تۆیی:
بە یادی دوو گۆم، دوو گۆمی بێ بن،
کە هۆگریان بوو ماسی ڕۆحی من،
هۆن هۆن فرمێسکم بڕژێتە داوێن
فرمێسکی تا سەر جەرگ و دڵ تاوێن
***
هیوا! ئەو لێوەی بە زەردەخەنە ی
گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە
بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێ نازێ؟

بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ؟
هەی هاوار، هەی داد هیوای شیرینم
گیانی ئەدەی، ئەمری، ئیتر ناتبینم!

ئیتر، ئاخ، ئیتر ناتبینم هەرگیز،
لە خەوا نەبێ، شەو شەوی پاییز
جار جار وەک بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو
دێیت و ناشکێنێ تاسە و ئارەزووا!
سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە!
ڕۆڵە مردنە و فرمێسک بارانە!
هیوا، ڕۆڵەڕۆ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ!
ئەو کولمە ئاڵە نەرم و نۆڵە ڕۆ!
ئەو قژە زەردە، ئەو چاوانە ڕۆ!
ئەو نەغمەی (دایە) و (بابە) جوانە ڕۆ!
تا دەممان لە گۆ ئەکەوێ وەک تۆ:
هیوای دایە ڕۆ! هیوای بابە ڕۆ!

لە سەر ڕێ و شوێنی ڕەسەنی لاواندنەوەی کوردی، گۆران ئەم شیوەنە کاریگەرە بۆ مەرگی هیوا دەگێڕێ، پێدا هەڵدانی دەرخستنی وێنەیەکی هەمیشەیی بەهاری و خۆرەتاوی دیداری هیوا، لەگەڵ نزیکبوونەوەی نسێی هەوری مەرگدا و ئاکامی ئەو مەرگە لەسەر دڵێکی سەرواسەری ئەو دیدارەدا، لە وێنەی هونەری جوان و ئاوازی دڵخورپێندا جۆش دراوە، چەند جوانە ئەو وەسفە کە دەڵێ:

توخوا بەو جووتە چاوە شینانە،
ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە!
با بە کڵۆڵی ، بە ڕۆڵەڕۆیی،
کە دانیشم کز، وەختێ بێ تۆیی:
بە یادی دوو گۆم، دوو گۆمی بێ بن،
کە هۆگریان بوو ماسی ڕۆحی من،
هۆن هۆن فرمێسکم بڕژێتە داوێن
فرمێسکی تا سەر جەرگ و دڵ تاوێن

گۆران، لە هیوا دەخوازێ، کە لەدوا ساتی سەرەمەرگدا، نیگاکانی لە چاوی باوکی بڕی، تا هەرگیز وێنەی ئەو دوو چاوە شینانەی لا ون نەبن، کە وەک دوو گۆمی بێ بن وان و بەدرێژایی ژیانی هیوا ماسی ڕۆحی هۆگریان بووەو جێی نەهێشتوون ئێستاش دەیەوێ لەم دوا سات و ئانەی مەرگ و ماندا، وێنەی ئەو دوو چاوە شینانە لەسەر مێشکی چەسپ بێ و بتوانێ بەو

یادانە وەربگری و بنالێ– ئاخ ئەوە مەرگە، لە گریان بەولاوە چار هەیە؟ یان گۆران و تەنی: ڕۆڵە مردنە و فرمێسک بارانە!!

جیابوونەوەی ئەبەدییەو تەنها خەونە، جارجارە، شەو شەوەی پاییز، پردێکی پێکگەیشتنەوە دروست بکا، بەڵام ئەو دیدارە بە خەونەش بۆ گۆران وەک سەراب وایە و تینوێتی ڕۆح ناشکێنێ!
هەر بەم چەشنە گۆران شیوەنێکی کاریگەر بۆ مەرگی (گوڵاڵە)ی کچی دەگێڕێ، کە ئەویش لە تەمەنی منداڵیدا، گیانی بە هەرێمی پرسیارە بێ وەڵامەکان دەسپێرێ، بەڵام لەو هۆنراوەدا، زیاتر یەخەی مەرگ دەگرێ و توندتر ڕایدەوەشێنێ– داد و فریادەکەی داد و فریادێکی ئینسانی پڕژان و برین و نامرادییە، گواستنەوەیەکی زیندووی لەحزەی کۆستکەوتن و جەرگبڕانەیە، پرسیارە و جودیەکانی ئەو پرسیارانەی کە حەکیم و زانست و فەلسەفەو پزیشک و دەرمان و دنیا لە عاستیاندا دادەمێنن– هۆنراوەکە تێکەڵە لە وەسف و پێدا هەڵدان و ڕاچڵەکان و دڵکەوتنی شاعیر بە مەرگی ناکام و لە ناکاو و بێ مانا و، دەستەوەستان بوونی بەرامبەر هۆ و ئامانج و سەبەبکاری ئەو کارەساتە:

کچم، مایەی ژیانم، یادگاری
شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری
غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم
دڵۆپی خوێن گەرمی ئاگراوییم؟
جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم،
سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم..

تا ئێرە: هۆنراوەکە بە هێمنیی هەڵدەڕژێ– شێ دێڕی یەکەم ، یەک ڕستە پێک دێنێ– وەسفی شوێنی کچەکەی لە تۆماری ژیانی خۆیدا دەکا، گوڵاڵە یادگاری گەنجێتی و نۆبەرەی شیرینی داری کەم دەوامی دڵدارێتی سەردەمی گەنجێتی. دڵۆپە خوێنێکی گەرمی ئاگرینە و لە دەماریا دەجوشێ– نۆبەرە و سەری تاڵە دەزووی ئاوات و هیوا و خەیاڵی خاوی تەمەنێتی.
بەڵام، یەکسەر لەم وێنانە هەمووی سەرەتای ژیان، سەرەتای بوون و گەورەبوون و هیوا بوون بەو بوونە دەردەخرێ– دوای ئەمە: گەیشتنی کارەساتەکەیە، مردن، لە ئاست ئەمەدا، داد و ناڵە و فیغانی گۆرانی باوک و شاعیر و هونەرمەند بەرز دەبێتەوە–

چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،
چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟
چ زوو کەوتیتە بن گۆمی عەدەم؟ خۆ
بە (ئۆخەی) تێر نەبوو لێوم، وتم (ڕۆ)!
دەمێ پشکووتی تێر بۆنم نەکردی
گوڵاڵەی خۆشەویست، در لەحظە مردی!

زوویی مردنە چاوەڕێ نەکراوەکە و تەئسیری لەسەر شاعیر– ڕوونی و کاریگەریی لە کۆکردنەوەی وشەی ئۆخەی و ڕۆدا دەربڕاون– گۆران دەڵێ لێوم پێرانەگەیشت بڵێم: ئۆخەی ئەوە کچێکم بوو، کە مردنی وای لێکرد بڵێ هەی ڕۆ، کچەکەم ڕۆ! هەروەها تەشبیهی دەکا بە گوڵێکی بۆنخۆش کە بەر لەوەی بۆنی بکا، سیس دەبێ و دەمرێ، ئەمە حاڵەتێکی باوکانەی کاریگەر دەجۆشێنن.

ئەجەل داد! ئاسمان داد، عەرش خوا داد!
حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان دەوا داد!
کچێکم بوو، کچێ تەنیا کچێ، بەس!
ئەویشت ئاخری کوشت چەرخی ناکەس!

قەبرا! ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریک!
دڕەندەی لاشەخۆری باوک و داییک
لە دەورت هەڵچنیم خوشک و برا پاک
کچێکم بوو ئەویشت کردە خۆراک؟
چ دادێکە؟ چ ئینسافێکە زاڵم؟
جەهەننەم تاو ئەدەی نەیکەی بەحاڵم؟
لەبەر یەک لوقمە، یەک پل گۆشتی مەعسووم،
منت بۆچ کرد لە نووری دیدە مەحرووم؟

لێرەدا، گۆران یەخەی قەبر دەگرێ و وەکو ئەژیهایەک دەیبینێ کە لە پێناو هەڵلوشینی یەک پلە گۆشت کە لەشی منالێکی پاک و بێتاوانە، ئەو لە نووری دیدە بێبەری دەکا و دۆزەخی داخ و ئازاری بۆ دادەخا، گۆران دەستنیشانی ئەوەش دەکا کە قەبر پێشتر یەک بە یەک دایک و خوشک و براکانی لێ سەندووە و ، خۆی تاک و تەرا لە گۆڕەپانی سۆز و عاست ئەم تاوانە دۆزەخیەدا گۆران دەیەوێ هەرچۆنێ بێ تروسکاییەکی مانا و مەنتیق بەدی بکا و سەبەبکار بناسێ و سکاڵاو ناڕەزایی خۆی پێ ڕاگەیەنێ، لە ئاخاوتنەکەیدا لەگەڵ قەبر بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

ئەگەر ئەی خاکی زاڵم، ئیختیارت
نییە، ناچارییە تۆیش کاروبارت،
لە کردارت ئەگەر مەسئول سەمایە
تەبیعەت، هەرچی.. حەتتا زاتی خوایە..
بەڵێ: هەرچی و هەچ کەس بێ سەبەبکار
پرۆتستۆی ئەوم مەتلوبە ئێجگار:
ئەڕێژم ئەشک، ئەکێشم ئاهی بێ بن،
سیلاحی عاجزی زنجیر لە گەردن!

لەبەرامبەر کارەساتی مەرگا، گۆران خۆی کەسێکی بێ دەسەڵات دەزانێ کە زنجیری لە گەردنکراوەو لە ئەشکڕشتن و هەناسە هەڵکێشان بەولاوە هیچ ڕێگایەکی دی نییە تا ئازار و ناڕەزایی خۆی بگەیەنێتە ئەوەی ئەو تاوانەی دەرهەق کردووە: چ ئاسمان، سروشت، یاخودا بێ، لە ئاکامدا ڕوو دەکاتەوە گوڵاڵە و ئەو ئامانجە بێ
هیوایەی پێ ڕادەگەیەنێ:

کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی
کە باوکت چەن بە ناسۆرە برینی
نە تۆی پێ دێتەوە، نە عەقڵی ئەبڕێ،
لەسەر تۆ کام یەخە، کام ئەستۆ، بگرێ؟
کچم تەنیا گوڵم ، نەشئەی ژیانم،
دڵی شادم، تروسکەی چاوەکانم،
کچم، ڕۆحم.. هەیهات! هەیهات!
چ کۆچێ بوو! چ کۆچێ؟ واکش و مات؟!

هەیهات، هەیهات: هاوارێکە کە باوەش بە بۆشایی بێ بن و بانگ و هەرێمی بێ وەڵامدا دەکات.

لە هۆنراوەی (گوڵی کەم خایەن)دا، کە(بۆجوانێکی سیل کوشتوو)وتراوە، تەجروبەیەکی تری گۆران لەگەڵ کارەساتی مەرگدا خۆی دەنوێنێ، ئەمجارە مەرگی ژنێکی جوان، کە لەژیانیا ئایدیالی جوانی و پەرستگای ئەوین بووە، گوڵێکی گەشی پەمەیی بەرەبەیانی گەنجێتی و جوانی،کە لە خەندەیا جیلوەی هاتنی بەهار دەگەڕا و لە دەنگ و ئاوازیا مەلی گۆرانی دەهاتە کوڵ و کۆ، لە چاوەکانیا گەلاوێژی ڕووناکی پڕ تاوی گەرم، ڕووانینەکانی لەناو شەپۆلی سیحر و ئەفسونا دەخستە مەلە، قیبلەیەک بووە دڵداران سەری سوجدە بۆ بردنی عیشقیان بۆ بەرامبەر دەنوشتانەوە. ئەم جوانییە ئایدیالیەش، کە گۆران وای دادەنا، قەت ڕۆژگار خۆشی لە سەیری شێوەی شۆخ و شەنگی تێر نابێ و کزەی گەلاڕێزانی ناشێ توخنی پەل و پۆ ناسکەکانی کە وتی: کەچی ئەویش لەناو پەنجەی مەرگا، ژاکاو هەڵوەری.

وەهام ئەزانی کە ئەی گوڵ، نیگاهی شەوقی زەمان
لە سەیری شێوەیی شۆخت هەمیشە تێر نابێ،
وەهام ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەلاڕێزانی
بە ناسکیی پەل و پۆی تۆ مەحاڵە فێر نابێ!

کەچی زوو، چ کتوپڕ، لە پەنجەرەی وەرەما
لەشی شل و پەمەیت، ئەی گوڵی جوان، ژاکا!
چ زوو تواپەوە حوسنت لە قرچە قرچی خەما،
دوو پێشە ما.. ئەویش ئەرزێ، لە سینەی خاکا!..

لە لالەزاری جوانیت نیشانەیەک مابێ:
هەر ئەو فوغانەیە ئەڕژێ لە ماتەمی یاران،
هەر ئەو دڵۆپەیە ئەتکێ لە دیدەی گریان!
بەڵام ئەمین بە شەو و ڕۆژ هەتا بەرو دوا بێ!
فوغان و گریە بە شوێنتا بڕانەوەی نایە،
فوغان و گریەیی پاش تۆ هەتیوی سەودایە!

لە هۆنراوەی (ڕۆڵەی بێ دایک)دا گۆران دیمەنی مەرگێک دەخاتە ڕوو– کە دڵی بەردیش دێنێتە جۆش. شێوەی هۆنراوەکە زیاتر گێڕانەوەیە و مەبەستی تۆمارکردنی ئەو دیمەنەیە کە بینینی گیانی ئازارداوە: ئەویش گریانی کۆرپەیەکە لە تەک تەرمی دایکیدا–

بەڵام ئاخ ئەوەی من دیم بەو دوو چاوە
مەینەتییەکی سووکە ئەمەی بە لاوە
نەک دایکی کوڕ مردوو، دیم کۆرپەی ساوا
لای مەیتی دایکییا، فرمێسک لە چاوا،
کەوتبوو بە بێ شیر، بێ لاوانەوە
ناوجەرگی ئینسانی ئەچوزانەوە!

هەڵبەت شاعیر ئەم کارەساتە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بە سەریدا دەکاتە شیعر و وەک هۆنراوەکانی دی مەبەستی دەرخستنی ئیحساساتی ناوەوەی خۆی نییە، بەڵکو ڕاگەیاندنی هەوڵەکەیە بە مرۆڤانی تر تا سەرنجیان بۆ ئەم جۆرە کارەساتانە ڕاکێشێ، هەروا وەک شاعیرێکی هەست ناسک تەنیا مەرگی مرۆڤ نییە کە مەراق و ژانی دەداتە گۆران– هەروەکو چۆن بە دیار مەرگی هیواوە دانشت، ئە ئاواش لە بانگی شێوانە و سەرنجی ئاسمانی خۆرنیشین دەدا و دەبێتە شایەتێکی خەمباری مەرگی ئەستێرەیەک و هەستی شاعیر بێ بە پێ لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئاوابوونی تروسکەی ئەستێرەکەدا ڕادەژێ و دەمی زوییری لە ڕۆحی دەنیشێ:

بانگی شێوان: لە ئاسمانی خۆرنشین،
ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ، گەش، شیرین!

دەور و پشتی دەریای شینە بە تەنیا
سەرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا!

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ!
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!

وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازدارێ

تێر نابێ لێی هەر چاویا بۆی ئەنوارێ!

منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم
دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم
لەسەر گردێ بەرامبەری ئەوەستم
کەینی بزەی ئەبێ سەرنجی مەستم
تاریک دایە، ئەستێرەی تر بەرودوا
فڕێ ئەدەن چارشێوە لە عاستی دنیا
بەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی، بەرەوخوار
هەڵئەخلسکێ، کز،کز، ئەگاتە لێوار

لێرەدا، ڕۆحی هونەر مرۆڤ بە بەرئەستێرەیەک و دەوروبەریدا دادەکا و لە وێنەیەکی جواندا کارەساتەکەی نەمر دەکا و هەر لەو کاتیشدا چاوی ئێمە، چاوی خوێنەران، دەکاتەوە تا بەشێوەیەکی وردتر و قووڵتر و هونەربینانەتر سەرنجی ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی بدەین و بینینی دیمەن و کارەساتی ئاوا فەرامۆش نەکەین!!
هەروا بەشێوەیەکی هونەری باڵا، بەڵام بەهەست و سۆزی گوڵێکی گەرمترو بەجۆشترەوە، گۆران هەستی ئینسانی جوانپەرستانەو پەرۆشبوونی بۆ بابەتە جوانەکان، بەسەر سیمای سیس هەڵتووی گوڵە لاولاوێکدا دەڕێژێ کە خەریکە ماڵئاوایی لەو جۆرە ژیانە بکا کە سروشت پێی بەهرەدار کردبوو–

بەکوڵ گریام لە چاوم دێ: گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ!
لەبەر چی سیس ئەبێ وا زوو، چیە ئەسبابی ژاکانت؟
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ
ئەژاکێنێ، توخوا ئەی گوڵ، سەبر.. دەستم بە دامانت!

سەبر توبی خوا! تاوێکی تر ڕاوەستە، تا عومرم
وەکو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ!
منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم!
منیش خیلقەت وەکو تۆ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ!

منیش وەک تۆ بەفام کورتە و بەهارم تیژ و کەم فرسەت
گەشەم مەیلە و ڕەوا لە چەشنی تۆ، چەشنی هەموو دنیا!
وەکو بارانی هاوین زوو، فەنایە عومری بێ مروەت!
تەبەخور مایەیە، هەیهات، بە چەشنی شەونمی سەر گیا!

ئەگەر چی بیری ئەم شیعرە لە هەڵبەستێکی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام گۆران بە شێوەیەک داپڕشتۆتەوە کە هاوهەستی و هاوسۆزی ئینسانیانە و ڕۆمانسییانەی خۆی لەگەڵ ئەم دیمەنە دڵتەزێنەی مەرگی ناسکی گوڵێکی کەم تەمەندا جووت کا، لێرەدا نیسبەتێکی درێژی ژیان و تەمەن، دەردەبڕێ، وەنەبێ خیلقەت لەگەڵ مرۆڤیشدا هێندە باش و بەخشندە بووبێ، بەهاری تەمەنی مرۆڤیش ڕوو لە فەنا بوونە و وەکو شەونمی سەر گیا، دەبێتە هەڵمی عەدەم.

ئەنجام:

لەم باسەدا سەرنجی دوو جۆرە شیعری گۆرانم دا، یەکەمیان ئەو هۆنراوانەی کە حاڵەتێکی دەروونی لەخۆی شاراوە و دنیایەکی تایبەتی ناوەوەی شاعیر دەردەبڕین: دنیایەک کە مەستی و پەستی و بێهیوایی نەسرەوتن و ئۆقرەگرتنی تێدایە– هۆی ئەمەش شەیدایی بوونە بۆ شتێک، بۆ جوانییەک، بۆ ڕازێک کە خۆشی چییەتی و هەوێتەکەی لا ڕوون نییە، بەڵام لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە لەسەرجەمی ژیانی پڕ ژان و مەرگ و ئەندێشە و هەستی ناسک و جوانپەرستانە و هونەروەرانەی شاعیر جیا ناکرێتەوە، ئەو هەستە شاراوەیە خەسڵەتێکی ڕۆحی بێ ئۆقرە و ئارامی هونەرمەندێکی هەست ناسکە کە ژیان و کۆمەڵەکەی ئەو دەرفەتەیان نەداوەتێ تینوێتی خۆی بۆ بە ترۆپکی موورادی دڵ و لووتکەی داهێنانی هونەری دابین بکا، هەروەها نیشاندەری ئەو بۆشاییە گەورەیە کە نەبوونی خۆشەویستی و سەقامگیریی ئافرەت و تێربوونی عاتیفی، هەر لە منداڵییەوە لای دروست کردووە، دیارە بۆ لێکدانەوەی تەواوی ئەزموونی شیعری گۆران و شیکردنەوەی چەند لایەنێکی ژیانی، کە بە داخەوە ئەم کۆرە دەرفەتی ئەوەی تێنەدەبوو، بۆیە زیاتر سەرنجی جەوهەرە هونەرییەکەی ئەم دیاردەیەمان دا: وەک کێشەی زمان، هەوڵی ڕەخساندن و جۆشاندنی زمان بۆ دەربڕینی ئەو بابەتانەی کە لەسەر ڕۆحی بێدەنگی و بێ وەڵامی، یان گریان، یان بۆشایی ئەودیو بیرو زمانەوە گیرسانەوە، لێرەوە جگە لەو دوو هۆنراوانەی کە یەکەمیان دەنگدانەوەی دنیایەکی جوانی خۆبەدەست شیعرەوە نەداوە و، دووەمیان دەربڕینی حاڵەتێکی فرۆیدییە کە لە تینوێتی ڕۆحی شاعیر بۆ هونەر و ژیان جیا نابێتەوە، جگە لەمانە سەرنجی چەند هۆنراوەیەکی تریشمان دا، کە بابەت و بیرەکانیان، بیری گیان و مەرگ، لە سنووری پرسیاری بێ وەڵام، یان ئامرازی گریاندا ڕەت ناکەن. ئەگەر چی گۆران، وەک وتمان، ئالۆزیی ڕۆح و گیان و مەرگ، لە پرسێکی فەلسەفی نزیک دەکاتەوە، بەڵام شیعرەکان، بە هیچ لێکدانەوەیەک، فەلسەفی نین و گۆران شیعری فەلسەفی نیە.فەلسەفە بەکارهێنانی عەقڵە وەک ئامرازێکی شیکردنەوە، بۆ لێکدانەوەی تێرو تەسەلی هەموو– و هەرچی ئیحتیمالێکی هەیە دەربارەی هەر دیاردەیەک مرۆڤ هەستی پێ دەکا، بەڵام هەڵس و کەوت کردنی گۆران لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکانەدا هەڵس و کەوتێکی– عاتیفی– هونەرییە. هەر ئەو هەڵس و کەوتەیە کە بۆی هەیە گریانی منداڵێک لە دیاردەیەکی فیزیکییەوە (کە ڕەنگە دکتۆرێک پێت بڵێ: برسێتی، یان ئازاری هەیە، یان شیرەکەی خراپە) بگوێزێتەوە بۆ بابەتێکی عاتیفی کە سێبەری فەلسەفەکەشی لەناو بۆتەی سۆزی دەروونی و ئاوازی شیعرییدا جۆش داوە، هەروەها ئەم باوەش پێداکردنە هونەرییەکە ئەزمونی پڕ زام و ئازاری مەرگی ئازیزان– دەگوێزێتەوە بۆ ئەزموونێکی هونەری، کە هاوسۆزی و هاوهەستی و پەرۆشی لای هەموو مرۆڤێک بەرپا دەکا و لەنموونە تاکییەکەوە ڕایدەگوێزێ بۆ ئەزموونێکی ئینسانی گشتی. دەسەڵات ڕۆیشتنی گۆران

بەسەر زماندا و ئیحساسی هونەرمەندانەی ناسکی ئەو- و شارەزایی تەواوی لە هونەری شیعردا، گونجاندنی سەرکەوتووانەی ئاوازی شیعری و وێنەی شیعری، بۆ گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆک و پەیامەکانی، بۆی لوواندووە: هەست و خواستە ئینسانییەکانی خۆی بکاتە تابلۆیەکی ڕازاوەی نەمر، کە گەلی کورد، هەتا هەتایە، نەوە دوای نەوە چێژی لێ وەربگرێ و شانازی پێوە بکا.

دیارە جیاوازی لە نێوان ئاستی هونەری هۆنراوەیەک و هۆنراوەیەکی تردا هەیە. ئەوەش بەستراوەتەوە بە ڕادەی سەرکەوتن لە بەکارهێنانی زمان و ئیحتیمالاتەکانی دەنگ، بۆ پێکەوە گونجاندنێکی هارمۆنیداری زۆسی ناوەوە و وێنەی دەرەوە، واتە بۆ نواندنی (دەرەوەیی کردنی ناوەوە) لە نەرهەمی هونەری زماندا، کە ئەمە خۆی ئەو گیرکارییە دەروونی و هونەرییە دروست دەکا، کە گۆران لە (هەڵبەستی دەروون) و (زەنگی پەستی)دا باسیان لێوە دەکا- دیارە ئەوە نیشانەی هەستکردنی شاعیرە بە پەیامە هونەرییەکەی خۆی وەک داهێنەر (نەک شیعر نووس) کە ئاوا بە توندی و قووڵی و بە وردەکاریی، لەگەڵ بابەتەکانیدا دەستەو یەخە دەبێ- هەروەها هەستکردنی شاعیرە بە گرنگی ئەو ئەزموونە ئینسانییەی هەیەتی و پێویستی ڕێزگرتنی و نواندنی لە کاڵایەکدا کە بەقەد باڵای ئەزموونەکە بێ. سەرنەکەوتنی لەم کارەدا، لەگەڵ هەوڵ و تەقەلاشدا، تووشی نارەحەتییەکی ڕۆحی گەورەی دەکا- بەڵام، ئەوەی لە سەرنجدانی ئەم هۆنراوەدا بۆمان دەرکەوت، ئەو ڕاستییەیە کە هەر کاتێ گۆران بەرەو ڕووی ڕووداوێکی ئینسانی یان عاتیفی ناخهەژێن دەوەستێ و قووڵی و گەرمی باوەشی پێ دەکا، ئەوسا زمان دەباتە دنیای داهێنانەوە،چ وەک وشەی ساغ و ڕوون و وێنەی هونەری ناسک، چ وەک نەوا و ئاواز و ئیقاعی ناوەوە نوێن، و ئەنجامەکەشی بەرهەمێکی شیعرییە، کە ناسنامەی هونەری نەمری هەڵگرتووە، هەروەک لە هۆنراوەی (بۆ هیوا)، (بۆ گوڵاڵە)و (گوڵی کەم خایەن)و (بۆ گوڵی لاولاو)دا بینیمان. چوونە ناوەوەی ئەزموونەکە بە شێوەی یەکەم جار موخاتەبەکردنی یەکسەری کەسەکان و بابەتەکان، ئەوسا ناوەوەیی کردنیان: واتە لێکدانیان لەگەڵ هەست و خورپەی ڕۆحی خیدا، دەبنە ئەو ئامێزەی کۆرپەی داهێنان چاوی تێدا هەڵدێنێ و بە دیداری دنیای هونەر شاد دەبێ. بەڵام لەو بابەتانەدا کە ناوەوەیی نەکراون، یان هێندە ناوەوەیی نەکراون، وەک هۆنراوەی (بۆ گیان) کە گیان زیاتر وەک مەتەڵێک کە لە دەرەوە وەستاوەو، وەک بابەتی پرسیارەکانی سەیر دەکا، یان (ڕۆڵەی بێ دایک) کە تەنیا مەبەستی گێڕانەوەی ڕووداوەکەیە، یان بەسەرهاتی ئەستێرەیەک: کە یەکەمجار وەک بابەتێکی جوانی دەرەوەیی دەردەکەوێ و لەگەڵ کزبوون و ئاوابوونی خۆی لە هەست و سۆزی شاعیر نزیک دەکاتەوە- هەست دەکەین لەو هۆنراوانەدا زیاتر وەسف، یان گێڕانەوە، بەکار هاتووە و هونەرەکە شێوەی فۆتۆگرافی (بەسەرهاتی ئەستێرەیەک) یان (ڕاپۆرتی: ڕۆڵەی بێ دایک، گیان) وەرگرتووە، وەک کۆمەڵە هۆنراوەکانی تر، یەکێتی ئاواز و وێنە، هونەرەکە ناجوڵێنێ.

بە پێویستی دەزانم سەرنجێکی تریش دەربڕم- ئەو هۆنراوانەی لاواندنەوە کە لێرەدا سەرنجمان دان هەموویان لەو جۆرانەن کە لەسەر مەرزی گریان دەگیرسێنەوە، واتە مردن: وەک ڕووداوێکی ناچاری، بەشیوەن و گریان و فوغان کۆتایی دێ. مەبەستیشمان ئەوە بوو بزانین چۆن گۆران وەک شاعیرێکی هونەرمەند هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەو مردنانەدا کردووە و لە ڕێگەی پەرۆش و دڵسوتانی بۆ کوڕ و کچی خۆی بۆی دەرخستووین کە مرۆڤی کورد بە گشتی چەند منالی خۆش

دەویَ و چەندە بە مەرگی منالَی کۆست کەوتوو و جەرگبڕاو دەبیَ. بەلاَم دیارە گۆران زۆر هۆنراوەی تری هەیە بۆ لاواندنەوە و شینی شاعیرانەو قارەمانانە و شەهیدانە، وەک بێکەس و پیرەمێرد و مەحمود جەودەت و هەلۆبەگ و قالە کە بە شێوەیەکی دی هەلَس و کەوت لەگەلَ بابەت و مەسەلە و مانای کۆمەلاَیەتی و مێژوویی مردندا دەکا. لەو هۆنراوانەدا ژیان بە مردن و مردنیش بە گریان و فرمێسک کۆتایی نایە، بەلَکو لە دوای مردنیشدا ژیانی ئەو جۆرە کەسانە هەر بەردەوامەو  لە ڕێڕەوی خەباتی مرۆڤایەتیدا شوێنی دیاری خۆین هەیە. ئێمە لەم باسەدا تەنیا سەرنجی ئەو جۆرە مردنانەمان دا کە جگە لە شیوەن، یان وەک گۆران دەلَیَ:
دەرکەوتنەوەیان لە خەونی شەو  شەوەی پایزدا
هیچ درێژبوونەوەیەکیان بۆ دنیای هوشیاری مرۆڤ نییە و هیچ وەلاَمێکیش لەو دنیای بێدەنگی ئەوانەوە نایە– هەرێمی پرسیارە بیَ وەلاَم و بێدەنگی ئەبەدی. بەلاَم هونەر، وەک دەربڕینی خواستی بەهێزو بیَ وەستانی مرۆڤ بۆ مانەوە و نەمریی، کە ناهێلَیَ ئەو جۆرە مردنانەش لە بیر بچنەوە و بەلَکو دەیانکا بە ئەزموونێکی نەمر، هەروەکو چۆن کەمخایەنی ژیانی گولاَلەی کچی یان گۆلَەلاولاوی نەمر کردووە  ئەمەیە ناوەرۆک و جەوهەر و پەیامی هونەر– ڕاستییەکەی ئەمەشە کێشەی ئینسانی هونەر و هونەرمەند– تینوێتی بۆ نەمری، لە ئاست دیاردەی مردندا کە وەک حەتمیەتێکی لە ژیری و مەنتیق بەدەر سێبەری ڕەشی خۆی بەسەر ژیانی مرۆڤدا دەکێشیَ. بەلاَم چۆن بتوانیَ هەر نەبیَ نەمریی بیری باش و هەستی جوان و کرداری چاک بە دەست بێنیَ. هونەر وەلاَمێکە بۆ ئەم پرسیارە– هەر وەک گۆرانی نەمر لە شیوەنی بێکەس دا دەلَیَ:

یەک جوانییە: بای پاییز
گەلاَی زەرد ناکا هەگیز
کە لە گیان و سەرچاوەی دلَ
سەرهەلَدەدا قوولَە قوولَ
وەک ڕۆح سووکی، ڕووخۆشیی
خوێن گەرمیی، خزمەت کۆشیی
دلَی باش، دەروونی پاک
بیری ڕوون، کردەوەی چاک
پێشتری گشت ئەمانە،
بەهرەی هونەری جوانە!

**پێڕست**

1. سەرەتا ئیستاتیکییەکانی ئەزموونی لەدایکبوونی شیعری گۆران
2. شیکردنەوەی نامەکەی گۆران بۆ پیرەمێرد
3. سروشت و جوانیی لە شیعری گۆراندا
4. ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا........................
5. بۆ هیوای کوڕم: ی گۆران
- شیکردنەوە ولێکدانەوە...........................................
6. 5– گۆران– هونەر و هەرێمی پرسیارە بێ وەڵامەکان.......................